ئەمە کوفرە بە نیعمەتی خوای پاك و پایە بەرز !

## ٤ / دید و تێروانینی شێخ مقبل الوادعي

وە (شێخ مقبل الوادعي)یش فەرموویەتی :

(أمَّا **جماعة الإخوان والتبليغ والقطبيين** ، فالأولَى أنْ يُحكَمَ على مناهجهم :

فمناهجهم ليستْ بمناهج أهل السنة والجماعة ... الأفراد خليط لا يُستطاع الحكم عليهم بِحكم عام ، **لكن المناهج ليستْ بمناهج أهل السنة والجماعة**)[٩].

واتە : کۆمەڵی (**الإخوان المسلمين والتبليغ والقطبيين**) چاکتر وایە کە بڕیار و حوکم بدرێت بە سەر بەرنامەکانیاندا ، **جا بەرنامەکانیان بەرنامەی ئەهلی سوننە و جەماعە نییە** .

---

[٩] شريط : (الأسئلة السُّنية لعلامّة الديار اليمنية) نقلاً عن كتاب "حوار هادئ مع إخوانِي" ص : (٣٤ ـ ٣٥) .

وقال عن منهج الإخوان المسلمين : (أمَّا المنهج **فمنهج مبتدَع من تأسيسهِ ومن أول أمرهِ ... فالمنهج من أول أمرهِ منهج مبتدَع ضال** ، أمَّا الأفراد فلا نستطيع أن نجري عليهم حكماً عاماً ...) [تُحفة المجيب : ص : (٩٦)] .

هــەروەها شــێخ (مُقبل الوادعي) فەرموویــەتی : (أمَّا أن يَنظم إلى **التبليــغ أو الإخوان** أو إلى غيرهم **فهذه جماعات مُبتدَعة** لا يَجوزُ أن يَنظم إليها)[١٠].

واتــە : بــەڵام بچــێتە ڕیــزی (تــەبلیغ) یــان (ئیخــوان) یــان جگــە لــە ئــەوان و پەیوەندیان پێوە بکات ئەوا ئەم جەماعاتانە بیدعەن و داهێنراون و دروست نــیـە بچێتە ڕیزیانەوە و پەیوەندیان پێوە بکات .

**هەروەها شێخ** (مُقبل الوادعي) **فەرموویەتی** : (الإخوان المفلسون **عندهم خلل في العقيدة** ...)[١١].

واتە : ئیخوان موفلسین کەموکوڕیان هەیە لە بیروباوەڕدا ...

## ٥ / دید و تێڕوانینی شێخ حماد الأنصاري

وە شێخ (حماد الأنصاري)یش فەرموویەتی :

(كُلُّ مَنْ كان على فكر مُخالِف لأهل السنة فليس منهم ، **فجماعة الإخوان والتبليغ** ليسوا من أهل السنة ، **لأنَّهم على أفكارٍ تُخالفهم**)[١٢].

---

[١٠] غارة الأشرطة : (١ / ٢٢٠ . ٢٢١) .

[١١] قمع المعاند ص : (٤٠٥) .

[١٢] المجموع في ترجمة العلامة المحدث الشيخ حماد بن محمد الأنصاري وسيرته وأقواله ورحلاته : (٢ / ٧٦٢ . ٧٦٣) .

واتە : هەر کەسێك لەسەر بۆچوونێك بێت کەوا پێچەوانەی ئـەهلی سـوننە بێـت ئەوا ئەوانە لە ئەهلی سوننە نـــیـــــن ، جا جەماعەتی (ئیخوان) و (تەبلیغ) لـە ئەهلی سوننە نـــیــــن ، چونکە ئەوان لەسەر بۆچـونانێکن پێچـەوانەی ئـەهلی سوننەیە .

## ٦ / دید و تێروانینی شێخ عبد الـمحسن العبَّاد

وە شـێخ (عبد الـمحسن العبَّاد) سـەبارەت بـە هـەردووە جەماعـەتی (التبليغ والإخوان المسلمين) فەرموویـەتی : (هذه الفِرَق الـمختلفة الـجديدة : أولاً **هـي مُحدثـة** ، ميلادها في القرن الرابع عشر ، **مـا كـانـت موجـودة** ، هي في عالَمَ الأموات **وولـدت في القرن الرابع عشر** ...

تلك الفِرَق أو تلك الـجماعات من الـمعلوم أنَّ عندها صواباً وخطأً ، لكن أخطاؤها كبيرة وعظيمة ، فيحذر منها ويحرص على اتباع الـجماعة الذين هم أهل السنة والـجماعة ، والذين هم على منهج سلف الأمة ...

فإنَّ تلك الـجماعات أو الـجماعتين وُجِدَتا ووُلِدَتا في القرن الرابع عشر على هذا الـمنهج وعلى هذه الطريقة المعروفة التي هي الالتزام بِما كانوا عليه مِمَّا أحدثهُ مَنْ **أحدَثَ تلك الـمناهج وأوجد تلك الـمناهج** ، فالاعتماد ليس على أدلة الكتاب والسنة ، وإنَّما هو على آراء وأفكار ومناهج جديدة مُحدثة يبنون عليها سَيرهم ومنهجهم ، ومِنْ أوضح ما في ذلك أنَّ الوَلاء والبراء عندهم إنَّما يكون لِمن دخلَ معهم ومن كان معهم ...)[١٣].

---

[١٣] من شريط : فتاوى العلماء في الـجماعات وأثرها على بلاد الـحرمين ، الوجه الثاني ، الدقيقة : (٥٢) ، الثانية : (١٤) ، وكتاب : فكر التكفير ص : (٢٧٩ - ٢٨١) .

واتــە : ئـەم گروپـــە جیـاواز و نوێـــیانە (التبليغ والإخوان المسلمين) : ســەرەتا **ئەمانە داهێنراون** ، مێژووی لە دایك بوونیان سەدەی چواردەیە ، ئەمانە بوونیـان نەبوو، **ئەمانە لە جیهانی مردووەکاندا بــوون و لــە ســەدەی چــواردەدا لــە دایــك بوون**...

ئەو گروپانە یان ئەو جەماعاتانە زانراوە کەوا ڕاستیان هەیە و هەڵەشیان هەیـە ، بەڵام هەڵەکانیان گەورەن ، بۆیە دەبێت ئاگادار بێت لێـیان و ســووربێت لەسـەر شــوێنکەوتنی (الجماعة) کـە بـریتین لـە ئـەهلی ســوننە و جەماعـە ، ئەوانـەی کـە لەسەر بەرنامەی سەلەفـی ئوممەتن ، ئەوانەی کە پشت دەبەستن تەنها بەوەی کە لە خوا و لە پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ هاتووە ، نەوەك پشت ببەسترێت بە شتانێك کە لە فلان و فلانەوە هاتوون ، وە نەوەك پشت ببەسترێت بە چەندین ڕێگا و چـەندین بەرنامەی داهێنراو لە سەدەی چواردەی کۆچیدا .

چونکە ئەو جەماعاتانە یان ئـەو دوو جەماعەتـە (التبليغ والإخوان المسلمين) لـە سەدەی چواردەدا پەیدا بوون و لە دایك بوون لەسەر ئـەم برنامەیـە و لەسـەر ئـەم ڕێگا زانراوە کە بریتی‌یە لە پەیوەست بوون بەوەی کە لەسەری دەڕۆن لەوەی کـە داهێنـراوی ئـەو کەســانەیە کــەوا ئــەو بەرنامانــەی داهێنــاوە و ئــەو بەرنامانــەی هێناوەتە بوون ، ئەوان پشت نابەستن بـە بەڵگـەکانی قورئـان و ســوننەت ، بـەڵام پشت دەبەستن بەو ڕاوبۆچوون و بیر و بەرنامە نوێیە داهێنراوانەی کـەوا ڕێـڕەو و پرۆگرامیـانی لەســەر بنیـات دەنـێن ، وە ڕوون تـرین شــت لەمــەدا ئەوەیــە کــەوا

دۆستایەتی و بێبەری بوون لە لای ئەوا تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە لەگەڵ ئەواندا دەچنە نێویانەوە و بۆ ئەوانەیە کە لەگەڵ ئەواندان ...

## ٧ / دید و تێڕوانینی شێخ صالح آل الشيخ

وە شێخ (صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ) خوا بیپارێزێت سەبارەت بە جەماعەتی (الإخوان المسلمين) فەرموویەتی :

(وأمَّا **جَماعة الإخوان المسلمون** : فإنَّ من أبرز مظاهر الدعوة عندهم التكتم والخفاء والتلون ، والتقرب إلى مَنْ يظنون أنَّهُ سينفعهم ، وعدم إظهار حقيقة أمرهم ، يعني : أنَّهم باطنية بنوعٍ من أنواعها ...

ومن مظاهر الجماعة وأصولِها : أنَّهم يغلقون عقول أتباعهم عن سماع القول الذي يُخالف منهجهم ، ولهم في هذا الإغلاق طرق شتَّى متنوعة :

منها : إشغال وقت الشباب جميعه من صُبحهِ إلى ليلهِ حتى لا يسمع قولاً آخر .

ومنها : أنَّهم يُحذِّرون عمَّن ينقدهم ، فإذا رأوا واحداً من الناس يعرف منهجهم وطريقتهم وبدأ في نقدهم وفي تَحذير الشباب من الانخراط في الحزبية البغيضة أخذوا يُحذِّرون منه بطُرقٍ شتَّى : تارةً باتهامهِ ، وتارةً بالكذب عليه ، وتارةً بقذفه في أمور هو منها براء ، ويعلمون أنَّ ذلك كذب ، ويقفون منه على غلط فيشنعون عليه ، ويُضخمون ذلك حتى يَصدوا الناسَ عن اتباع الحق والهُدى ...

أيضاً مِمَّا ميَّزَ الإخوان المسلمين عن غيرهم : **أنَّهم لا يَحترمون السُّنَّةَ ولا يُحبون أهلَها** ، وإنْ كانوا في الجملة لا يُظهرون ذلك ، **ولكنهم في حقيقة الأمر ما يُحبون السنة ولا يدعون لأهلها** ، وقد جرَّبنا ذلك في بعض من كان مُنتمياً لهم أو يُخالط بعضهم ...

ومن مظاهرهم أيضاً : **أنهَّم يرومون الوصول إلى السلطة** ...

أيضاً من مظاهرهم بل مِمَّا يُميِّزهم عن غيرهم : **الغاية عندهم من الدعوة هو الوصول إلى الدولة** ، **هذا أمر ظاهرٌ بَيّن في منهج الإخوان بل في دعوتهم** ، **الغاية من دعوتهم هو الوصول إلى الدولة** ... **الغاية عندهم إقامة الدولة** ، ولهذا يقولون : الكلام في الحاكم يَجمع الناس والكلام في أخطاء الناس ومعاصيهم يُفَرِّق الناس ، فابذلوا ما به تَجتمع عليكم القلوب ، وهذا لا شك أنَّه خطأ تأصيلي ونِيَّة فاسدة ...)[١٤].

واته : جەماعەتی **(الإخوان المسلمون)** : بەڕاستی لە ئاشكراترین دیاردەكانی بانگەواز لە لای ئەوان بریتیىیە لە : شاردنەوە و ژێربەژێری و خۆنواندن هەر جارەو بە ڕەنگێك ، وە دەرنەخستنی حەقیقەتی كاری خۆیان ، واتە : ئەوان (باطنية)ن بە جۆرێك لە جۆرەكانی ...

وە لە دیاردە و بنەماكانی جەماعەتی **(الإخوان)** : بەڕاستی ئەوان مێشكی شوێنكەوتەكانیان دادەخەن لە بیستنی ئەو وتەیەی كەوا پێچەوانەی بەرنامەكەی ئەوانە ، وە لەم مێشك داخستنەیشدا جۆراوجۆرترین ڕێگایان هەیە :

لەوانە : سەرقاڵ كردنی هەموو كاتی گەنجان لە بەیانیەوە تاوەكو شەوی بۆ ئەوەی هیچ وتەیەكی تر نەبیسێت .

وە لەوانە : بەڕاستی ئەوان خەڵكی وریا و ئاگادار دەكەنەوە لەو كەسانەی كە ڕەخنەیان لێدەگرن ، جا ئەگەر كەسێك لە خەڵكیان بینی كە بەرنامە و پرۆگرام و ڕێبازی ئەوانی دەناسیەوە و دەستی كردە ڕەخنە گرتن لێیان ، وە دەستی

---

(١٤) من شريط : فتاوى العلماء في الجماعات وأثرها على بلاد الحرمين ، الوجه الثاني ، الدقيقة : (٥٨) ، الثانية : (٤٠) ، وكتاب : فكر التكفير ص : (٨١ - ٨٤) .

کـردە وریاکردنــەوە و ئاگادارکردنــەوەی گەنجــەکان لــە چــوونە نێــو حزبایــەتی ڕقلێبووەوە ئەوا ئەوان دەست دەکەنە وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوە لـێی بە جۆراوجۆرترین ڕێگا : جارێك بە بوختیـان بـۆ کردنـی ، وە جارێك بـە درۆکردن لەسەری ، وە جارێك بەوەی کە شتانێك دەدەنە پاڵیەوە کە ئەو لێیان بێبەرییە ، وە هەندێك جار هەڵەیەکی لـێدەبینن و بەمە نـاوی دەزڕێنن و ئەوەی لـێگەورە دەکەنەوە بۆ ئەوەی بەربەستی و ڕێگری لە خەڵك بکەن لە شوێنکەوتنی حەق و هیدایەت ...

هەروەها لەو شتانەی کە (الإخوان المسلمین) پێجیادەکرێتەوە لە جگە لە ئـەوان : بەڕاسـتی ئـەوان ڕێـز نـاگـرن لـە سـوننەت و ئـەهلی سوونەشـیان خۆشنـاوێت ، ئەگەر چی بە گشتیش ئەمە دەرنابڕن و ئاشکرای ناکەن ، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەوان سوننەتیان خۆشنـاوێت و دوعایش نـاکەن بـۆ ئـەهلی سوونە ، وە ئێمە ئەمەمان تاقیکردووەتەوە لە هەندێك لـەو کەسانەدا کـە لایـەنگری ئەوانە یان تێکەڵی هەندێك لە ئـەوان دەکـات ... هـەروەها لـە دیاردەکانیـان : بەڕاستی ئەوان دەیانەوێت بگەنە دەسەڵات ...

هەروەها لـە دیاردەکانیـان بـەڵکو لـە جیاکـەرەوەکانیان لـە جگـە لـە ئـەوان : مەبەست و ئامانج لە بانگەواز لە لای ئەوان بریتییە لە گەیشتن بە دەوڵەت ، ئەمـە شتێکی ئاشکرا و ڕوونە لە بەرنامەی ئیـخواندا بەڵکو لە بانگەوازیاندا ، مەبەست و ئامانج لە بانگەوازیان بریتییە لە گەیشتن بە دەوڵەت ... مەبەست و ئامانج بە لای ئەوانـەوە پێکهێنـانی دەوڵەتـە ، لەبـەر ئەمـە دەڵێن : قسـە کـردن سـابەرەت بـە

کاربەدەست خەڵکی کۆدەکاتەوە و قسە کردنیش سابەرەت بە هەڵە و تاوانەکانی خەڵك خەڵکی پەرتەوازە دەکات و دووریان دەخاتەوە ، بۆیە ئەوە باس بکەن و ببەخشن کەوا دڵەکانتان بۆ کۆدەکاتەوە ، وە ئەمەش گومانی تێدا نییە کە هەڵەیکی بنەواییە و نیازێکی بۆگەن و گەندەڵە ...

## ٨ / دید و تێروانینی شێخ زید المدخلي

وە شێخ (زيد المدخلي) خوا بیپارێزێت فەرموویەتی : (بتعدد الجماعات تعددت مناهجها : فلِكُلِّ جماعة منهج له بنود وله ضوابط أُسست من قِبَل مؤسسي هذه الجماعات ، ولنأخذ مثلاً عن الجماعات ما يُسمَّى بجماعة الإخوان ، وما يُسمَّى بجماعة التبليغ ، وما يُسمَّى بحزب التحرير ، وما يُسمَّى بجماعة جبهة الإنقاذ ، وما يُسمَّى حزب الإصلاح ، إلى غير ذلك من الجماعات المتعددة !

فإذا أردنا أن نعرف القول الحق في تعدد الجماعات : هل له أصل في الشرع . مع أنَّه يَلزم من تعدد الجماعات تعدد المناهج . ؟

فنقول : لا وجهَ لهذا التعدد ، لأنَّ النبي ﷺ لَمَّا سُئِلَ عن الطائفة الناجية المنصورة قال : "الجماعة" .

وإذن فنقول : إنَّهُ لا وجهَ لهذا التعدد ، لأنَّه يَلزمُ منهُ تعدد الاتجاهات وتعدد بنود دعوة هذه الجماعات بالإضافة إلى ما نتج عن هذا التعدد من الأضرار التي لا تَخفى على أقل الناس عِلماً ، حيث ترى أنَّ الجماعة التي لها منهج يهتفون تَحت لواء هذا المنهج وينفذون بنوده ، والجماعة الأخرى تَختلف معها ، لأنَّ لهم منهجاً يَخصهم أَسَّسَهُ إمام لهم غير الإمام الذي

أَسَسَّ وقعَّد بنود منهج الجماعة الأخرى فحصلَ من الاختلاف ومن التفرقة ومن سُوء الفهم بسبب هذا التعدد الذي من لازمهِ الاختلاف والفُرقة ولا بُدَّ .

وأمَّا المنهج السلفي والسلفيَّة والسلفيون فلا يدخلون في هذه الأحزاب ، ولا يَجوز أن يُطلَق عليهم بأنَّهم إحدى تلك الجماعات ولا حزبٌ من الأحزاب المذمومة كما سمَّاها المغرضون ، وإنَّما هي منهج وعقيدة وعمل ، والانتساب والاعتزاء فيه إلى السلف الصالح حق ، وهذه الجماعات لها مؤسسون بينما المنهج السلفي والجماعة السلفية ليس لها مؤسس كالجماعات الأخرى ، وإنَّما هي الأخذ بالوحي الذي جاء به النبي ﷺ ، فلا يَجوز أنْ تُقحَم وتُعتَبر إحدى تلك الجماعات ثُمَّ تكون عرضة للأخذ والرد والنقد ، بل السلفية هي التي اجتمع عليها الصحابة الكِرام من المهاجرين والأنصار وتبعهم على ذلك التابعون ، وهكذا كلُّ من تأسَّى بِهم ونَهَجَ نَهْجَم فهو من تلك الجماعة ووارثُ تلك الجماعة ويُطلق عليه سلفي وصاحب عقيدة سلفية وإنْ عاش في هذا العصر .

وأمَّا الجماعات الأخرى فكما أسلفت لها مؤسسون ولها بنود ولَها مَنهج ، **جُلُّ بنودهِ تُخالِفُ منهج السلف الذي يعتمد فيه أهله على الكتاب والسنة** ، لذا ينبغي أنْ نفهم وأنْ نُبينَ للناس بأنَّ هذه الطائفة الناجية المنصورة جماعةٌ واحدة ، وأنَّ الجماعات الوافدة علينا من الخارج بتلك الأسماء والمسميات والمناهج **التي تَختلِف مع منهج السلف علماً وعملاً ودعوةً وجهاداً** لا يَجوز لنا أنْ ندخلَ فيها ولا أنْ ننظم إلى أهلها ولا ندخل في تنظيمها ، فتنظيمها سري **مبني على كثير من الأخطاء التي لا تتعلق بفروع هذا الدِّين** ، **ولكن تتعلق بكثير من أصول هذا الدِّين وفرائض هذا الدِّين وأحكام هذا الدِّين** ، فإنَّ الجماعة واحدة وهي جماعة أهل السنة والجماعة على منهج السلف ﷺ وأرضاهم)[١٥] .

---

(١٥) "العقد المنضد الجديد في الإجابة على مسائل في الفقه والمناهج والتوحيد" ص : (١١٤) وما بعدها ، نقلاً عن : "رسالة إلى منتظم في جماعة الإخوان المسلمين" ص : (٦٦ ـ ٦٧) .

واتە : بە زۆر بوون و فـــرە بـوونی جەماعاتـەکان بەرنامـەکانیش زۆر و فـــرە بوون : جا هەر جەماعەتێك بەرنامەی خۆی هەیە و ئەو بەرنامەیەیش چەندین بەند و چەندین ڕێکخەری هەیە کە داڕێژراون لە لایەن دامەزرێنەری ئەم جەماعاتانـەوە ، با لەم جەماعاتانە نموونەیەك ببەین ئەوەی کە ناونراوە بە (جەماعـەتی ئیخـوان) ، وە ئەوەی کە ناونراوە بە (جەماعەتی تەبلیغ) ، وە ئەوەی کە ناونراوە بـە (حزبـی تەحرير) ، وە ئەوەی کە ناونراوە بە (جەماعەتی جەبهەی ئینقاذ)، وە ئـەوەی کـە ناونراوە بە (حزبی ئیصلاح)، وە جگە لەمانەش لەو جەماعاتە زۆرانە !

جا ئەگەر بمانەوێت وتەی حەق و ڕاست بزانین سەبارەت بە فــرە حزبی : ئایا بنـەوای هەیـە لـە شـەرعدا ـ لەگـەڵ ئـەوەدا کـە فـــرە حزبـی فـــرە بەرنامـەیی دەخوازێت ـ ؟

ئەوا دەڵێین : ئەم فـــرە حزبی و فـــرە بەرنامەییـە هـیچ ڕوویـەکی شـەرعی نیـیە ، چـونکە پێغەمبـەر ﷺ کاتێـك کـە پرسـیاری لـێکرا سـەبارەت بـە کۆمـەڵی ڕزگاربوو و سەرکەوتوو فەرمووی : (**الـجماعة**)ـن ـ واتە : یەك کۆمەڵن ـ .

کەواتە دەڵێین : بەڕاسـتی ئـەم فـرە حزبـی و فـرە بەرنامەییـە هـیچ ڕوویـەکی شـەرعی نـیـیە ، چـونکە ئەمـە فـــرە بۆچـوونی و فـــرە بەنـدی بانگـەوازی ئـەم جەماعاتانە دەخوازێت ئەمە سـەرەڕای ئـەو دەرئەنجامـەی کـە کەوتووەتـەوە لـەم فـرە حزبی و فـرە بەرنامەییەوە لەو زیانانەی کە شاراوە نین لە لای ئەو کەسـانەی کـە کـەمترین زانسـتیان هەیـە ، چـونکە دەبینیـت ئـەو (جەماعەتـەی) کـەوا بەرنامەیەکی هەیە و بانگەشە دەکـەن لـە ژێـر ئالاکەیـەوە و بەنـدەکانی جێبـەجێ

دەکەن جیاوازە لەگەڵ (جەماعەتێکی تردا) ، لەبەر ئەوەی ئەوانیش بەرنامەیەکی تایبەتیان هەیە بە خۆیانەوە کەوا پێشەواکەیان بۆی داناون جگە لەو پێشوایەی کە بەرنامەی ئەو (جەماعەتەکەی تری) بنیات نابوو ، بە هۆی ئەمەوە جیاوازی و پارچەپارچەبوون و هەڵە تێگەیشتنی لێکەوتەوە کە هۆکارەکەی ئەم فرە حزبی و فرە بەرنامەییە بوو کەوا هەر جیاوازی و پارچەپارچەبوون دەخوازێت .

بەڵام بەرنامەی سەلەفی و سەلەفییەت و سەلەفییەکان ئەوا ناچنە نێو ئەم ئەحزابانەوە ، وە جائیزیش نییە پێیان بوترێت ئەمانیش یەکێکن لەو جەماعاتانە و حزبێکن لە ئەحزابە زەمکراوەکان هەروەکو چۆن ناحەزەکان ناویان دەبەن ، بەڵکو سەلەفییەت بریتییە لە بەرنامە و بیروباوەڕ و کردەوە ، وە خۆدانەپاڵ سەلەفی صالح و شانازی کردن پێیەوە حەقە ، وە ئەم جەماعاتانە (ئەحزابە ئیسلامییانە) دامەزرێنەریان هەیە بەڵام بەرنامەی سەلەفییەت و جەماعەتی سەلەفی دامەزرێنەری نییە وەکو جەماعاتاکانی (ئەحزابە ئیسلامیەکانی) تر ، بەڵکو سەلەفییەت بریتییە لە وەرگرتنی ئەو وەحییەی کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی ، بۆیە جائیز نییە بئاخنرێتە نێو ئەمانەوە و بە یەکێك لەو جەماعاتانە دابنرێت ئەنجا ڕووبەڕووی لێوەرگرتن و ڕەتکردنەوە و ڕەخنەلێگرتن بکرێتەوە ، بەڵکو سەلەفییەت بریتییە لەو بەرنامەیەی کەوا صەحابە ڕێزدارەکان لە موهاجرین و ئەنصارییەکان لەسەری کۆبوونەوە و تابعینیش شوێنیان کەوتن لەوەدا ، وە بە هەمان شێوە هەر کەسێك کە چاو بکات لە ئەوان و بەرنامەی ئەوان بگرێتەبەر ئەوا ئەویش لەو (جەماعەتەیە) و میراتگری ئەو (جەماعەتەیە) و پێی

دەوترێت سەلەفی و خاوەنی بیروباوەڕی سەلەفییەتە ئەگەر چی لەم سەردەمەیشدا بژێت .

بەڵام جەماعاتاکانی تر ئەوا ـ وەکو لە پێشەوە وتمان ـ دامەزرێنەریان هەیە و هەر جەماعاتێك چەندین بەند و بەرنامەی تایبەت بە خۆیی هەیە ، زۆربەی بەندەکانیشی پێچەوانەی بەرنامەی سەلەفە کەوا هەڵگرەکانی تێیدا پشت دەبەستن بە قورئان و سوننەت ، لەبەر ئەوە پێویستە تێبگەین و ڕوونی بکەینەوە بۆ خەڵکی کەوا بەڕاستی ئەم کۆمەڵە ڕزگاربووە سەرکەوتووە تەنها یەك کۆمەڵن (**جماعة واحدة**) ، وە بەڕاستی ئەو جەماعاتانەی کە لە دەرەوە هاتوون بۆ نێومان بەو ناو و ناوەڕۆك و بەرنامانەوە کە **پێچەوانەن لەگەڵ بەرنامەی سەلەفدا لە ڕووی عیلم و کردەوە و بانگەواز و جیهادیشەوە** جائیز نییە بۆ ئێمە بچینە نێویانەوە و پەیوەندی بکەین بە کەسەکانیانەوە و جائیزیش نییە بچینە نێو ڕێکخستنەکانیانەوە ، چونکە ڕێکخستنەکانیان نهێنین و **بنیات نراون لەسەر زۆرێك لەو هەڵانەی کە پەیوەندیان نییە بە فەرعەکانی ئەم ئاینەوە ، بەڵکو پەیوەندیان هەیە بە زۆربەی بنەماکانی ئەم ئاینە و پایەکانی ئەم ئاینە و ئەحکامەکانی ئەم ئاینەوە** ، بەڕاستی (**الجماعة**) تەنها یەك کۆمەڵە ئەویش بریتییە لە کۆمەڵی ئەهلی سوننە و جەماعە لەسەر بەرنامەی سەلەف خوا لێیان ڕازی بێت و ڕازیشیان بکات .

**هەروەها** (زيد المدخلي) خوا بیپارێزێت فەرموویەتی :

(.. وأيُّ جماعةٍ تأتي بمنهج له بنود وله أعمال تُخالفُ منهج أهل السنة والجماعة : السلف الصالح فإنَّهُ يجب أنْ يُبيَّن ما فيهِ من خطَر ، وأنْ يُحذَّر الأُمَّة منه وبالدرجة الأُولَى الشَّباب الذين نُحِبّ لهم كلَّ خير ، ونكره أنْ يرتكسوا في أدنَى بدعةٍ من البدع ، لما في البدع من الشَّر الخطير ...

جماعة الإخوان المسلمين مؤسسها معلوم ومشهور للخاص والعام وبالدرجة الأولى طُلاب العلم هو حسن البنا (ت ١٣٦٨ هـ) وقع في أخطاء ، أخطاء تتعلق بمنهج الدعوة ، وأخطاء تتعلق بمنهج الوَلاء والبَراء ، أخطاء تتعلق بأمورٍ متعددة ...

والحاصل أنَّ هذه [أي الإخوان المسلمين] جماعةٌ **جاءتْ بمنهج لمَّا عُرِضَ على منهج الكتاب والسنة وُجِدَ في جُلِّ بنودِهِ ما يُخالِفُ منهج الكتاب والسنة في الدعوة إلى الله وغيرها ، وفي ذلك خطرٌ على عقيدة المسلمين** وبالأخص العوام منهم الشَّباب ...)[١٦].

**واتە : .. وە هەر کۆمەڵێك بەرنامەیەك بێنێت کە چەندین بەند و کردەوەی تێدا بێت پێچەوانەی بەرنامەی ئەهلی سوننە و جەماعە سەلەفی صالّح بێت ئەوا بەڕاستی پێویستە ئەو مەترسییانەی کە تێیدایە ڕوون بکرێتەوە ، وە پێویستە ئوممەتی موسڵمانانیان لێ وریا و ئاگادار بکرێتەوە لە پلەی یەکەمیشدا گەنجان کەوا ئێمە هەموو خێرێکمان بۆیان دەوێت ، وە پێمان ناخۆشە بکەونە نێو کەمترین بیدعەوە لە بیدعەکان ، لەبەر ئەوەی بیدعەکان زیان و خراپەی مەترسیداری تێدایە ...**

(١٦) "العقد المنضد الجديد في الإجابة على مسائل في الفقه والمناهج والتوحيد" ص : (١١٤) وما بعدها ، نقلاً عن : "رسالة إلى منتظم في جماعة الإخوان المسلمين" ص : (٦٦ - ٦٧) .

جەماعەتی (الإخوان المسلمين) کە دامەزرێنەرەکەیان زانراوە و بەناوبانگە لە لای کەسانی تایبەت و گشتیشدا و بە پلە یەکیش بە لای قوتابیانی عیلمەوە کە (حسن البنا)یە لە ساڵی (١٣٦٨ ك وەفاتی کردووە) ئەم کەسە کەوتووەتە نێو چەندین هەڵەوە ، هەڵەی وا هەیە پەیوەندی بە بەرنامە و ڕێبازی بانگەوازە هەیە ، وە هەڵەی وا هەیە پەیوەندی بە بەرنامە و ڕێبازی دۆستایەتی و دوورەپەرێزێتیەوە هەیە ، وە هەڵەی وا هەیە پەیوەندی بە چەندین بواری ترەوە هەیە ...

دەرئەنجام ئەوەیە کە بەڕاستی ئەم جەماعتە (واتە : الإخوان المسلمين) کۆمەڵێکن بەرنامەیەکیان هێناوە ئەگەر ڕووبەڕوو بکرێتەوە بەرامبەر بە قورئان و سوننەت دەبینرێت زۆرینەی بەندەکانی (ئەو بەرنامەیەی ئیخوان) پێچەوانەن بە بەرنامەی قورئان و سوننەت لە بانگەوازکردندا بۆ لای خوا و لە جگە لەمەشدا ، وە **ئەمەش ترسناکی تێدایە بۆ سەر بیروباوەڕی موسڵمان** و بەتایبەت خەڵکانی عەوامی سادە و لە نێویشیاندا گەنجان ...

## ٩ / دید و تێڕوانینی شێخ عبداللّٰه غديان

وە شێخ (عبدالله بن غديان عضو هيئة كبار العلماء) **خوا بیپارێزێت** فەرموویەتی :

(.. إنَّ من الأهداف : **فصلُ الشباب عن العلماء السابقين** ، فـ□لهم عن القرآن ، فـ□لهم عن السنة ، فـ□لهم عن هدي الرسول ﷺ وعن هدي الخلفاء وعن هدي الـ□حابة ﵃ ، **وربط**

**هؤلاء الشباب بأشخاص معينين** ، وفصلهم عن تراث علمائهم السابقين ، فصلهم عنهم وربطهم بِمؤلفات حديثة ...)[17].

واتە : بەڕاستی لە ئامانجەکانی حزبایەتی و حزبیەکان ئەوەیە کە : گەنجان جیابکەنەوە لە زانایانی پێشین ، جیایان بکەنەوە لە قورئان ، جیایان بکەنەوە لە سوننەت ، جیایان بکەنەوە لە ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ و لە ڕێبازی خەلیفەکان و لە ڕێبازی صەحابەکان ﷺ ، ئەنجا پەیوەست کردنی ئەو گەنجانە بە کەسانێکی دیاری کراوەوە ، وە جیایان دەکەنەوە لە کتێب و بەرهەمە بەجێماوەکانی زانایانی پێشینیانەوە ، جیایان دەکەنەوە لەوانە و پەیوەستیان دەکەنەوە بە دانراوە نوێیەکان .

## ١٠ / دید و تێڕوانینی شێخ صالح السحيمي

* **هەروەها** (الشيخ صالح بن سعد السحيمي المدرس بالمسجد النبوي الشريف) لەم بارەیەوە فەرموویەتی :

(إنَّ المتتبع لهذه الجماعات التي ظهرت في العصر وما هي عليه من مَناهِجِ يُمكنه أن يخرج بالنتائج التالية :

واتە : بەڕاستی ئەو کەسەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە بکات سەبارەت بەم جەماعاتانەی کەوا لەم سەردەمەدا دەرکەوتوون وە سەبارەت بە ئەو بەرنامانەش کە لەسەری دەڕۆن ئەوا دەتوانێت ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە دەربهێنێت :

---

[17] رسالة إلى منتظم في جماعة الإخوان المسلمين ص : (٧٩ ـ ٨٠) .

١ . اتفاق هذه الجماعات على إهمال الدعوة إلى العقيدة الصحيحة بدَعوى أنَّ هذا المسلك يُفرِّق الأُمَّة ! وكأنَّ الدعوة إلى العقيدة هي سبب تفَرُّقِ الأُمَّة ! وذلك يُخالِف المنهج الذي جاء بِهِ النبي ﷺ وسار عليه أصحابهُ من بعده وكذلك من تبعهم بإحسان .

**واتە : ڕێککەوتنی ئەم جەماعاتانە لەسەر پشتگوێخستنی بانگەوازکردن بۆ بیروباوەڕی ڕاست (العقيدة الصحيحة) بە بیانووی ئەوەی کەوا ئەم ڕێگایە ئوممەت پەرتەوازە و پارچەپارچە دەکات ! وەکو بڵێی بانگەوازکردن بۆ بیروباوەڕ بریتییە لە هۆی پەرتەوازەبوون و پارچەپارچەکردنی ئوممەت !**

**وە ئەمەش پێچەوانەی ئەو بەرنامەیەیە کەوا پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی و صەحابەکانی لە پاش خۆی لەسەری ڕۆیشتوون و هەروەها ئەوانەش کە شوێنی ئەوان کەوتن بە چاکە .**

٢ . الجهلُ المطبق بأحكام الشرع لَدى هذه الجماعات ، بل يَصِلُ إلى حد الجهل بالبديهيات التي لا يُعذر أحدٌ بِجهلها !

**واتە : نەزانییەکی تەواو بە ئەحکامەکانی شەرع بە لای ئەم جەماعاتانەوە ، بەڵکو دەگاتە ئاستی نەزانی بەو شتە ئاشکرا و بەڵگەنەویستانەی کەوا هیچ کەسێك بە خاوەنی بیانو نازانرێت بەنەزانینیان .**

٣ . إضفاء هَالة من المدح والثَّناء على زُعماء تلك الجماعات حتى ولو كانوا جُهالاً أو ليسوا من الراسخين في العلم .

**واتە : پۆشینی سەرانی ئەو جەماعاتانە بە خەمانەیەك لە پیاهەڵدان و ستایش کردن ئەگەر چی زۆر نەزانیش بن یان ڕۆنەچووبن لە زانستدا .**

٤ ـ إيهام الجاهِل بأنَّهُ عالِمٌ ! ومؤهَلٌ للدعوة إلى الله تعالى مُحتجين بقول النبي ﷺ : ((بَلِّغُوا عَنِّي ولَو آيةً)) [صحيح البخاري رقم : (٣٢٧٤)] ...

واتە : چەواشەکردنی خەڵك بە دەبڕینی نەزان بەوەی کە زانایە و پێگەیشتووە بۆ بانگەواز کردن بۆ لای خوای گەورە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ دەکەنە بەڵگە : "ئەم ئاینە لە منەوە بگەیەنن ئەگەر چی ئایەتیکیش بێت" .

٥ ـ الخَلْطُ بين السُّنَن والبِدَع ، واختفاءُ مَعالِمِ السُّنَن لَدى هذه الجماعات ، **بل وجود هذا التحزُّب والانتماء إلى الجماعات بدعةٌ لا سابقةَ لهُ في الإسلام ...**

واتە : تێکەڵ کردنی نێوان سوننەتەکان بیدعەکان و شاردنەوەی مەشخەڵ و هێمای سوننەتەکان لە لایەن ئەم جەماعاتانەوە ، **بەڵکو هەبوونی ئەم حزبایەتی و لایەنگیرییە بۆ جەماعات بیدعەیەکە لە ئیسلامدا پێشینەی نەبووە .**

٨ ـ إشاعَةُ الأباطيل والأكاذيب ونسبتها إلى عُلماء السلف وإلى الدُّعاة السائرين على المنهج الحق ، بقصد تشويه سُمعتهم والنَّيل من مكانتهم وصرف الشَّباب عنهم ليرتموا في أحضان تلك الجماعات .

واتە : بڵاوکردنەوەی چەندین شتی پڕوپووچ و درۆودەلەسە و ئەمانەش دەدەنەپاڵ زانایانی سەلەف و ئەو بانگەوازکارانەی کە لەسەر بەرنامەی حەق دەڕۆن ، بە مەبەستی لەکەدارکردنی ناوبانگیان و کەمکردنەوەی پلەوپایەیان و دوورخستنەوەی گەنجان لێیان بۆ ئەوەی بکەونە نێو باوەشی ئەو جەماعاتانەوە .

وقد هبَّ علماء الأُمَّة للرد على هذه الجماعات وبيان خُطورة التفرُّق على المسلمين ، فقد ذَمَّهُ الله ﷻ في آياتٍ كثيرةٍ منها :

واتە : وە بەڕاستی زانایانی ئوممەت هەستان دەستیان دایە بەرپەرچدانـەوەی ئەم جەماعاتانـە و ڕوونـکردنـەوەی مەترسـی پارچەپارچـە بـوون و پەرتەوازەیـی لەسەر موسڵمانـان ، کە بەڕاستی خوای پاك و گـەورە لـە چەندیـن ئایـەتـی زۆردا زەم و سەرزەنشتـی کـردووە لەوانە :

قوله تعالى : ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ ١٥٩﴾ [الأنعام] .

واتە : ئەو کەسانەی کە دینەکەیان پارچە پارچە کردووە و پەرتەواز بـوون بـۆ چەندین حزبەوە تۆ لە هیچ شتێکدا لە ئەوان نیت ئەی پێغەمبەر (ﷺ) .

وقـال تعالـى : ﴿وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُواْ وَٱخۡتَلَفُواْ مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡبَيِّنَٰتُۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٞ ١٠٥﴾ [آل عمران] (...)[١٨].

واتە : ئەی موسڵمانان ئێوە وەکو ئەو کەسانە [جوولەکە و گاورەکان] مـەبن کە پارچە پارچە بوون و جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە لە پـاش ئـەوەی کـە بەڵگـەی ڕوون و ئاشکرایان بۆ هات لە سەر حەرامێتی ئەم شتە ، وە ئەو کەسانە سـزایەکی زۆر گەورەیان بۆ هەیە .

---

[١٨] من كتاب "النصر العزيز على الرد الوجيز" للشيخ ربيع بن هادي المدخلي ص : (٤٦ ـ ٤٨) ، نقلاً عن كتاب : "الفَتاوى المهمة في تبصير الأُمَّة" جمع وتعليق جمال بن فريحان الحارثي ص : (١٨٥ ـ ١٨٧) .

## ١١ / دید و تێڕوانینی شێخ أحمد النجمي

وە شێخ (أحمد النجمي) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی :

(وفي زمننا ابتلينا بهذه الجماعات الحزبية : **الإخوان** ، **التبليغ التي تتبنَّى العقائد المُخالِفة لمنهج السلف**)[١٩].

واتە : وە لەم سەردەمەشماندا تووشی گرفت و تاقیکردنەوە بووین بەم جەماعاتە حزبییانە : (ئیخوان و تەبلیغ) کەوا **بەرنامەی خۆیان بنیات ناوە لەسەر بیروباوەڕە پێچەوانەکان بۆ بەرنامەی سەلەف** .

**هەروەها** شێخ (أحمد النجمي) **سەبارەت بە ئامانجی** (الإخوان المسلمين) **فەرموویەتی :**

(والمقصود منه عند **الإخوانيين** : أنْ يكثُرَ عددهم عند التصويت في البرلمانات التي يبنون عليها الأقدمية أي : على كثرة الأصوات .. فهم يقصدون هذا ، وإنَّا للهِ وإنَّا إليه راجعون)[٢٠].

**واتە : مەبەست بە لای ئیخوانییەکانەوەیە ئەوەیە : کەوا ژمارەیان زۆر بێت لە کاتی دەنگداندا بۆ پەرلەمان ئەو دەنگە زۆرانەی کە پێشخراوە بەسەر شتەکانی تردا .. ئەوان مەبەستیان ئەمەیە** ، وإنَّا للهِ وإنَّا إليه راجعون .

* **هەروەها شێخ** (أحمد النجمي) **فەرموویەتی** : **(مَساوئ الحزبية** :

---

[١٩] الرد المُحَبَّر على افتراءات وتلبيسات صاحب المجهر للشيخ النجمي ص : (١٩٨) .

[٢٠]

لقد استعرضنا بعض الآيات والأحاديث التي نَهى الله فيها ورسوله (ﷺ) عن الاختلاف والتفرق والتحزب وذم أهل هذه الصفات ، وبارك الله في الشيخ (بكر أبي زيد) فلقد كتب عن مَضار الحزبية وعيوبِها وسلبياتِها ما يزيد على أربعين مَضرَّة ، منها :

واتە : **خراپەکانی حزبایەتـــی :**

**بەڕاستی هەندێك لەو ئایەت و فەرموودانەمان هێنایە پێش چاو کە تێیاندا خـوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) جیاوازی و پارچەپارچەبوون و حزبایەتی قەدەغە دەکەن و سەرزەنشتی خاوەنی ئەم سیفەتانە دەکەن ، وە خـوا بەرەکـەتی بڕێـژێت بەسـەر (شـێخ** بكر أبي زيد**)دا کـەوا سـەبارەت بـە زەرەر و زیـان و نـەنگی و کـەموکوڕی و خراپەکانی حزبایەتی زیاتر لە (٤٠) چـل زەرەر و زیانی نووسیوە ، لەوانە :**

أولاً : **أنَّ الحزبية بدعة منكرة** لما سبرناه من النهي عنها في القرآن الكريم والسنة المطهرة وكلام السلف رضوان الله عليهم .

**یەکـەم : بەڕاسـتی حزبایـەتی بیدعەیـەکی خراپــە لـە میانـەی ئـەوەی کـە بـە تیاقووڵبوونەوە و لـێووردبوونەوە بۆمـان دەرکـەوتووە لـەو قەدەغـە کردنـەی کـە قورئـانی پـیرۆز و سـوننەتی پـاككراوە و وتــەی سـەلەف ڕەزای خوایـان لێبێـت گرتوویانەتەوە .**

ثانياً : ذمَّ الله عز وجل الحزبية والتحزب وذمَّها رسوله (ﷺ) وذمَّها سلف الأمَّة الذين عرفوا الإسلام معرفة حقيقية لأنَّها خروج على وحدة الأمة الإسلامية .

**دووەم : خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) زەم و سەرزەنشـتی حزبایـەتی و لایەنگیریان بۆ حزب کردووە ، هەروەها سەلەفـی ئوممەتیش ئەوانەی کە بەڕاسـتی**

**ئیسلامیان ناسیوە زەم و سەرزەنشتی حزبایەتی و لایەنگیریان بۆ حزب کردووە چونکە دەرچوونە لە یەك ڕیزی ئوممەتی موسڵمانان .**

ثالثاً : أنَّ المنتمين إلى الحزبيات والأحزاب يَجعلون حزبَهم هو مِحور الوَلاء والبَراء ، والحُب والعَداء ، وذلك مشاقة لله ورسوله ومُحادة لله ورسوله .

**سێیەم : بەڕاستی ئەوانەی کە لایەنگیری دەکەن بۆ حزبایەتی و ئەحزاب حزبەکەیان دەکەنە تەوەری دۆستایەتی و لێبەریبوون و خۆشەویستی و دژایەتی ، ئەمەش سەرپێچی و لادانە لە فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی و دوورکەوتنەوەیە لە فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی .**

رابعاً : يَلزم من الحزبية اتخاذ المبتدعين أئمة يُحتذى قولهم ويُقتدى بأفعالهم ، ويُتَّخَذون قدوة وأسوة ، ويكون قولهم وتقييدهم وتنظيرهم مُسَلَّماً وإنْ خالفَ الحق ، وتلك هي قاصمة الظَّهر ، والله المستعان .

**چوارەم : حزبایەتی ئەوە پێویست دەکات کەوا بیدعەچییەکان بکرێن بە پێشەوا و خەڵك شوێنی قسەکانیان بکەویت و چاو لە کردەوەکانیان بکەن ، وە ئەوانە بکرێنە سەرمەشق و چاولێکراو ، وە دەبێت قسە و پابەندکردن و ئاراستەکردنیان ملکەچی بۆ بکرێت ئەگەر چی پێچەوانەی حەقیش بێت ، وە ئەوەش پشت شکێنەرە ، خوا یارمەتی دەر بێت .**

خامساً : أنَّ الحزبية تقوم على التسليم بآراء الجماعة ، وتوزيعها ونشرها وجعلها قطعية الثبوت غير قابلة للنقد ولا النقاش ، فالمؤسسون لها أجلُّ من أنْ يُنتقَدوا وأكبر من

أنْ يُخطئوا في نظر أتباعهم ، فيتخذونَهم بذلك أرباباً ومشرعين ، وينطبق عليهم قول الله تعالى : ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴿٣١﴾ ﴾ [التوبة] .

پێنجەم : بەڕاستی حزبایەتی ڕاوەستاوە لەسەر مەلکەچی بۆ ڕاوبۆچوونی ئەو کۆمەڵە ، وە دابەشکراو و بڵاوکراوەکانی سەلماندنیان یەکلاییە و جێی ڕەخنەلێگرتن و تاوتوێکردن نێن ، وە دامەزرێنەرانی حزبایەتی لەوە گەورەترن کەوا ڕەخنەیان لێبگرێت و لەوەش گەورەترن کەوا هەڵە بکەن لە دیدی شوێنکەوتەکانیان ، بۆیە بەوە دەیانکەن بە دانەری شەرع ، ئەم فەرمایشتەی خوای گەورەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت : ﴿ئەوانە زانا و خواپەرستکارانی خۆیانیان کردووە بە دانەری شەرع بۆ خۆیان﴾ .

سادساً : إذا كانت الحزبية سبباً للفرقة والفُرقةُ أول مِعوَل يُضرب في وجه الأُمَّة وتَماسكها ، فإنَّ تعدد الأحزاب سبب في تعدد مناهجها الفكرية ، وتعدد المناهج الفكرية سبب في اضطراب الأحزاب ، والاضطراب سبب في الهزائم التي تَحِلُّ بالمسلمين ، وهل يمكن لأُمةٍ منقسمة على نفسها أنْ تَصمُدَ أمام العدو ؟

شەشەم : ئەگەر حزبایەتی هۆکارێك بێت بۆ پەرتەوازەیی و پارچەپارچەبوون و پەرتەوازەیی و پارچەپارچەبوونیش یەکەم تەور و پاچ بێت پێی بدرێت بە ڕووی ئوممەت و یەکگرتنیدا ، ئەوا فرە حزبی (تعدد الأحزاب) هۆکارە بۆ فرە بوونی بەرنامە فیکریەکانیان ، وە فرە بوونی بەرنامە فیکریەکانیش (تعدد المناهج الفكرية) هۆکارە بۆ تێکچوون و ڕێکنەکەوتن و شڵۆقی و پاشاگەردانی ئەحزابەکان ، وە تێکچوون و ڕێکنەکەوتن و شڵۆقی و پاشاگەردانی ئەحزابەکانیش هۆکارە بۆ ئەو

**شکستانەی کە دێن بەسەر موسڵماناندا ، ئایا لە توانای ئوممەتێکی پارچەپارچە لە نێو خۆیدا هەیە کە خۆیڕابگرێت لەبەرامبەر دووژمندا ؟**

سابعاً : ومن مَضار الحزبية أنَّ أداء الشعائر المحمدية المأمور بها شرعاً يتحول الأداء فيها من واجب تعبدي إلى واجب حزبي ! فيخدش الإخلاص إنْ لَم يهدمهُ .

**حەوتەم : وە لە زەرەر و زیانەکانی تری حزبایەتی ئەوەیە کەوا بەجێهێنانی دروشمەکانی ئاینی (محمَّد ﷺ) کە لە شەرعدا فەرمانیان پێکراوە بەجێهێنانیان لە ئەرکێکی پەرستشیەوە دەگۆڕێت بۆ ئەرکێکی حزبی ! بەمەش نییەت پاکی بۆ خوا دەڕوشێت و لەکەدار دەبێت ئەگەر هەڵینەوەشێنێتەوە .**

ثامناً : أنَّهُ إذا أمر قائد الحزب بالحرص على أي عملٍ مُستحب وأكد عليه بالغ التابعون حتى يُحولوه إلى واجب ، فيـ[illegible]ـير المستحب واجباً عند المتحزبين ، وبذلك يكونون قد جعلوا له حُكماً غير الحكم الشرعي الذي وضعه الله ورسوله .

**هەشتەم : بەڕاستی ئەگەر سەرکردەی حزب فەرمانی کرد بە سووربوون لەسەر هەر کردەوەیەکی سوننەت و جەختی لەسەر کردەوە ئەوا شوێنکەوتەکانی زیادەڕۆی تێدا دەکەن تاوەکو دەیبەنە ئاسی واجب بوونەوە ، سوننەتیش بەمە دەبێت بە واجب بە لای حزبیەکانەوە ، بەمەش حزبیەکان حوکمێکی بۆ دادەنێن جگە لەو حوکمە شەرعیەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی دایاناوە .**

تاسعاً : ومن مَساوئ الحزبية الانقسام ، فربَّما انقسم الحزب إلى حزبين أو أحزاباً .

**نۆیەم : وە لە خراپەکانی حزبایەتی ئینشیقاق و دابەشبوونە ، زۆربەی جار حزب ئینشیقاقی تێدەکەوێت و پارچەپارچە و دابەش دەبێت بۆ دوو**

حزب یان بۆ چەندین حزب[٢١].

---

[٢١] باشترین بەڵگە لەسەر ئەمە بریتی‌یە لەوەی کە بەسەر حزبی (الإخوان المسلمون)دا هات لە کوردستاندا :

لە ساڵی (١٩٨٧)دا هەندێك لە سەرکردەکانی ئیخوانەکانی کوردستان خۆیان جیاکردەوە و حزبێکی تری ئیسلامیان دامەزراند و ڕاگەیاند بە ناوی (بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا / الحركة الإسلامية في كردستان العراق) .

پاشان ووردەووردە (باڵی مەلا صدیق)یش لە نێو جەماعەتی (الإخوان المسلمين) پەیدا بوو کە بە نازناوی (خەتی دوو) ناسراو بوون ، دوا بە دوای ئەوە ئەندامەکانی (خەتی دوو : باڵەکەی مەلا صدیق) بە ڕابەرایەتی (مەلا صدیق)ی برای (مەلا عوسمان)ی (ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی) ئینشیقاقیان کرد لە جەماعەتی (الإخوان المسلمين) و حزبی ئیسلامی سێیەمیان دامەزراند و ڕاگەیاند لە مێژووی (٢٢ / ١١ / ١٩٩٢) لە ژێر ناوی (بزوتنەوەی ڕاپەرینی ئیسلامی / حركة النهضة الإسلامية) .

ئەنجا لە پاش ئەو شکستەی کە لە مانگی دوانزەی ساڵی (١٩٩٣)دا بەسەر (بزوتنەوەی ئیسلامیدا) هات (ئیخوانە کۆنەکانی) کوردستان لە مێژووی (٦ / ٢ / ١٩٩٤)دا خۆیان ڕاگەیاند وەکو حزبێکی ئیسلامی سیاسی لە ژێر ناوی (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان / الاتحاد الإسلامي الكردستاني) .

پاشان لە کۆتایی نەوەدەکاندا هەردوو حزبی (بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا / الحركة الإسلامية في كردستان العراق) و (بزوتنەوەی ڕاپەرینی ئیسلامی / حركة النهضة الإسلامية) یەکیان گرتەوە لە مێژووی (٢٠ / ٨ / ١٩٩٩) حزبێکی نوێیان ڕاگەیاند لە ژێر ناوی (بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا / حركة الوحدة الإسلامية في كردستان العراق) .

بەڵام ئەم یەکبوونەی نێوان هەردوو حزبی (حەرەکە / بزوتنەوەی ئیسلامی) و (نەهزە / ڕاپەرینی ئیسلامی) درێژەی نەکێشا و زۆری نەخایاند ، ئەوەبوو (باڵاکەی عەلی باپیر)ی نێو (حەرەکە) لەگەڵ (نەهزە)کاندا ئینشیقاقیان کرد لە (بزوتنەوەی یەکبوون) و دووبارە بە ئەمیرایەتی (عەلی باپیر) لە بەرواری (٣٠ / ٥ / ٢٠٠١)دا حزبی ئیسلامی سێیەمیان دامەزراند و ڕاگەیاند لە ژێر ناوی (کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا / الجماعة الإسلامية في كردستان العراق) .

ثُمَّ أردف الشيخ (بكر أبو زيد) بباب فيه بيان ما انتقد على الإخوان المسلمين فمِمَّا قاله فيهم :

**واتە : ئەنجا شێخ** (بكر أبو زيد) **بە دوای ئەوەدا بەشێکی تری داناوە ئەو تێبینیانەی تێدا ڕوون کردووەتەوە کە بەڕەخنەگیراوان لە** (الإخوان المسلمين) **، جا لەوانەی کە فەرموویەتی سەبارەت بەوان :**

أول الملاحظات : التهاون في توحيد العبادة وعدم جعله أساساً وقاعدة ينطلقون منها …

**تێبینی یەکەم : کەمتەرخەمی لە یەکخواپەرستیدا و نەکردنی بە بنچینە و بنەوایەك بۆ ئەوەی لێیەوە دەست بەکارەکانیان بکەن …**

الملاحظة العاشرة : ضَعف الوَلاء والبراء في المنهج الإخواني .

**تێبینی دەیەم : لاوازی دۆستایەتی و لێبەریبوون لە بەرنامەی ئیخواندا .**

الحادية عشرة : عداؤهم للموحدين السلفيين ، وتعاطفهم مع المبتدعين والمشركين ، ومن أعظم الأدلة على ذلك قتالهم لجماعة الشيخ جميل الرحمن الأفغاني …

**یانزەیەم : دژایەتی کردنیان بۆ یەکخواپەرستە سەلەفییەکان ، وە سۆز و دۆستایەتی نواندن لەگەڵ بیدعەچی و موشریکەکاندا ، وە گەورەترین بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو کوشتارەیان بوو لەگەڵ کۆمەڵە سەلەفییەکەی شێخ** (جميل الرحمن)**ی ئەفغانیدا …**

الرابعة عشرة : أنَّهم يتصيدون عثرات الوُلاة من أجل الإثارة عليهم ، متآسين في ذلك بالخوارج الذين ثاروا على عثمان رضي الله عنه …

**چواردەیەم : ئیخوانیەکان پێخلیسکان و کەموکوڕی کاربەدەستان ڕاودەکەن و دەیانکەنە جێی ڕەخنەلێگرتنیان لە پێناو وروژاندنی خەڵك و شۆڕش کردن**

بەسەریاندا ، لەمەشدا شوێنپێی ئەو خەوارجانە دەکەون کەوا شۆڕشیان کردە سەر (عثمان رضي الله عنه) ...

الخامسة عشرة : البيعة في المنهج الإخواني ، وأركانها العشرة ...

**پانزەیەم** : بەیعەت وەرگرتن لە بەرنامەی ئیخواندا و دە پایەکەی ...

السابعة عشرة : استعمالهم للإمارة في الحضر وإكثارهم منها مع أنَّ الإمارة لَمْ تَرِدْ في الشرع إلاَّ في السَّفَر ، أمَّا في الحضر فالأمير العام كافي ولا يَجوز أن نتخذَ أميراً آخر ...

**حەڤدەیەم** : بەکارهێنانی فەرمانداریتی (ئەمیرایەتی) لە لایەن ئیخوانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونیشدا (في الحضر) و بە زۆریش لە کاتێکدا کە (ئەمیرایەتی) لە شەرعدا نەهاتووە ئیللا لە کاتی سەفەردا نەبێت ، بەڵام لە شوێنی نیشتەجێبووندا ئەوا فەرمانداری (ئەمیری) گشتی بەسە و دروست نی یە (ئەمیرێکی) تر دابنێین ...

التاسعة عشرة : الإكثار من الأناشيد ليل نَهار ...

**نۆزدەیەم** : زۆر بایەخدان و بەخشکردنی سروود بە شەو و ڕۆژ ...

العشرون : الإكثار من التمثيليات التي تتبنَّى على الكذب والتصنع وتقمص الشخصية زوراً وبُهتاناً وظلماً وعدواناً ...

**بیستەم** : زۆر بایەخدان و پەخشکردنی ئەو نواندن و درامایانەی[٢٢] کەوا بنیاتنراون لەسەر درۆ و خۆپیشاندان لە شێوازی تر و گۆڕینی کەسایەتی بە تەزویر و بوختان و ستەم و دەستدرێژی کردن ...

الثانية والعشرون : مُغا□تهم في شخص حسن البنا ...

[٢٢] دەڵێم : پیشاندان و پەخشکردنی زنجیرە فیلم و دراماکانی (أصحاب الكهف) و (ناتاشا) و (پێغەمبەر یوسف عليه السلام) ... هتد لەسەر شاشەکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو باشترین نموونەی ئەم خاڵەن !

**بیست و دوویـەم** : زیـادەڕەوی کردنـیـان لـە کەسایـەتـی (حسن البنا)دا ...
الرابعة والعشرون : تدبير الاغتيالات ، انظر كتاب (النقط على الحروف : الإخوان المسلمون والاغتيالات) لمؤلفهِ أحمد عادل أحد أعضاء الإخوان ، انظر ص : (٢٧٧) .

**بیست و چوارەم** : سازدانی تیرۆر کردن و دزەکوژی ، بڕوانە ئەو کتێبەی سەروە .

الخامسة والعشرون : أنَّهم يزهدون في علماء السنة وينبذونهم بالألقاب ، فيصفون بعضهم بأنَّهُ عميل ، والبعض الآخر بأنَّهُ مُداهِن ، وتارةً يقولون عنهم : علماء الورق وعلماء الحَيض والنِّفاس ، وأنَّهم يَجهلون الواقع .. و .. و ..) .

**بیست و پێنجەم** : ئیخوانیەکان گوێنادەن و کەمتەرخەمی دەنوێنن دەرحەق بە زانایانی ئەهلی سوننە و ناووناتۆرەیان پێوە دەنێن ، بۆیە وەسفی هەندێك لە زانایان دەکەن بەوەی کەوا بە کرێگیراوە ، وە هەندێکی تریان بەوەی کەوا چەورە و ماستاو چییە ، وە هەندێك جار لەبارەیانەوە دەڵێن : زانایانی کاغەز و زانایانی بێنوێژی و زەیسانی ، وە زانایان جاهیل و بێئاگان لە واقع .. و .. و .. )[٢٣].

[٢٣] "حكم الإنتماء إلى الفِرَق والأحزاب والجماعات الإسلامية" للشيخ بكر أبو زيد ص : () ، و"المورد العذب الزلال فيما انتقِدَ على بعض المناهج الدعوية من العقائد والأعمال" للشيخ أحمد النجمي ص : (١٢٢ - ٢١٢) .

**سوودێك** : خوێنەری بەڕێز ئەوەش بزانە کەوا شێخ (صالح الفوزان) ئەم کتێبەی شێخ (أحمد النجمي) خوێندووەتەوە کەوا ئەم خاڵانەی سەرەوەی لێوە وەرگیراوە، وە ئەم پێشەکیەشی بۆ نوسیووە وەك لە لاپەڕە (١١)ی کتێبەکەدا هاتووە ، فەرموون ئێوە و (تقريظ)ەکەی شێخ (صالح الفوزان) :

## تقريظ فضيلة الشيخ صالح بن فوزان الفوزان

## عضو هيئة كبار العلماء وعضو اللجنة الدائمة للافتاء

بسم الله الرحمن الرحيم

فضيلة الشيخ والأخ الكريم أحمد بن يحيي النجمي حفظه الله ووفقه آمين.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

وبعد: .

قرأت مؤلفكم القيّم: (**المورد العذب الزلال فيما انتقد على بعض المناهج الدعوية من العقائد والأعمال**) فوجدته كتاباً قيماً مفيداً في موضوعه، تمس الحاجة إليه **في هذا الزمان الذي كثرت فيه الـحزبيات والجماعات التي تتسمى** . مع الأسف . باسم الدعوة إلى الإسلام، **ومعلوم أنه ليس في الإسلام إلا جماعة واحدة ، ومنهج واحد ، هي جماعة أهل السنة ، ومـنهج واحـد هو منهج الرسول ﷺ وأصحابه** ، كما وصفهم ﷺ لما ذكر الجماعات والفرق المخالفة بقوله: (هم من كان على مثل ما أنا عليه اليوم وأصحابي) ، فليس لنا إلا جماعة واحدة هي جماعة أهل السنة ، ومنهج واحد هو منهج الرسول ﷺ ، وإمام واحد هو رسول الله ﷺ ، **لا نعترف بغير ذلك من الجماعات والـمناهج والقادة**.

وكتابكم . حفظكم الله . وافٍ في بيان الحق ورد الباطل في هذا الموضوع، فجزاكم الله خيراً على ما قمتم به وتقومون به من بيان الحق ورد الباطل.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه.

أخوكم في الله

وە هەروەها شێخ (أحمد النجمي) لە کتێبی (الرد المحبر)دا لە لاپەڕە (١٧٩ - ١٩٩)دا لە ژێر ئەم ناونیشانەدا :

**(الإخوان المسلمون في الجزيرة العربية والخليج**

**ئیخوان موسلمین لە نێو دوورگەی عەرەبی و کەنداودا**[١]

**فەرموویەتی :**

---

صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان

١٤١٤/١١/٢٧هـ

[١] دخل الإخوان إلى المنطقة من زمن قديم وإليك الدليل :

**واتە : ئیخوان لە سەردەمێکی کۆنەوە هاتوونەتە نێو ئەم ناوچەیەوە ، ئەوەش بەڵگەیە :**

قال علي العشماوي - آخر قادة التنظيم السري وأحد المقربين من سيد قطب - في كتابهِ "التاريخ السري لجماعة الإخوان المسلمين" ص : (٦٢) : (إنَّ الإخوانَ في السعودية قد اختاروا الشيخ مناع قطان مسئولاً عنهم ، والإخوان في إمارات الخليج اختاروا الأخ سعدالدين إبراهيم ...

**واتە : (علي العشماوي) - کە دواین سەرکردەی ڕێکخستنی نهێنی ئیخوان و یەکێك لە کەسە نزیکەکانی سەید قوتب بووە - لە نێو کتێبەکەیدا "مێژووی نهێنی کۆمەڵی ئیخوان موسلمین"دا دەڵێت : بەڕاستی ئیخوان لە نێو سعودیدا (شـيخ مناع قطان)یان هەڵبژارد بۆ سەرکردە و بەرپرسی خۆیان ، وە ئیخوان لە نێو میرنیشینەکانی کەنداودا برامان (سعدالدين إبراهيم)یان هەڵبژارد ...**

والشيخ مناع قطان هو أحد إخوان المنوفية ، وقد هاجر ، وقيل : إنه أول مصري يجرؤ على تجنيد سعوديين في دعوة الإخوان في مصر للشباب السعودي ، ولذلك فرض نفسه مسئولاً عن الإخوان بالسعودية) .

**واتە : (شيخ مناع قطان) یەکێکە لە ئیخوانەکانی شاری مەنوفیە ، وە کۆچی کردووە (واتە : لە مصرەوە بۆ سعودیۆ) ، وە وتراوە : ئەو یەکەم مصری بووە بوێرێت گەنجە سعودیەکان کۆبکاتەوە بۆ نێو بانگەوازی ئیخوان لە مصردا ، هەر لەبەر ئەوەش بوو خۆی سەپاند بە بەرپرسیاری ئیخوان لە سعودیدا .**

وقال في ص : (١٠٣ ـ ١٠٤) أيضاً وهو يتحدث عن خطاب سري بعثه إخوان السعودية : (أخذتُ الخطابَ وذهبتُ للأستاذ سيد قطب ، وطلبت مقابلته دون موعد سابق ، وقابلني وقرأ الخطاب ، وأبدى إعجابه الشديد بالإخوان في السعودية ، وقال : إنَّ هذا دليل على أنَّهم مُنَظَّمون جداً ، وأنَّهم على كفاءة عالية من العمل) .

**هەروەها ـ لە باسی پەیامێکی نهێنیدا کە ئیخوانەکانی سعودیە ناردوویانە ـ دەڵێت : پەیامەکەم برد و ڕۆیشتم بۆ لای مامۆستا سەید قوتب ، وە داوای چاوپێکەوتنم لەگەڵیدا کرد بێ دیاری کردنی کات و شوێنی لە پێش وەخت ، وە چاوپێکەوتنی لەگەڵمدا سازدا و پەیامەکەی خوێندەوە ، وە سەرسامبوونێکی زۆری دەربڕی بە ئیخوان لە نێو سعودیەدا ، وە وتی : بەڕاستی ئەمە بەڵگەیە لەسەر**

**ئەوەی کەوا ئیخوانەکانی سعودیە زۆر ڕێکخراون ، وە ئەوان لە کاریاندا زۆر لێهاتوون .**

وقال في ص : (١٠٤) : (وفي هذه الفترة قد صدر قرارٌ من الأخ مناع قطان المسئول عن الإخوان في السعودية بفصل الأستاذ سعيد رمضان من الجماعة) .

**واتە : لەم ماوەیەدا لە (برا مناع قطان)ی بەرپرسی ئیخوان لە سعودیەوە بڕیارێك دەرچوو بە دەرکردنی مامۆستا (سعيد رمضان) لە جەماعەتی ئیخوان .**

وقال في ص : (١٠٩) : (ولَمَّا سألناهُ ـ يعني : سيد قطب ـ عن الأستاذ مُحَمَّد قطب ؟ قال : اتركوا مُحَمَّداً فإنَّ له مهمةٌ أخرى !) .

**واتە : وە کاتێك پرسیارمان کرد ـ لە سەید قوتب ـ سەبارەت بە (مُحَمَّد قطب) ؟ وتی : وازبێنن لە (مُحَمَّد) چونکە ئەو کارێکی تری خراوەتە ئەستۆ ! ﴿دەڵێم : کارەکەی بریتی بوو لە : حزبایەتی کردن و کۆکردنەوەی خەڵك و هێنانیان بۆ نێو حزبی ئیخوان و بڵاوکردنەوەی تەکفیر و .. و ..﴾ !!!**

وقد قَدِمَ مُحَمَّد قطب إلى السعودية من زمن بعيد واستقرَّ بها ! لأنَّ له مهمةٌ أخرى كما يقول أخوه سيد !

**واتە : وە (مُحَمَّد قطب) لە سەردەمێکی دوورەوە هاتووەتە نێو سعودیە و تێیدا نیشتەجێبووە ! چونکە ئەو کارێکی تری خراوەتە ئەستۆ وەکو سەیدی برای دەڵێت !**

وقال علي العشماوي في كتابه السابق : (١٠٣) : (وفي هذه الأثناء جاءني مندوب من السعودية سوداني الجنسية اسمه "تاج السر محجوب" يحمل رسالةً من الإخوان هناك ، وكانت هذه الرسالة بناءً على ما اتفقنا عليه حيث كنتُ أؤدي فريضة الحج ، فقد أخبروني أنَّهم بصدد جمع السلاح الذي طلبناهُ !) .

**واتە : وە (علي العشماوي) لە نێو کتێبەکەی پێشوییدا دەڵێت : وە لەم کاتەدا نوێنەرێك لە سعودیەوە هات بۆ لام کە لە ڕەگەزدا سودانی بوو ناوی (تاج السر محجوب) بوو نامەیەکی لە ئیخوانەکانی ئەوێوە هەڵگرتبوو ، وە ئەم نامەیە بە پێی ئەو ڕێککەوتنە بوو کە لەسەری پێکهاتبووین لە کاتێکدا کە فەرزی حەجم**

بەجێدەهێنا ، هەواڵیان پێدابووم کە **ئێخوانەکانی سعودێ لە کۆکردنەوەی ئەو چەکانەدان کە داوامانکردبوو لێیان !**

وقال أيضاً في ص : (٥٢) : (وقد حملتني الحاجَّة . زينب الغزالي . رسالة شخصية بهذا المعنى . الاتصال المستمر بقيادة الإخوان في مصر . إلى الأستاذ سعيد رمضان إن وجدته بالمملكة . ، ورسالة أخرى إلى الشيخ عبدالرحمن أبو الخير ، وقالت لي : إنَّهُ سكرتير الملك سعود ، وأعطتني رقم تليفونهِ الخاص) .

**هەروەها دەڵێت : وە حاجی زەینەب نامەیەکی شەخسی پێدام بەم مانایە - واتە هەبوونی پەیوەندی بەردەوام بە ئیخوان لە میصرەوە - بۆ مامۆستا** (سعيد رمضان) **ئەگەر بینیم لە پاشانیشینی سعودێ ، وە نامەیەکی تریش بۆ شێخ** (عبدالرحمن أبو الخير) **، وە پێی وتم : ئەمە سکرتێری مەلیك سعودە ، وە ژمارە تایبەتەکەشی پێدام .**

**دەڵێم : ئەم زانیاریە نهێنیانە چەند تێبینیەکی تێدایە :** =

**١ / ئەحزابی ئیسلامی سەرەتا کارەکانیان بە نهێنی ئەنجام دەدەن ئەگەر چی لە نێو کۆمەڵگای موسڵمانانیشدا بێت و لە نێو وڵاتێکی ئیسلامیشدا بێت وەك وڵاتی سعودێ !**

(عمر بن عبد العزيز رحمه الله) **فەرموویەتی :** (إذا رأيتَ قوماً يتناجَوْنَ في دينهم بشيءٍ دونَ العامَّة فاعْلَمْ أنَّهُم على تأسيسِ ضلالة) [رواه الإمام أحمد في "الزهد" ص : (٤٠٨)] .

**واتە : ئەگەر خەڵکانێکت بینی چپەچپیان دەکرد بە شتێك لە دینەکەیاندا بە بێ ئامادەبوونی خەڵکی گشتی ئەوا بزانە کە بەڕاستی ئەوانە بنایاتی گومڕایەتی دەنێن .**

**٢ / ئیخوان بەرنامە و ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیە و دەیانەوێت دەوڵەتێکی ئیخوانی پێك بێنن ! ئەوەتا بە بەرنامەی ئەهلی سوننەی سعودێ و ئەوەی کە شێخ** (محمد عبدالوهاب) **گەیاندوویەتی و زانایانی لەسەری دەڕۆن ڕازی نین و دەوڵەتی سعودێیش بە شەرعی نازانن ! وە بە نهێنیەوە دژ بەو بەرنامە و دەوڵەتە کاریان کردووە !!!**

**٣ / قوطبییەکان هەر لە کۆنەوە لە نێو سعودێدا کاریان کردووە و** (مُحمَّد قطب)**یش ڕاسپێردراوە بۆ ئەم کارە !**

**٤ / (ئێخوانەکانی سعودێ لە سەرکردایەتی ئیخوانەوە لە مصر داوایان لێکرابوو کە هەستن بە کۆکردنەوەی چەك) !!! ئەمەش بۆ ئەوەی ئامادەباش بن بۆ کاتی خروج و شۆڕش و ئینقیلاب !! کەواتە ئیخوان (خەوارج)ن هەر وەك شێخ شێخ** (أحمد شاكر) **فەرموویەتی :** (الإخوان المسلمون **خوارج العصر**) **واتە :** (الإخوان المسلمون) **خەوارجی سەردەمن.**

## سِمَاتُهم وموقفهم من دعوة الشيخ محمد بن عبد الوهاب السلفية

## نیشانەکانی ئیخوان و هەڵوێستیان

## لە بانگەوازەکە سەلەفی‌یەتیەکەی شێخ ( محمد بن عبد الوهاب )

الحمد لله الذي أرسل رسوله بالهدى ودين الحق ليظهرهُ على الدين كله وكفى بالله شهيداً ، والصلاة والسلام على محمَّدٍ رسول الله وآله وصحبهِ .

وبعد : فلا يقبل أكثر الشباب في الجزيرة العربية والخليج الانضمام إلى جماعة أو حزب ، ولكنهم يُضمون إلى جماعة الإخوان من حيث لا يشعرون ، باسم الدعوة ونُصرة الدين ومصاحبة الصالحين (الشباب) ، ولهذا كان لا بُدَّ من بيان صفاتهم وحكم الانتماء إليهم ، ليعرف المسلم ما هو مقدم عليه ، فإنَّ هذا العلم دين فانظروا عمن تأخذون دينكم ؟ فمن مواقفهم وصفاتِهم :

**واتە : زۆرێك لە گەنجانی نێو دوورگەی عەرەبی و کەنداو ئەوە پەسەند و قبوڵ ناکەن کە بچنە نێو جەماعەتێك یان حزبێکەوە ، بەڵام دەبرێنە ڕێزی (جەماعەتی ئیخوانەوە) بە بێ ئەوەی کە هەست بە خۆیان بکەن ، ئەمەش بە ناوی بانگەواز و سەرخستنی دین و هاوڕێیەتی کردنی چاکەکارانەوە (کەنجەکان) ، بۆیە پێویستە سیفەتەکانیان و حوکمی لایەنگیری بۆیان و پەیوەندی پێوە کردنیان ڕوون بکرێتەوە ، بۆ ئەوەی موسڵمان بزانێت بەرەو چی دەڕوات ، چونکە ئەم زانستە دینە جا بزانن دینەکەتان لە کێوە وەردەگرن ؟**

### لە هەڵوێست و سیفەتەکانیان :

**١ ـ گەورەکردنەوەی کەسە دیارەکانی جەماعەتی ئیخوان وەکو (سەید قوتب) ، وە پێناخۆشبوونی ورياکردنەوەی موسڵمانان لە هەڵەکانیان لە بواری بیروباوەڕ و جگە لەوەیشدا ، بەڵکو هەڵەکانیان دادەپۆشن و دەیانشارنەوە لە**

شوێنکەوتەکانیان ، وە خۆشەویستی (سەید قوتب) بەڵکو زیادەڕەوی کردن تێیدا لە دیاریترینی نیشانە جیاکەرەوەکانی تاکی ئیخوانییە لە نێو دوورگەی عەرەبی و کەنداودا ، بۆیە تاقیان بکەنەوە بەم پیاوە (سەید قوتب) ، ئەو کاتە شپرزی و شڵەژان و تێکچوون و سەرخستنیان بۆی دەبینیت هەڵەکەشی هەرچیەك بێت[٢] !!!

٢ ـ خۆگرتنەوە و بایەخ نەدان بە کتێبەکانی سوننەت و بیروباوەڕی وەکو "کتێبەکانی پێشەوای نوێکەرەوە محمد بن عبد الوهاب" ، وە بایەخدان بە کتێب و یادەوەریەکانی ئیخوان وەکو "کتێبەکانی سەید قوتب و تەفسیرەکەی"[٣] و ناویشیان ناون ـ بە مەبەستی گەورەکردنەوە ـ کتێبەکانی بیر و هزری ئیسلامی و فقهی حەرەکی ، وە خاوەنەکانیان ناودەبەن بە بیرمەندە ئیسلامیەکان و

---

[٢] خوێنەری بەڕێز : بۆ ڕاستێتی ئەم خاڵە برۆ پرسیار بکە لە (کەسانی ئەندام و لایەنگر و مەکینە حزبی) سەبارەت بە (سەید قوتب) و هەڵەکانی لە بوارەکانی تەوحید و حاکمییەت و تەکفیر و هەڵوێستی لە پێغەمبەر موسی (عليه السلام) و صەحابەکانی پێغەمبەر (محمد ﷺ) وەکو عوسمان و موعاویە و عەمری کوڕی عاص (رضي الله عنهم) ... هتد ! ئەنجا پێیان بڵێ : شێخ (ربيع المدخلي) زانایەکی چۆنە کە چەند کتێبێکی سەبارەت بە هەڵەکانی (سەید قوتب) نوسیووە ؟ =

ئەو کاتە دەبینیت چۆن دەڵێن : (ربيع المدخلي) عەمیل و موخابەرات و بەکرێگیراو ... و .. و .. !!!

ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەیە کە شێخ (ربيع المدخلي) هەڵەکانی (سيد قطب) و (عبد الرحمن عبد الخالق)ی سەید و شێخی تکفیریە حزبیەکانی لە چەند کتێبێکدا ئاشکرا کردووە و موسڵمانانی لێیان وریا کردووەتەوە .

ئەنجا برۆ ستایشی زانایانی ئەهلی سوننەیش لەسەر شێخ (ربيع المدخلي) بخوێنەوە لە کتێبی (الثناء البديع من العلماء على الشيخ ربيع) دانراوی (الشيخ : خالد بن ضحوي الظفيري) .

[٣] بڕوانە لاپەڕە (٣١)ی ئەم کتێبە .

بەستنەوەی گەنجایش پێیانەوە ، بە بیانووی ئەوەی کە ئەمانە : سەرکردە و شەهید و زانان .

٣ / سوربوون لەسەر سیاسەت و هێرشکردنە سەر کاربەدەستان و هەڵنانی گەلەکان ، بۆیە لە نێو کۆڕەکانیاندا زیکری خوای کەم تێدا دەکرێت ، وە زیاتر باسی کەموکوڕی ڕژێمەکان دەکەن و بەدوایدا دەگەڕێن ، وە سەرقاڵی گێڕانەوە و دووبارەکردنەوەی هەواڵە سیاسیەکانن ، وە ڕووداوە گەورەکان دەقۆزنەوە بۆ ناچارکردنی کاربەدەستان و زانایان ، وە وروژاندنی ڕای گشتی لە دژیان بە بیانووی ئەوەی کە ئەوان کار ناکەن بۆ کێشەکانی ئوممەت ! !

٤ / تانەدان لە زانایان ، وە سوکایەتی پێکردنیان بەوەی کە ئەوان زانای بێنوێژی و زەیسانین ، وە زانای دەسەڵاتدارانن ، ئەوانە مەشایخی حکومەتن ، چەورەکەرن .

٥ / شانازی دەکەن بە تێگەیشتنیان لە واقع ، وە زانایان توهمەتبار دەکەن بەوەی کە جاهیل و نەزانن بە واقع ، وە جێی‌سەرسوڕمانە کە ڕووداوە سیاسیەکانی ئەم ساڵانەی دوایی دەریخست کەوا بەڕاستی ئیخوان موسلمین جاهیل و نەزانترینی خەڵکن بە واقع .

٦ / حەزکردن لە خۆدەرخستن لە ڕووداوە گەورەکاندا ، وە دەستپێشخەری کردن بۆ گرتنە دەستی جڵەوی کاروبارەکان و ئاراستەکردنی خەڵك ، لەگەڵ پەراوێزخستنی فەتوای زانایاندا ، وە لە کۆندا وتراوە : حەزکردن لە خۆدەرخستن پشت دەشکێنێت .

٧ / بەڵگە هێنانەوە لەسەر ڕاستێتی بۆچوونەکانیان بە زۆرێتی ، بۆ نموونە دەڵێن : فلانە کەس ـ یەکێك لە سەرەکانیان ـ (٣٠٠٠٠) سی هەزار کەس لە وتارەکەیدا کۆبووەتەوە ، باشە ئیتر چۆن ئێمە پێچەوانەی بەرنامەی سەلەفین ؟!

کەواتە ئایا ئیخوان چی دەڵێن سەبارەت بەو پێغەمبەرەی کە لە ڕۆژی دوایدا دێت و کەسی لەگەڵدا نییە ؟!

٨ / ئابلۆقەخستنە سەر عەقڵی شوێنکەوتەکانیان ، بۆیە نە ئەبیسن و نە ئەشخوێننەوە ، وە ئامادەی هیچ دەرس و وتارێك نابن تەنها ئەوانە نەبێت کە سەرکردەی شانە مۆڵەتی پێ دەدات ، ئەوەش بە پێی خشتەیەکی ئامادەکراو لە لایەن سەرکردایەتی ڕێکخستنی نهێنیەوە .

٩ / بایەخ نەدان بە سەرچاوەکانی وەرگرتن ، بۆیە ئەوان هی هەموو کەسێك دەبیسن و دەخوێننەوە بیروباوەڕی هەر چۆنێك بێت بە مەرجێك هەڵوێست وەربگرێت لە کاربەدەستان ، وە بە مەرجێك بەرهەڵستکار نەبێت بۆ جەماعەتەکەیان : واتە سەلەفی نەبێت لەسەر جاددە یان ئەوە نەبێت کە پێی دەوترێت "سەلەفییە تەنها" واتە : تەنها لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ کاربەدەستان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەهلی بیدەع و هەواوئارەزوودا ! چونکە ئەوە برایەکە لە برایانی ئیخوان[٤].

---

[٤] من العلامات الفارقة لإخوان الجزيرة العربية والخليج : **الطعن في المشايخ السلفيين الذين فضحوهم ، وبيَّنوا مناهجهم كـ"الشيخ ربيع المدخلي والشيخ محمد أمان الجامي** .." فاختبروهم بهؤلاء ، وسترى النتيجة !

واتە : لە نیشانە جیاکەرەوەکانی ئیخوانەکانی دوورگەی عەرەبی و کەنداو : تانەدانە لەو زانا سەلەفییانانەی کەوا پەردەیان لەسەر هەڵماڵیون و کەموکوڕییەکانیان دەرخستووە و بەرنامەکانیان ڕوون

١٠ / چـەمكی دۆسـتایەتی و بێبـەریبوون بـە لای ئیخوانـەوە بەسـتراوە بـە جەماعەتەوە ، بۆیە خۆشەویستی و پشتیوانی كردن و سەرخستن و تكاكردن و پلەكان تەنها بۆ ئیخوانەكانە ، بەڵام جگە لە ئیخوان ئـەوا هیچی بـۆ نـیـە تـەنها وشكی لەگەڵدانواندن و پشت تـێكردن نـەبێت ، بـەڵكو خـەڵك ووریاكردنـەوە لـێی ئەگەر سوننی و سەلەفـی بێت ، تەنانـەت ئـەو خێـر و صـەدەقانەش كـە ئیخوان كۆیاندەكەنەوە دەدرێت بە هەژاران بە دەستنیشانكردنیان !

١١ / نهێنیگەری لە كار و ڕێكخستندا ، چونكە ئیخـوان ـ لـە نێـو دووڕگـە و كەنداودا ـ ئەوەی كـە دەریـدەبڕن بـۆ زانایـان و كاربەدەسـتان و خـەڵكانی گشـتی پێچـەوانەی ئەوەیـە كـە لـە ناخیاندایـە ، چـونكە نهێنیگـەری ـ خۆدەرخسـتن بـە پێچـەوانەوە ـ دروشمـی (ئیخـوان موسلیمن)ـە ، بۆیـە یـەكێكیان جاروبـار لـە وتارەكانیدا ستایشـی شـێخ ابـن بـاز دەكـات ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت و وەسـفی دەكات بە "باوكی ڕێزدار" بەڵام ئەو "بۆ بەرنامەكـەی خـۆی بەپرۆشـە" ، چـونكە دڵەكانیان ئارزووی لای سەید قوتب و جەماعەتەكەی دەكات .

١٢ / ئیخوانییەكان وەسفی پێچەوانەكاریانیان ـ وەكو سەلەفییەكان ـ دەكـەن بـە توندوتیـژی (الشدة) بـۆ ئـەوەی وا خـەڵكی تێبگەیـەنن كـەوا ئـەوان ئـەهلی ئاسـانكاری و نـەرمونیانین ، لەبـەر ئـەوە ئـاڵای "فقهـی ئاسـانكاریان" بەرزكردووەتـەوە ، واقعـیش ئەمـە بـە درۆ دەخاتـەوە ، چـونكە توندوتیـژی لـە

---

كردووەتەوە وەكو شێخ (ربيع المدخلي) و شێخ (محمد أمان الجامي) .. بۆیە تاقیان بكەنەوە بەم زانایانە ، ئەو كاتە دەرئەنجامەكە دەبینن !

چەندین وڵاتی زۆری جیهانی ئیسلامیدا سەرچاوەکەی جەماعەتی ئیخوان بووە ، وە (جەماعاتی تەکفیر[٥] و هیجرە) لێمانەوە دوور نین ، چونکە ئەمانیش هەڵقوڵاوی جەماعەتی ئیخوانن .

١٣ / ئێمەیان ترساند بە هێرشی فکری و بەگاور کردن ، وە سەرقاڵیان کردین بەمانەوە ، بەڵام دوای چەند ساڵێك دەرکەوت کەوا ئەوەی هێرشی کردووەتە سەرمان بریتییە لە جەماعەتی ئیخوان موسلمین ، بۆ ئەوەی جێی بانگەوازی سەلەفییەت بگرێتەوە (بانگەوازەکەی پێشەوای نوێکەرەوە محمد بن عبد الوهاب) ، بەڵگەش ئەوەیە کەوا ئەو گەنجانە خۆیاندەگرتەوە و بایەخیان نەدەدا بە بانگەوازی چاکسازی سەلەفییەت کەوا (پێشەوا محمد بن عبد الوهاب) پێی هەستا ، چونکە ئەوانە خۆشەویستی (سەید قوتب) و بەرنامەکەی و حزبەکەی (جەماعەتی ئیخوان) تێکەڵ بە دڵەکانیان بوو بوو .

١٤ / بەردەوام بە دەوری زاراوەی (ڕابوون) و (حوکمڕانی)* و (تاغوتەکان)دا دەخولێنەوە و دەیلێنەوە ، خۆزگایە ئەوان کتێبەکەی خوا و سوننەتی

---

[٥] والآن خرجت علينا جماعات التفجير ! فإلى متَى يا أصحاب الفكر الحركي هذا العبث بشباب الأمَّة ؟! إلى متَى ؟!

واتە : ئێستا جەماعاتی تەفجیر (تەقاندنەوە)یش دەرکەوتەوە بەسەرماندا ! ئەی کەسانی خاوەن بیری حەرەکی هەتا کەی ئەم گاڵتەجاڕیە بە گەنجانی ئوممەت ؟! هەتا کەی ؟!

* قال الإمام الألباني : (الحاكمية فرعٌ من فروع الألوهية ، والذين يدندنون بهذه الكلمة المُحدثة . وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة . في العصر الحاضر يتخذونها سلاحاً ليس لتعليم المسلمين التوحيد الذي جاء به الأنبياء والرسل كلهم ، وإنَّما هو سلاح سياسي ...) .

واتە : پەیڕەوکردنی حوکمی خوا لقێکە لە لقەکانی یەکخواپەرستی ، وە ئەوانەی کە ئەم وشە داهێنراوە ـ هەموو داهێنراوێکیش بیدعەیە و هەموو بیدعەیەکیش گومڕاییە ـ دووبارە دەکەنەوە و بەدەوریدا

پێغەمبەرەکەییان (ﷺ) پیادەبکردایەت بەسەر ئەو هەڵە و نەهامەتیانەیاندا کەوا هەندێکیان باس کراون لە لایەن ئەو کەسانەوە کەوا قسەیان کردووە سەبارەت بە بیروباوەڕ و پرۆگرام و بەرنامەی جەماعەتی ئیخوان) .

١٥ / لێکچوون و خۆشوبهاندن بە موشریکەکانەوە لە دەستەواژەکانیدا : وەکو خۆپیشاندان و ڕێپیوان و کۆمەڵبەستن و مانگرتن و تیرۆرکردن و تەیقینەوە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : "سوێند بە خوا شوێنی ڕێچکە و ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون بست بە بست و باڵ بە باڵ تەنانەت ئەگەر ئەوان بڕۆنە نێو کونە بزەنمژەکیشەوە ئێوەش دەڕۆنە نێویەوە" .

١٦ / بایەخدان بەو ڕووکەش و ئەلفازانەی کەوا خوێنەر و بیسەر واتێدەگەینن کەوا زانستیان لە پشتەوەیە ! لەو دەستەواژانە : کێشە گەورەکانی ئوممەت ، پێشینەکانی کاری ئیسلامی ، سەرکردایەتی و ڕابەرایەتی ، کێ خەمی ئیسلام هەڵدەگرێت ، فقهی واقع ، کاری حەرەکی ، ئوممەتی وون بوو ، ڕزگار کردنی زەوی یان ڕزگار کردنی مرۆڤ ، بەڵێننامەی کیسنجەر ، ئاوازی مانەوەی هەمیشەیی ، کوونێك لە بەنداوی مەئرەب ، دوای ئەوە ، غەمبار مەبە !

١٧ / لاوازی وریاکردنەوە لە بیدعەکان ، بەڵکو بە هۆی سەرقاڵیانەوە بە سیاسەت ئەمە هەر نازانن ، وە ئەوپەڕی ئەوەی نکوڵی لێبکەن تێیدا : هەفتەی دار و جەژنی خۆشەویستییە !

---

دەخولێنەوە لە سەردەمی ئێستادا ئەمەیان کردووە بە چەکێك نەك بۆ ئەوەی موسڵمانان فێری ئەو تەوحیدە بکەن کە هەموو پێغەمبەران پێی هاتوون ، بەڵکو ئەمە تەنها چەکێکی سیاسییە .

١٨ / زیادەڕەوی کردن لە قۆستنەوەی (کێشەی ئافرەت)دا ، ئەوەش بۆ وروژاندنی ڕای گشتی و زۆر کردنی شوێنکەوتوان ، تەنانەت وازیانهێناوە ـ ئیللا مەگەر کەسێك خوا ڕەحمی پێ کردبێت ـ لە بانگەواز کردن بۆ تەوحید و سوننەت و دژایەتی کردنی شیرك و بیدعە ، بۆ ئەوەی یەکلاببنەوە بۆ (کێشەی ئافرەت) ، وە حەق لای ئێمە دوو شتە : پاراستنی بیروباوەڕ ، وە پاراستنی ڕەوشت بەرزی ، وە هەردووکیان گرنگن ، بەڵام بێ گومان ئەوەی یەکەمیان گرنگترە و لەپێشترە بەوەی کە بایەخی پێبدرێت ، وە هەرکەسێك خوا ویستی هەبێت تووشی خێری بکات ئەوا لە دین شارەزای دەکات و تێیدەگەیەنێت .

١٩ / ئیخوان لە کەنداودا سوورن لەسەر ئەوەی کە زانایان و قوتابیانی عیلم بگرنە خۆیان و دەوریان بدەن ، ئەمەش بۆ ڕێگرتن یان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریەکان بەو شێوەیەی کە خزمەت بە (جەماعەتی ئیخوان) دەکات و کارەکانیان بۆ ئاسان دەکات[٦].

---

[٦] ومن ذلك مُحاولتهم إقناع العلماء وطلبة العلم وولاة الأمر بل وعامة الشباب أنَّهُ لا خلاف عندنا في العقيدة والمنهج ، وأنَّهُ لا صحة لِما يقوله الناصحون من دخول جماعة الإخوان وغيرها إلى البلاد ، بل نحن جماعة واحدة وكلُّ شيء على ما يُرام !! ولِهذا قد يُدافع عنهم بعض أهل العلم عن حسن نية ، وإلاَّ لو علمَ بِحالهم لحذر منهم .

واتە : لەوانە هەوڵدانیان بۆ قایل کردنی زانایان و قوتابیانی عیلم و فەرمانڕەوایان بەڵکو گەنجانیش بە گشتی بەوەی کەوا لای ئێمە جیاوازی نییە لە بیروباوەڕ و پرۆگرام و بەرنامەدا ، وە ئەوەش ڕاست نییە کە ئامۆژگاریکاران دەیڵێن لە هاتنەژوورەوەی (جەماعەتی ئیخوان) و جگە لەوانیش بۆ نێو ئەم وڵاتە (سعودیە) ، بەڵکو ئێمە تەنها یەك جەماعەتین و هەموو شتێکیش بە پێی مەبەستە و هیچ لە گۆڕێدا نییە !! بۆیە لەبەر ئەمە جار جار هەندێك لە ئەهلی عیلم لە نیاز چاکیەوە بەرگیریان لێدەکەن ، ئەگینا ئەگەر حاڵیان بزانن ئەوا خەڵکیان لێیان وریا دەکردەوە .

هەروەها سوورن لەسەر ئەوەی کە کوڕی زانایان و قوتابیانی عیلم و پیاوماقووڵ و دەوڵەمەندەکان بگرنە خۆیان بۆ هەمان مەبەست : خزمەتی جەماعەت "لاوان" .

٢٠ / بایەخدانێکی سەرسوڕهێنەر بە گەشت و سەردان و چادرگە و بنکە و نوسینگە هاوینیەکان ، هەروەها بە چیرۆکە واقعی و دراما و سروودەکان ، ئەمانەش ئامرازەکانی بانگەوازن بە لای ئەوانەوە ! ئایا قورئان و سوننەت لە کوێیە ؟ وە زانست و زانایان لە کوێن ؟

٢١ / نوسینی ڕاپۆرت و ڕوونکردنەوە لە کۆتایی بنکە هاوینەیی و چادرگە و گەشتەکاندا ، بۆ زانینی ئاستی دڵسۆزی تاك بۆ جەماعەت ، وە بۆ زانینی لێهاتوویی ئەو تاکە بۆ سەرکردایەتی کردن لە داهاتودا ، جا وریابن ئەی گرۆی گەنجان .

٢٢ / درۆ دەکەن لەگەڵ گەنجە بێئاگاکاندا ، دەڵێن : هەرکەسێك بەرپەرچبداتەوە یان قسە بکات یان هەڵە بیروباوەڕی و بەرنامەییەکانی جەماعەت ڕوون بکاتەوە و ئاشکرایان بکات ئەوا دەرئەنجامی شکستخواردنە یان دەڵێن : شکستی خواردووە و وازیهێناوە لە نوێژ و کرداری قەومی لوط (نێربازی) دەکات ، یان دژایەتی بانگەواز دەکات ، وە گۆڕاوە و وای کردووە !!

---

دەڵێم : وەکو (شێخ ابن جبرين) کە حزبیەکان وتەکانی دەکەنە بیانو بۆ بەرگیریکردن لە حەسەن بەننا و سەید قوتب و سەلمان و سەفەر و ... !!! بۆ وەلامی وتەکانی (شێخ ابن جبرين) لەم بارەیەوە بڕوانە : "دفع بغي الجائر" ص : (٧٢ ـ ٧٤) .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا ئیخوان درۆ کردن حەڵاڵ دەکەن بۆ بەرژەوەندی جەماعەتەکەیان ! خوایش یارمەتیدەرە .

٢٣ / بایەخدان بە ئاهەنگەکان و پێشبڕکێکان ، هەروەها پێشنگای برینەکان ـ وەکو بڵێی سەرکەوتنی ترمان بە دەستەوە نییە ـ و خواردەمەنی خێرخوازی و ئاهەنگەکانی دەمەتەقێی شەوان ، وە لەم دواییەشدا ئاهەنگی سروودەوانی بۆ پشتیوانی کردنی کێشەی فەلەستینیان داهێناوە ! وە ئەگەر بیانەوێت برەو بە شتێك بدەن و بازاڕی گەرمکەن وەسفی دەکەن بەوەی کە (ئیسلامیـیە) : دراما (تەمثیل / نواندن) کە لە بێباوەڕانەوە هاتووە و ئێمە خۆشمان ناوێت ئەوان دەڵێن : درامای ئیسلامی ! وە سروود لە سروشتی صۆفیەکانە ئەوان ناویان ناوە سروودی ئیسلامی !بۆیە ئەمانە برەویان پێدراوە و قبوڵ کراون بە لای ئەوانەوە کە لە سوننەت شارەزا نین ! !

هەروەها لەوانە : سووربوونیان لەسەر دامەزراندنی ئەوەی کە ناو نراوە بە : چادرگەی بانگخوازی بۆ برەو دان بە بۆچوون و بانگخواز و کتێب و کاسێتەکانیان .

٢٤ / پێشخستنی بەرژەوەندی جەماعەت "گەنجان" بەسەر بەرژەوەندی کەسوکار و منداڵدا ، ئەنجا دەشڵێن ئەوە لە پێناوی خوادایە .

٢٥ / سووبوون لەسەر سەرپەرشتی کردنی کۆکردنەوەی پارە بەخشراوەکان ، ئەنجا ناشزانرێت بۆ کێ دەڕوات ! وە لە حەقی خۆمانە کەوا ئێمەی ماڵبەخش بپرسین بۆیە تووڕە مەبن ئەی گرۆی ئیخوان ، هەروەها سووربوون لەسەر

سەرکردایەتی کردنی نوسینگەکانی بانگەواز ، جا ئەگەر گەیشتن بەوە ئەوا هـەموو ئەو شتانە قەدەغە دەکرێت کە سـەلەفییانە بێـت : وتاروتنـەوە ، وانـە و دەرس ، خـوولی زانسـتی ، قوتـابی عیلمـی سەلەفـی ، کارمەنـدی سەلەفـی ! هـەموو ئەمانەش بە شاراوەیی و ژێربەژێر دەکرێت ، ئەنجا بیـانو دەهێننـەوە بـە هەنـدێك بیانو کەوا ناقۆڵاترن لە تاوان و هەڵسوکەوتەکانیان ، ئایا ئەمە بەشێکە لە ڕێگـرتن لە ڕێبازی خوا یان نا ؟

هەروەها سـووربوونیان لەسـەر کـارە فێرخـوازی و بانگەوازیـەکان و تێخسـتنی تاکەکانیان بە پیاو و ژنەوە تێیدا بەتایبەت وانەوتنەوە .

٢٦ / ڕاهێنان و هاندانی گەنجان بۆ جیهاد ، وە نمایش کردنی کاسێتی بینـراو لەم بوارەدا لەگەڵ وتە و سـروودی حەماسـی ، وە لەگـەڵ ئەمەشـدا ئـەو گەنجانـە فـوول و پـڕ دەکـەن دژ بـە زانایـان و کاربەدەسـتانیان ، لەگـەڵ وتنـەوە و دووبارەکردنەوەی چـەندین وتـە و هەڵوێسـت کـە ئامـاژەی تێدایـە بـۆ ئـەوەی کـە کـافرن وەکـو "دۆسـتایەتی و پشـتگیری بێبـاوەڕان" "پێویسـتی ڕزگـار کردنـی حەرەمەین مەککـە و مەدینـە" کە ئەمانە گومان دەخاتە نێو دڵـی چاکەخوازانەوە !

٢٧ / وەکـو سـاختەکاری و چەواشـەکاری و خۆئاشـکرانەکردن زۆربـەی جـار ناوی خۆیان دەنێن بە ئەهلی سـوننە و جەماعـە ! وە هەنـدێك جاریش بـەدەوری سـەلەفییەتدا دەخولێنـەوە ! بـەڵام کردارەکانیـان و بۆچـوونەکانیان و بەرنامـە ئیخوانییەکانیان ئەوانە بە درۆ دەخاتـەوە ، ئەمـەش سـەیر و نـامۆ نـیـە چونکە

"ئەشـعەریەکانیش / الأشاعرة" وایـان دەردەبـڕی کـە ئـەوانیش ئـەهلی سـوننە و جەماعەن !

٢٨ / قۆسـتنەوەی بازنـەکانی لەبـەرکردنی قورئـانی پـیرۆز ، چـونکە ئـەوان گـەنجانی یەکخواپەرسـتی لـەو بازنانـەوە دەدزن بـۆ ئـەوەی بیانخەنـە نێـو جەماعەتەوە ، مەبەسـتمان جەماعـەتی لەبـەرکردنی قورئـانی پـیرۆز نـیـیە بـەڵکو مەبەسـتمان جەماعـەتی ئیخوانـە ، ئەگـەر بەڵگەیـەکت دەوێت لەسـەر ئەمـە ئـەوا قوتابیـانی ئـەو بازنانـە "کـوڕانی قۆنـاغی دواناوەنـدی" تاقیبکـەرەوە بـە (سـەید قوتب) و (بن لادن) و (جەماعەتی ئیخوان) !

خـوا شـایەتە کـە ئێمـە قورئـان و ئـەهلی قورئـان و فێرکردنـی قورئانمـان خۆشدەوێت ، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەشمان خۆش ناوێت کە ئیسـتیغلال بکـرێین یـان گـەنجان و کچـانمان لابـدرێن لـە بانگـەوازی پێشـەوای نوێکـەرەوە (محمد بن عبدالوهاب)ەوە بۆ بانگەوازی (ئیخوان موسلمین)ی گومان لـێکراو .

٢٩ / لە بۆچوونەکانی ئیخـوان : داواکردنـە لـە گـەلان بـە پچـڕاندنی ئـابووری (پچڕاندنی پەیوەندی ئابووری) بۆ ئەوەی کاربەدەستان و زانایان ئیحـراج و ناچـار بکـەن ، بۆیـە دەیانبینیـت بانگەشـەی پچـڕاندن دەردەکـەن وەکـو بلێـی ئـەوان فەرمانڕەوی ئێمەن !

وە ئێمەش پێش ئەوە داوا لە ئیخوان دەکـەین بـە موقـاطـەعـە کردنـی کتێبـە حـەرەکی و حزبییـەکان ، وە موقـاطـەعـە کردنـی شـیرکیات و بیـدەع و ئـەو

مەرقەدانەی کەوا دەپەرسترێن جگە لە خوا وەکو "گۆڕەکەی بەدەوی" لە "میصر" کە قەڵای ئیخوانە .

٣٠ / لە پلانەکانی ئیخوان : ڕاونانی خەڵکیە لە جگە لە خۆیان بۆ ئەوەی گۆڕەپانی بانگەواز چۆڵ ببێت بۆ خۆیان ! وە لەوانە وەسف کردنییانە بۆ بانگەوازکارانی سوننەت کە خۆیان دەدەنەپاڵ بانگەوازە سەلەفییەتەکەی پێشەوای نوێکەرەوە (محمد بن عبدالوهاب) بەوەی کە ئەمانە : (بێنرخن)[٧] ، (سووک و بێناوەڕۆکن) ، (مورجیئەی حوکام)ن ، (جامیەکان) ، (چەورە و ماستاوچیەکان) ، (مەدخلیەکان) ، (عەمیل و بەکرێگیراون) ، (جاسوسن) ، (بیر تەسکن) ... هتد !

---

(7)قال الشيخ حمد بن عبدالمحسن التويجري : (حشوية معناها أنهم من حشو الناس أو أصحاب حشو في الكلام يعني ما عندهم إلا قال الله، قال الرسول، ما عندهم قواعد عقلية، ما عندهم مقدمات منطقية؛ ولهذا سموا أهل السنة حشوية بِمعنى أنهم أهل حشو .. ويسموهم -أيضا- غثائية ، والغثاء هو الشيء الرديء) شرح الفتوى الحموية. (1/586) :

واتە : (حشوية) واتاکەی بریتیە لەوەی کە ئەوانە لە خەڵکانی بێنرخ و سووک و ریسوان ، یان خاوەنی قسەی سووک و بێکەڵکن واتە هیچیان لا نییە تەنها ئەوە نەبێت کە دەڵێن : (خوا فەرموویەتی ، پێغەمبەر فەرموویەتی) و بنەوای عەقڵیان لا نییە ، پێشەکی مەنطقیان لا نییە ، لەبەر ئەمە ئەهلی سوننەیان ناوناوە بە (حشوية) بە واتای ئەوەی کە ئەوانە خاوەنی بۆچوون و وتەی
بێکەڵکن .. هەروەها ناویان دەبەن بە (غثائية) وە (الغثاء) بریتیە لە شتی خراپ و بێکەڵك .
وە (الخليل بن أحمد) لە کتێبی (العين)دا فەرموویەتی : (والحشو من الكلام : الفَضْلُ الذي لا يُعْتَمَدُ عليه ، والحَشْوُ من النّاس : من لا يُعْتَدُّ به) ، واتە : (الحَشْوُ) لە قسەدا بریتیە لەو قسە زیادەیەی کە حیسابی بۆ ناکرێت ، وە (الحَشْوُ) لە خەڵك : ئەو کەسانەیە کە حیسابی بۆ ناکرێت .

پێشینی چاکمان فەرموویانە : لە نیشانەکانی ئەهلی بیدەع ئەوەیە کە : تانەدەدەن لە ئەهلی ئەثەر "واتە لە سەلەفییەکان"[٨].

٣١ / سوورن لەسەر کۆبوونەوە و زۆرکردنی تارمایی لە لای وتارخوێنی جومعەی سیاسی و ورووژێنەر ، هۆکاریش ئەوەیە کەوا ئەم جەماعەتە حزبێکی سیاسین ، بۆ ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە ، بەلاّم ئایا لە پاش ورووژاندنی سیاسی چی ڕوودەدات ؟ وەلاّم : ڕۆشنبیری چــەك !

٣٢ / ئەوان وا دەبینن کەوا تەنها خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا کاردەکەن ، وە جەماعەتەکەی خۆیان ناودەبەن بە (جەماعەتی دایك)[٩] وە (گەورەترینی جەماعاتەکان) ! بەلاّم جگە لە خۆیان ئەوا پێویستە لەسەریان کەوا ببن بە شوێنکەوتەی ئەوان و بەدوای ئەوانەوە بڕۆن ئەگینا حەقیان بریتییە لە پەراوێز خستن !

٣٣ / بەڕاستی تاکی ئیخوانی لەگەڵیاندا دەبێت تاوەکو ڕیشی سپی دەبێت کە چی هەر لەسەر حاڵی جارانیدا ماوەتەوە و عیلمی زیادی نەکردووە ، ئەمەش

---

[٨] بڕوانە لاپەڕە : (٥٥)ی ئەم کتێبە ، هەروەها زنجیرە دووەمی ئەم زنجیرەیە .

[٩] خوێنەری بەڕێز : ئامۆژگاریت دەکەم بە خوێندنەوەی کتێبی : (**الطريق إلى الجماعة الأم**) لە نووسینی (عثمان عبدالسلام نوح) ، سوێند بە خوای گەورە ئەم کتێبە سڕ و نهێنییە شاراوەکانی جەماعەتی ئیخوان موسلمین ئاشکرا دەکات و بە بەڵگە دەیسەلمێنێت ئیخوان کێن و چۆنن و بۆ چی هەوڵدەدەن و هەلوێستیان بە کردەوەیی چۆنە دەرحەق بە بانگەوازی سەلەفییەت .

وە لێرەدا بۆ مێژوو دەڵێم : ئەم کتێبە (**الطريق إلى الجماعة الأم**) یەکەمین کتێب بوو کە کاریگەری هەبووبێت لەسەرم بۆ زیاتر ئاشنا بوونم بە بانگەوازی حەقی سەلەفییەت و ناسینەوەی ئیخوان موسلمین بە تایبەتی و ئەحزابە ئیسلامییەکان و حزبایەتیش بە گشتی کە لە ساڵی (١٩٩٤)دا خوێندمەوە .

بە هۆی بایەخنەدانیانەوەیە بە زانست و بە زانایانەوە ، چونکە ئەوان دەڵێن : پەروەردەکردن گرنگترە لە زانست ! بۆیە خەڵکانێکیان هەڵدەگەڕێتەوە لە شوێنکەوتنیان بۆ لای بەرنامەی سەلەف ئەگەر ئەوەیان بۆ ڕوونکرایەوە .

٣٤ / تاکی ئیخوانی وازدێنێت لەم جەماعەتە بە هۆی تووڕە بوونیەوە لێیان ، وە ئەگەر تەوبەش بکات دەگەڕێتەوە بۆ لای مەزهەبی حەق "سەلەفییەت" ، بەڵام پێچەوانەکەی ڕوونادات سوپاس بۆ خوا ، بۆیە پەند وەربگرن ئەی ئەوانەی کە خاوەن عەقڵ و هۆشن .

٣٥ / ناوی سەرە دیارەکانیان دەنێن بە "مامۆستایانی ڕابوون"[١٠] وە وایشدەردوبڕن کەوا ئەمانە بانگەوازکارن بۆ لای خوا و کاریگەریان هەیە لەسەر ئوممەت نەك زانایان ، ئەمەش درۆیە سوێند بە خوا .

---

[١٠] ومصطلح الصحوة أنكره الشيخ بكر أبو زيد في "معجم المناهي اللفظية" ص : (٣٣٥ ـ ٣٣٦) ، لأنه لَمْ يعلق الله عليه حكماً ، فهو اصطلاح حادث لا نعرفه في لسان السلف جارياً ، وأول من استخدمه الكفار في هذه الأزمنة لَما عادوا لأديانِهم فقلدهم بعض المسلمين ، وذكر أيضاً أنه من مصطلحات الصُّوفية !

واتە : زاراوەی (ڕابوون) شێخ بکر أبو زید نکۆڵی لێکردووە لە کتێبی "معجم المناهي اللفظية"دا ، چونکە خوای گەورە هیچ حوکمێکی پەیوەست نەکردووە پێیەوە ، وە ئەمە زاراوەیەکی داهێنراوی نوێیە وانازانین هاتبێت بەسەر زمانی سەلەفدا ، وە یەکەمین کەس بەکاری هێنابێت بێباوەڕەکان بوون لەم سەردەمەدا لە کاتێکدا کە گەڕانەوە بۆ لای ئاینەکانی خۆیان و هەندێکیش لە موسڵمانان [ئیخوان و باقی تری ئەحزابە ئیسلامییەکان] لاسایی ئەوانیان کردەوە ، وە هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە ئەمە لە زاراوەکانی صۆفیەکانە !

٣٦ / ئەگەر ڕێگریان لێ بکەیت لە ئاشوب و دەرچوون لە فەرمانڕەوایان دەڵێن : تۆ فەرمانڕەوایان بە پیرۆز دادەنێیت ، یان ئێوە مورجیئەی فەرمانڕەوایانن ، یان ئەم قسەیە لە بەرژەوەندی کێدایە ؟

٣٧ / چەندین بنچینە و بنەوایان داناوە و داهێناوە کە پێچەوانەن بۆ بەرنامەی سەلەف بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە جەماعەت و سەرە دیارەکانیان ، وەکو (بەرنامەی هاوسەنگی کردن لە نێوان چاکەکان و خراپەکان / منهج الموزنة بين الحسنات والسيئات) ، یان حیکمەت و دانایی بریتییە لە : بێدەنگ بوون بۆ ئەوەی فیتنە ڕوونەدات !

وە واش خەڵکی چەواشە دەکەن کەوا گەورە زانایان بەرپەرچی ئەهلی ئەهواء و بیدەعیان نەداوەتەوە ، ئەمەش درۆیە لەسەریان ، چونکە گەورە زانایان هەرگیز حەقیان نەشاردووەتەوە ، وە زانایانمان چەندین بەرپەرچدانەوەی زۆریان هەیە لەسەر خوودی جەماعات و کەسایەتیەکان[١١].

---

[١١] رد الشيخ ابن باز مُفتي الديار السعودية ـ رحمه الله ـ على كثيرين منهم : حسن البنا ، سيد قطب ، المسعري ، ابن لادن ، سعد الفقيه ، القرضاوي ، محمد سرور بن نايف العابدين ، العودة ، الحوالي ...

واتە : شێخ ابن باز موفتی وڵاتی سعودیێ ڕەحمەتی خوای لێبێت بەرپەرچی زۆرێکیانی داوەتەوە لەوانە : (حسن البنا ، سيد قطب ، المسعري ، ابن لادن ، سعد الفقيه ، القرضاوي ، محمد سرور بن نايف العابدين ، العودة ، الحوالي) ...

دەڵێم : هەروەها (شێخ ئەلبانی)یش ڕەحمەتی خوای لێبێت چەندین وتەی بەنرخی لێوە تۆمار کراوە سەبارەت بە بەرپەرچدانەوەی (ئیخوان مەسلمین) و (جەماعەتی تەبلیغ) و (حزبی تەحریر) و (تەکفیریەکان) و هەندێك لە سەرە دیارەکانی ئەو ئەحزاب و جەماعاتانە .

٣٨ / کەمی خۆپاراستن لە تاوان بۆیە دەیانبینیت سەیری بێژەری کەناڵە ئاسمانیەکان دەکەن بە بیانووی بەدواداچوونی کێشەی موسڵمانان ، وە تووند نین لە بواری سەیرکردنی لاوە لووس و بێمووەکان و بە تەنها مانەوە لەگەڵیاندا لە نێو چادرگە و سەربازگەکاندا ، هەروەها سروود پێوتنیان و نواندیان لەبەر دەستی گەورەکاندا !

وە لەگەڵ ئەوەشدا ئیخوان وەسفی ڕکەبەرەکانیان "زانایان و فەرمانڕەوایان" دەکەن بە خۆکەم پاراستن لە تاوان !

وە لە خۆپاراستنە ساردەکانی ئیخوان ئەوەیە کە : سەبارەت بەو کەسانەی وا خەڵکی وریا و ئاگادار دەکەنەوە لە ئەهلی بیدەع و ئەهواء دەڵێن : ئەمانە غەیبەتی موسڵمانان دەکەن ! لە کاتێکدا کە خۆیان تانە دەدەن لە بانگەوازکارانی سوننەت و چاوەڕوانی پاداشتیشن لە لای خوا !!

---

هەروەها (شێخ مقبل)یش ڕەحمەتی خوای لێبێت چەندین کتێبی نووسیوە و چەندین وتەی بەنرخیشی لێوە تۆمار کراوە سەبارەت بە بەرپەرچدانەوەی (ئیخوان مەسلمین) و (جەماعەتی تەبلیغ) و (تەکفیریەکان) و هەندێك لە سەرە دیارەکانی ئەو ئەحزاب و جەماعاتانە وەکو (قەرەزاوی) و (سەید قوتب) و (زەنەدانی) و (موحەمەد غەزالی) ... هتد .

هەروەها (شێخ ربیع)یش چەندین کتێبی نووسیوە سەبارەت بە بەرپەرچدانەوەی (سەید قوتب) و (عبدالرحمن عبدالخالق) و هاوشێوەکانیان .

**٣٩ / لە کاتی دەرچوونی فەتوایەك لە لایەن زانایانی سوننەتەوە "وەکو دەستەی گەورە زانایان و لیجنەی هەمیشەیی" کە گونجاو نەبێت لەگەڵ بەرنامەی جەماعەتدا[١٢] چەواشەکاریانە دەڵێن : فشاریان خراوەتەسەر ،**

---

[١٢] مثل فتوى هيئة كبار العلماء ببطلان لجنة الحقوق ، ومذكرة النصيحة ، وإيقاف بعض رموزهم "سلمان العودة وسفر الحوالي" فيردونها بغير دليل !

**واتە : وەکو فەتوای دەستەی گەورە زانایان سەبارەت بە پوچەڵێتی لیجنەی مافەکان و یاداشتی ئامۆژگاری ، وە ڕاگرتنی هەندێك لە سەرە دیارەکانیان "** سلمان العودة وسفر الحوالي **" ئەوا ئەوان ئەم جۆرە فەتوایانە ڕەتدەکەنەوە بە بێ بەڵگە .**

**لێرەدا دەپرسم :**

**ئایا هەڵویستی ئیخوانیەکان و باقی تری ئەحزابە ئیسلامی‌یەکانی هەموو جیهان و کوردستانیش چی‌یە سەبارەت بەم فەتوایانەی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە (سەید قوتب) :**

* قُرِئَ على الشيخ ابن باز رحمه الله تفسير سيد قطب لقوله تعالى : ﴿**الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى**﴾ قائلاً : (أما الاستواء على العرش فنملك أن نقول إنهُ كناية عن الهيمنة على الخلق) في ظلال : (٤ / ٣٣٢٨) !

**واتە : تەفسیری (سەید قوتب) بۆ ئایەتی ﴿الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾ خوێنرایەوە بۆ (شێخ ابن باز) کە وتویەتی : (**الاستواء على العرش **: دەتوانین بڵێین ئەمە درکەیە بۆ زاڵبوون بەسەر بوونەوەردا) .**

=

فقال الشيخ ابن باز رحمه الله : (**هذا كلامٌ فاسد** ، هذا معناه الهيمنة معناه إنكار الاستواء المعروف ، الذي هو العلو على العرش ، و**هذا باطل** يدل على **أنه مسكين ضائع في التفسير**) .

**(شێخ ابن باز)یش فەرمووی : (ئەمە قسەیەکی گەندەڵە ، ئەمە واتاکەی زاڵبوون و دەست بەسەراگرتنە واتە ئینکاری کردنی (**الاستواء**) کە زانراوە کە بریتی‌یە لە بەرزبوونەوە بەسەر عەرشدا ، ئەمە تەفسیرێکی پوۆچ و باتڵە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا سەید قوتب داماو و فەوتاوە لە تەفسیردا) .**

وقال سيد قطب : (وحين يركنُ معاوية وزميله عمرو إلى الكذب والغش والخديعة والنفاق والرشوة وشراء الذمم ..)

["كتب وشخصيات" (ص ٢٤٢ / ط ـ دار الشروق).] .

**واتە : (سەید قوتب) وتویەتی : کاتێك (**معاوية**) و هاوەڵەکەی (**عمرو بن العاص**) پەنادەبەنە بەر درۆکردن و فێڵکردن و خەڵەتاندن و دووڕووی و بەرتیل دان و گەردن کڕین ..**

﴿(سەید قوتب) ئەو هەموو سیفەتە خراپ و گەندەڵانە دەداتە پاڵ دووان لە صەحابەکانی پێغەمبەر (ﷺ)﴾ !!!

فقال الشيخ ابن باز رحمه الله : (**هذا كلام قبيح** ، سبٌ لمعاوية وسبٌ لعمرو ، **وكلام منكر** ..) .

(شێخ ابن باز)یش فەرمووی : (**ئەمە قسەیەکی ناشیرینە** ، جوێندانە بە (معاوية) جوێندانە بە (عمرو بن العاص) ، **ئەمە قسەیەکی خراپە**) .

قال السائل : ألاَ يُنهى عن **هذه الكتب** التي فيها هذا الكلام ؟

واتە : ئایا ڕێگری ناکرێت لە **ئەم کتێبانە** (واتە : کتێبەکانی سەید قوتب) کە ئەم قسانەی تێدایە ؟

فقال الشيخ ابن باز: (**ينبغي أن تُمزّق**) (شرح رياض الصالحين للشيخ ابن باز بتاريخ يوم الأحد ١٤١٦/٧/١٨).

(شێخ ابن باز)یش فەرمووی : **پێویستە بدڕێنرێن** .

* وقال العلاّمَة الإمام الشيخ الألباني رحمهُ الله مُخاطباً الشيخ ربيع معلقاً على خاتِمة كتاب "العواصم مِمَّا في كتب سيد قطب من القواصم" : ( **كل ما رددته على سيد قطب حقٌ وصوابٌ** ، ومنه يتبين لكل قارئ مسلم على شيء من الثقافة الإسلامية **أنَّ سيد قطب لم يَكُنْ على معرفة بالإسلام بأصوله وفروعه** .

فجزاك الله خيراً أيها الأخ الربيع على قيامك بواجب البيان والكشف **عن جهلهِ وا نحرافه عن الإسلام**).

واتە : زانا و پێشەوا شێخ ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت لەگەڵ (شێخ ربیع)دا دەدوێت لە کاتێکدا کە لەسەر کۆتایی کتێبی "پارێزەرەکان لەوانەی کە لە نێو کتێبەکانی سەید قوتبدا هاتووە لە پشت شکێنەرەکان" نووسیویەتی :

(**هەموو ئەوانەی کە بەرپەرچی سەید قوتبت داوەتەوە حەقە و ڕاستە** ، وە لەوەوە ڕوون دەبێتەوە بۆ هەموو خوێنەرێکی موسڵمان کە شتێك لە ڕۆشنبیری ئیسلامی هەبێت کەوا **سەید قوتب شارەزایی نەبووە سەبارەت بە ئیسلام بە بنچینەکانی و لقەکانیشیەوە** .

جا خوا پاداشتی خێرت بداتەوە ئەی برام (شێخ ربیع) لەسەر هەستانت بە ئەرکی ڕوون کردنەوە و دەرخستنی **نەزانی و لادانی سەید قوتب لە ئیسلام**) .

* وقال العلاّمَة صالح الفوزان : (**سيد قطب جاهِلٌ ما عنده علم** ولا عنده معرفة ولا عنده أدلة على ما يقول) .

واتە : **سەید قوتب جاهیل و نەزانە** ، عیلمی لە لا نییە ، زانیاری لە لا نییە ، بەڵگەی لە لا نییە لەسەر ئەوەی کە دەیڵێت . [دفع بغي الجائر ص : (٤٦)] .

* وقال الشيخ صالح اللحيدان عن تفسير سيد قطب "في ظلال" : (هو **مليءٌ بما يُخالِفُ العقيدة** ، **فالرجل** رحمه الله **ليس من أهل العلم**) [من شريط درس بعد صلاة الفجر في المسجد النبوي بتاريخ (٢٣ / ١٠ / ١٤١٨)].

دەوترێت : فلانە زانایان گەڕاوەتەوە ، ڕوون نەبوونەتەوە لە حەقیقەتی بابەتەکە ، پەلەیان کرد ، فەتوایەکی ئارەزوومەندیانە بوو ، چەواشەکراون ، فەتوای دەسەڵاتدارانەیە ، پێداچوونەوەی بۆ نەکراوە !!!

٤٠ / ئەگەر باسی ئەهواء و جەماعات و ئەحزاب و بیدەع بکەیت وەکو بیدعەی خەوارج تورە دەبن[١٣] ، وترا بە (أبو بكر بن عياش) : کێ سوننییە ؟

---

واتە : (الشيخ صالح اللحيدان) سەبارەت بە (تەفسیری "في ظلال"ی سەید قوتب) فەرموویەتی : (**پڕە لەوانەی کە پێچەوانەی بیروباوەڕە ، ئەو پیاوە** خوا ڕەحمی پێبکات **لە ئەهلی عیلم نییە**) .

* وقال الشيخ صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ عن تفسير سيد قطب "في ظلال" : (**اشتمل كتابهُ على كثير من البدع والضلالات**) [دفع بغي الجائر ص : (٦٠)] .

واتە : (الشيخ صالح بن عبدالعزيز آل الشيخ) سەبارەت بە (تەفسیری "في ظلال"ی سەید قوتب) فەرموویەتی : (**کتێبەکەی زۆرێك لە بیدەع و گومڕایی لە خۆ گرتووە**) .

ئەمە هەڵوێست و وتەی زانایانی ئەهلی سوننەیە سەبارەت بە سەید قوتب ، ئایا ئێوەی حزبی چی دەڵێن ؟؟؟؟؟

بۆ زانیاری زیاتر و زانینی سەرچاوەی ئەم وتانەی سەرەوە ئەوا ئامۆژگاریت دەکەم بە خوێندنەوەی ئەم دوو کتێبە :

١ ـ (براءة علماء الأمة من تزكية أهل البدعة والمذمة) ص: (٣٤ـ٣٠) .

٢ ـ (دفع بغي الجائر الصائل على العلامة ربيع بن هادي والمنهج السلفي بالباطل) ص : (٢٨ ـ ٧٦) .

**هەروەها ئامۆژگاریت دەکەم بە خوێندنەوەی هەموو کتێبەکانی (شێخ ربیع) سەبارەت بە هەڵە و لادانەکانی سەید قوتب .**

[١٣] دەڵێم : وە بە پێوانەشەوە ئەگەر باسی سەلەفییەت و سەلەفییەکان و زانایان و بانگەوازکارانی بانگەوازی تەوحید و سوننەت بکەیت ئەوا پێدەکەنن و سوکایەتی و گاڵتە دەکەن و چەندین لاقرتێ و تەعلیق و تانە و تەشەریان لێ دەدەن وەکو ئەوەی کە دڵێن : (ئەمانە عەمیل و بەکرێگیراوی دەسەڵاتن) (ئەمانە مورجیئەن) (ئەمانە جاسوس و موخابەراتن) (ئەمانە ئاگایان نییە لە فقهی واقع) (ئەمانە علماء نین بەڵکو

فەرمووی : ئەو کەسەیە کەوا ئەگەر لە لایدا باسی ئەهواء و بیدەعت کرد دەمارگیر نەبێت بۆ هیچ شتێك لێیان !

جا تۆ چاودێریان بکە لە کاتی باسکردنی هەڵە و بیدعەی جەماعەتەکەیان ، وە بەشێك لە چەواشەکاریەکانیان بریتییە لە بڵاودەکەنەوە ئەوەی کەوا موسڵمانان یەکسانن و جیاوازی نییە لە نێوانیاندا : بە (سوننی) و (موبتەدیع)یشەوە ، چونکە بنەواکانی جەماعەتەکەیان بیدعە و داهێنراون .

٤١ / توندووتیژی لە دەربڕینی بۆچوونەکانیاندا ، وە نەبوونی ئامادەیی تێگەیشتن لە ڕای لایەنەکەی تر چ جای قەبوڵ کردنی ، ئەگەر چی ئەو کەسەش کە پێچەوانەیانە زانایەکیش بێت ، بەڵکو تەنانەت دەستەی گەورە زانایانیش بێت ، چونکە وتە لای ئەوان ئەوەیە (حذامِ) (جەماعەتەکیان) وتویەتی ، وە وا دەبینن کەوا هەمیشە حەق لای ئەوانە ، وە ئاسانترین شت بە لایانەوە ئەوەیە کە ئەو کەسەی پێچەوانەیان دەکات بە نەزانی دادەنێن .

٤٢ / دڵخۆش بوون بە هەموو ئەو کەسانەی کەوا گێرەشێوێنی و هەراوهوریا بەرپادەکەن لە ئاست زانایان و بانگەوازکاران بۆ لای مەزهەبی سەلەف[١٤] و

عُملاء ن) (ئەمانە کلك و داردەستی عەلمانیەکانن) (ئەمانە ... ) (ئەمانە ... ) !!! ﴿قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ﴾ !

(١٤) لَمْ يفرح بتشغيب أبي الحسن المأربي وتهجمهِ على أئمة الدعوة السلفية في زماننا .كالشيخ ربيع المدخلي . وتأصيلاتهِ "الجديدة" إلاَّ الحزبيون !

وظهر منها أنَّ للمأربي في ذلك مآرب أخرى وأخرى ! ولكن صدق الله إذ يقول : ﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنِ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ، وصدق النبي (ﷺ) حين أخبر أنَّ الطائفة الناجية المنصورة لا يضرها من خذلها !

واتە : کەس دڵخۆش نەبوو بە گێرەشێوێنی و هەراوهوریاکانی (أبو الحسن المأربي) و هەڵچوونەکانی لە دژ پێشەوایانی بانگەوازی سەلەفییەت لەم سەردەمەماندا ـ وەکو شێخ ربيع المدخلي ـ و هەروەها بنەواداڕێژراوە "نوییەکانی" تەنها حزبییەکان نەبێت !

وە دەرکەوت کەوا (مأربي) لەوەدا چەندین مەبەستی سووك و ریسوای هەبوو ! بەڵام خوا ڕاستی کردووە کە دەفەرموێت : ﴿بەڕاستی خوا بەرگری دەکات لەوانەی باوەڕیان هێناوە﴾ ، وە پێغەمبەریش (ﷺ) ڕاستی کردووە کە هەواڵیداوە بەوەی کەوا کۆمەڵی ڕزگاربووی سەرکەوتوو ئەوانە زینیان پێناگەیەنن کەوا پشتیان بەردەدەن !

**لێرەدا دەپرسم :**

ئایا کێ بوون ئەوانەی کە لە کوردستاندا ڕەشنووسە دەغەڵەکانی (حەسەن سەقافی صۆفی) و (ئەبو بەصیری تەکفیری)ـان بڵاودەکردەوە کە لە دژی (شێخ ئەلبانی)دا نووسرابوون ؟

کێ بوون ئەوانەی ئەو ڕەشنووسە دەغەڵەی کە ناوی (تناقضات الألباني الواضحات !!) بوو بڵاودەکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی چەواشەبکەن و وا تێیان بگەیەنن کەوا (شێخ ئەلبانی) خاوەنی چەندین هەڵەیە ! بۆیە شایەن و شیاوی ئەوە نییە فەتواکانی وەربگیرێت و کاریان پێبکرێت لە بارەی ئەحزاب و جەماعاتی ئیسلامی و بەیعەت و جیهاد و خروج و تەکفیر و سیاسەت و حاکمیەت ... هتد ؟؟؟

کێ بوون ئەوانەی ئەو ڕەشنووسە دەغەڵەی کە ناوی ( الرد على من جادل عن الطواغيت) بوو بڵاودەکردەوە بۆ ئەوەی خەڵکی چەواشەبکەن و وا تێیان بگەیەنن کەوا (شێخ ئەلبانی) بەرگری دەکات لە دەسەڵاتدارە تاغوتەکانی سەردەم و لە مەسائیلی ئیمان و کوفر و حاکمیەتدا مورجیئەیە ! بۆیە شایەن و شیاوی ئەوە نییە فەتواکانی وەربگیرێت و کاریان پێبکرێت لە بارەی ئەحزاب و جەماعاتی ئیسلامی و بەیعەت و جیهاد و خروج و تەکفیر و سیاسەت و حاکمیەت ... هتد ؟؟

ئایا هەر تەنها کەسانی حزبی نەبوون ئەو ڕەشنووسە دەغەڵانە و هاوشێوەکانیان بڵاودەکردەوە لە کوردستاندا ؟!

ئایا سەلەفییەکان بوون ئەو ڕەشنووسە دەغەڵانە و هاوشێوەکانیان لە نێو کوردستاندا بڵاودەکردەوە دژ بە (شێخ ئەلبانی) یان ئەندام و لایەنگرانی ئەحزابی ئیسلامی بوون یان جن و شەیاطین لە مەریخەوە هاتبوون بۆ بڵاودەکردەوەیان ؟!!

وە ئەگەر بمەوێت ناوی دانەدانەی ئەو کەسە حزبیانەی کە لە کەلاردا ئەو ڕەشنووسە دەغەڵانەیان بڵاودەکردەوە دژ بە (شێخ ئەلبانی) دەخەمە سەر لاپەڕەی نووسراوەکانمان ؟؟!!!

کاربەدەستان ، وە ناویشی دەبەن بە (الشيخ العالِم العلاَّمة) ئەگەر چی گەنجێکیش بێت لە سەرەتای قۆناغەکانی فێربووندا* ، بەڵکو ئەگەر چی ئەم گێرەشێوێنە ئەندامێکیش لە نێو حزبێکی گومانلێکراودا وەکو (حزبی تەحریر) یان (جەماعاتی تەکفیر)[١٥] !

٤٣ / بەرهەڵستی کردن لەگەڵ کاربەدەستاندا ، زانایان دەڵێن : قنوت لە بوارە گشتی‌یەکانە کە پەیوەستە بە ئاسایش و ترسەوە و دەبێت تێیدا بگەڕێیتەوە بۆ لای کاربەدەستان ، بەڵام ئێخوان داکۆکی دەکەن لەسەر قنوت خوێندن بە بێ فەتوای زانایان بە مەبەستی بەرهەڵستی کردن و لە رووەستانی کاربەدەستاندا ئەگەر چی لە بواری پەرستنیشدا بێت !

ئایا ئێخوان نازانن گوێڕایەڵی کردنی کاربەدەستان لە جگە لە سەرپێچیدا واجب و پێویستە ، وە دوعای قنوتیش سوننەتە ، باشە چۆن سوننەت پێش دەخەن بەسەر واجبدا ؟

---

* بڕوانە لاپەڕە (٥٥)ی ئەم کتێبە .

[١٥] **لێرەشدا دەپرسم** :

ئایا کێ بوون ئەوانەی کە لە کوردستاندا ڕەشنووسە دەغەڵەکانی (أبو قتادة الفلسطيني) و (أبو محمد المقدسي) و (أبو حمزة المصري) و (أبو الأعمى) و (عبد القادر عودة)ي سەرانی تەکفیریان بڵاودەکردەوە دژ بە کاربەدەستان و کۆمەڵگای موسڵمانان ؟!!

ئایا سەلەفییەکان بوون ئەو ڕەشنووسە دەغەڵانە و هاوشێوەکانیان لە نێو کوردستاندا بڵاودەکردەوە دژ بە (کاربەدەستان و کۆمەڵگای موسڵمانان) یان ئەندام و لایەنگرانی ئەحزابی ئیسلامی بوون یان جن و شەیاطین لە مەریخەوە هاتبوون بۆ بڵاودەکردەوەیان ؟!!

٤٤ / ڕاوبۆچوونیان لە ڕووداوەکان و بابەتە شەرعیەکاندا یەك شتە : لە باکور و باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ناوەندی وڵاتدا ڕاوبۆچوونیان یەك شتە ، ئەنجا دەشڵێن : ئێمە جەماعەت نین و ئێمە ڕێکخستمان نییە و هەروا بە ڕێکەوت بەو شێوەیە بینراوین ! بۆ نموونە : هەڵوێستیان لە جەنگی کەنداودا .

٤٥ / ئەگەر کەسێك جگە لە خۆیان هەڵە بکات ئەوا وەیل بۆ حاڵی دووبارە وەیل بۆ حاڵی لە زمانیان ، بەڵام ئەگەر یەکێك لە خۆیان هەڵە بکات ئەوا بە لای ڕاست و چەپدا چەندین بیانووت بۆ دێت : ئەمە خوا سوودی پێگەیاندووە ، ئەمە دڵۆپەیەکە لە دەریای چاکەکانی ، خۆ پارێزراو نییە لە هەڵە ، ئێوە حەسودی پێدەبەن .

بۆ نموونە سەبارەت بە هەڵەکانی (سەید قوتب) لە بیروباوەڕ و عەقیدەدا ـ ئەگەر دانی پێدا بنێن ـ دەڵێن : ئەم پیاوە ئەدیب بووە و بوارەکانی بیروباوەڕ و عەقیدە نازانێت !

ئەمەیش دەڵێین : شایەتێك لە خۆیان شایەتی لەسەر دا ، کەسێکی نەزانە و دەیکەنە پێشەوا ؟!

٤٦ / گوێڕایەڵی کوێرانە پێویست دەکەن لەسەر شوێنەکەوتەکانیان ، بۆیە هەموو شتێك بە مۆڵەت وەرگرتنە ، تەنانەت ڕۆیشتن بۆ سەرئاویش[١٦] ، وە هەرکەسێك سەرپێچی بکات ئەوا هەڕەشەی دەرکردنی (فەصڵ کردنی)

---

(١٦) دیارە شێخ لێرەدا مەبەستی بەمە کاتی کۆبوونەوەکانیانە !

لـێدەکرێت[١٧] ، لەبـەر ئـەوە هەرکەسـێك وازیـان لـێبێنێت هەسـت دەکـات بـە پیاوەتی و سەربەرزی لە پاش زەلیلی و ریسوایی ، ئایا نازانیت ئیخوان هەستاون

[١٧] بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەمە : (شێخ ئەلبانی) فەرموویەتی : ﴿لێرەدا لە (ئەردەن) وەك دەزانن (جەماعەتی **الإخوان الـمسلمين**) هەیـە ، (**جەماعـەتی ئیخـوان**) بڕیارێکیـان دەرکـرد بـە دابڕانـی تاکـەکانی **ئیخـوان** لـە (ئەلبانی) و دابڕانی دەرسەکانی (ئەلبانی) لێرەدا ، وە بە کردەوەیی ئێمە شوێنەواری ئەم دابڕانەمان دەبینی کاتێك کە یەکێك لە ئێمە بیدایەت بە لای برایەك لە (**برایانی موسڵمان**) ئەوا دەست بـەجێ سـلامی لـێدەکرد بەڵام دوای بڕیارەکە خۆی مۆن دەکرد و ڕووی وەردەگێرا و پشتی لـێ دەکرد ، ئەمـە لە بەر چی ؟

چونکە سەرکردایەتی بڕیاری داوە بۆیە واجب و پێویستە گوێڕایەڵی بۆ بکرێت ، ئەگەر چی لێـرەدا هـیچ هۆکارێکیش نەبێت ، هەموو هۆکارێك تەنها ئەوە بـوو چـونکە (ئـەلبانی) بانگـەواز دەکـات بـۆ لای (قورئـان و سوننەت بە پێی بەرنامەی سەلەفـی صـالح) .. وە ئـەم بانگـەوازەش بـێ گومـان کاریگـەر دەبێت بـۆ سـەر هەندێك لە تاکەکانی کۆمەڵی **ئیخوان** ، وە بە کردەوەیی ئەم شتە ڕووی دا ، بۆیە وریا و ئاگـادار کرانـەوە .. هەندێکیان ئاگادار کردەوە : پاشان دوای ئەوە (**وەستێنران و پەکخران لە کاری ڕێخسـتن**) ئـەنجا دوای ئـەوە (**دەرکرانە دەرەوەی حزب**) لە بەر چی ؟!

چونکە **ئیخوان** داوایان لێیان کرد کە ئامادەی دەرسەکانی (ئەلبانی) نەبن ، ووتیان : ئەی جەماعەت ئەم داواکارییە کارێکی زۆر سەرسوڕ هێنەر و سەیرە ! (ئەلبانی) یەکم شت : **حزبێك پێك ناهێنێت و خەڵکی بۆ کۆبکاتەوە** تاوەکو زەرەر و زیانی هەبێت بۆ حزبەکەی ئێوە ! بەڵکو تەنها بانگەواز دەکات بـۆ لای (قورئـان و سوننەت) ، وە دووەم شت : ئێمە سودمەند دەبین بە دەرسەکانی و ئەوەنـدە سـودیان لـێ دەبیـنین کـە لـە (وتار و موحازەرەکانی) ئێوەدا نایبینین ! باشە ئیتر بۆ چی فەرمانمان پێ دەکەن بە ئامادەنەبوونی دانیشتنەکانی ئەم پیاوە ؟! ئەوانیش ووتیان : دوو لایەنگیری و دوو دۆستایەتی کردن نابێت یان دەبێت دۆستایەتی و لایەنگیریتان بۆ ئێمەی **ئیخوان** ببێت وە یان بۆ شێخ (ئەلبانی) ببێت سُبْحَانَ الله !!!

لە بەر ئەمە وریا و ئاگادارکرانەوە و مۆڵەتی شەش مانگیان پێیاندا : یان دەبێت لەگـەڵ ئێمـەدا بـن وە یان گەڵ شێخ (ئەلبانی)دا بن ! ووتیان : ئێمە نابینین هیچ ناهەمواری و نەگونجانێك هەبێت لە نێوان ئـەوەی کە لەگەڵ ئێوەدا بـبین وەك (**برایانی موسڵمان**) و ئـەوەی کـە سـودببینین لـە دەرسـەکانی شـێخ ، ووتیـان : نابێت ، بۆیە دوای شەش مانگ بانگ کران و پێیان ووترا : چ شتێکتان بۆ دیاری بووە و بڕیارتان بە چییـە ؟

به دانانی کۆمەڵێك له گەنجان بۆ چاودێری کردنی تاکەکانیان لە ژێر دروشمی "بایەخدان بە گەنجان" بە تایبەت ئەگەر هەست بکەن ئەو تاکە پەیوەندی هەیە بە سەلەفییەکانەوە(١٨) ؟!

---

ووتیان : (وەڵاهی) ئێمە ئەو سودەی کە لە دەرسەکانی شێخدا بینیومانە ئەوەندە سودمان نەبینیوە بە درێژای ئەو هەموو ساڵەی کە پەیوەندیمان پێتانەوە کردبوو ، **بۆیە دەرکرانە دەرەوەی بازنەی حزب** !

ئەمە شوێنەوارێکە لە شوێنەوارەکانی ئەم فیرقە و کۆمەڵە پارچە پارچە بووانە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کردووە بە دوور گرتن لە هەموویان ، لە بەر ئەمە زەرەر و زیانی ئەم ڕێکخستن و کۆمەڵگیرییە حزبی‌یە ئەگەر بە دەستیش هەستی پێ نەکەین .. ئەوا پێچەوانەیەتی کردنی بۆ شەرع تەنها بەڵگەیەتی نموونەی ئەم فەرموودەیەی (حُذيفة) و نموونەی ئەم ئایەتە پیرۆزەی بەسە کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَكُونُوا مِنَ الْمُشْرِكِينَ (٣١) مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا كُلُّ حِزْبٍ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ﴾ ، لە بەر ئەمە ئەم فەرموودەیە : فەرموودەکەی (حُذيفة) ـ کە فەرموودەناسان یەك دەنگن لە سەر ئەوەی کە صەحیحە ـ جێبەجێ دەبێت ـ جێبەجێ بوونێکی تەواو ـ بە سەر هەموو حزبەکاندا ...﴾ [(مُفَرَّغ من أشرطة "سلسلة الهُدى والنور" الشريط رقم : (٦٩٩ / ١)] .

(١٨) بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەمە : پێش چەند ساڵێك من خانووێکم گرت بە کرێ بۆ نیشتەجێبوون تێیدا لە گەڕەکی (...) لە شاری کەلار ، ماڵی خاوەن خانووەکە بە تەنیشت خانووە بە کرێدراوەکەوە بوو کە من تێیدا بووم ، ئەوە ماڵە یارمەتییەکیان پێدەدرا لە لایەن (حزبی یەکگرتووی ئیسلامی‌یەوە) وەکو (یەتیمانە) ، هەر بە هۆی ئەو یارمەتیەوە مەرجیان لەسەر دانابوون کەوا دەبێت هەندێك لە ئەندامانی ئەو خێزانە بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوەکانی (قوتابیان و خوشکان ..) بکەن بۆ ئەوەی یارمەتیەکەیان نەبڕێت !

سوپاس بۆ خوا دوای سەقامگیربوون لەو خانووەدا هەندێك دەرسی شەرعیم لە ماڵدا دەوتەوە بە هەندێك لە قوتابیانی عیلم ، جا لەو سەروبەندەدا کوڕێکی ئەو ماڵە کە ئامادەی (کۆڕ و کۆبوونەوەکانی قوتابیانی یەکگرتووی ئیسلامی) دەبوو پێی وتم : ڕووخسەتم دەدەیت منیش وەکو گوێگر ئامادەی ئەو دەرسانەت ببم لەگەڵ قوتابیەکانی تردا ؟

منیش بە سنگ فراوانیەوە لە وەڵامیدا وتم : بەڵێ تۆیش وەرە بۆ ئەوەی سوودمەند ببیت !

جا ئەو کوڕە دوای ئەوە شەوێك هات بۆ ماڵ و ئامادەی دەرسێکمان بوو ! بەڵام ئەوە تەنها

٤٧ / زیادەڕەوی کردن لە دابەشکردنی بڵاوکراوەدا[١٩] ، ئەم بڵاوکراوانەش بە لای ئەوانەوە ڕاستترین و متمانەپێکراوترین سەرچاوەن ، بەڵکو ئەوان چەندین

---

یەکەم جار و کۆتا جاریش بوو !!!

دەزانن بۆ ؟

چونکە ڕێکخستنی (حزبی یەکگرتووی ئیسلامی) لە ڕێگای چاودێرەکانیانەوە زانیبوویان کەوا ئەو کوڕە گەنجە ئامادەی دەرسی سەلەفییەکان بووە !!! بۆیە پێیان وتبووو : **ئەگەر جارێکی تر ئامادەی دەرسی سەلەفییەکان ببیت ئەوا یارمەتیەکەتان دەبڕین !!!**

لەبەر ئەمە هەرچەندە من بۆ ماوەی زیاتر لە شەش ساڵ لەو خانووەدا دەرسی شەرعیم دەوتەوە بەڵام ئەو کوڕە گەنجە بۆ تەنها جارێکی تر نەیتوانی دووبارە ئامادەی هیچ دەرسێکمان ببێت هەرچەندە نێوان خانوەکەی ئێمە و خانوەکەی ئەوان تەنها بیست (٢٠) سانتیم بوو !

[١٩] ئاشکرایە کە مەبەست بە (المنشورات / بڵاوکراوە) لێرەدا بریتی نیە لە (کتێب و نامیلکە و گۆڤاری و بڵاوکراوەی شەرعی) !! چونکە ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندترینی تایبەتمەندیەکانی سەلەفییەکان !

بەڵکو ئەوان هەمیشە (گۆڤار و ڕۆژنامە و لافیتە و پۆستەری سیاسی و حەماسی) بڵاودەکەنەوە کە زیاتر جەخت لەسەر ئەم خاڵانە دەکەنەوە :

١ - بانگەواز کردنی جەماوەر و کۆمەڵانی خەڵك بۆ پەیوەندی و لایەنگیری کردن بۆ حزب و بەشدار بوونیان لە یاد و بۆنە و کۆڕ و ئاهەنگەکانیدا !

٢ - ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر بۆ لای لیست و کاندیدکراو و پاڵێوراوانی حزب لە کاتی کێبڕکێی هەڵبژاردنەکاندا !

٣ - وروژاندنی ڕای گشتی دژ بە کاربەدەستان و ئەنجا ئەنجامدانی خۆپیشاندان و ئەنجا شۆڕش بەرپاکردن و .. و !

٤ - پیاهەڵدان و بانگەشەکردن بۆ بەشداری کردن لە بۆنە داهێنراوەکاندا وەکو بیدعەی (المولد النبوي) !

شایانی باسە کەوا جەماعات و ئەحزابی ئیسلامی بۆ ئەم مەبەستە بێ حەد و حیساب و هەژمار پارە و سامانی موسڵمانان بە فیڕۆ و زایە دەدەن و هەمووی ضایع و تەبذیر دەکەن ! لە کاتێکدا کە خوای گەورە

کەسیان بە کرێ گردتووە بۆ بڵاوکردنەوەیان لە نێو مزگەوتەکاندا ، وە جگە لە مزگەوتەکانیش لە نێو گوند و دەشتاییەکاندا ، هەروەها کاسێتی قەدەغەکراویشت لە یاد نەچێت !

٤٨ / ئەگەر نەیانتوانی وەسفی کەربەدەستان و حوکمەتەکانیان بە عەلمانیەت "کە کوفرە" ئەوا سەبارەت بە هەندێك لە بڕیارەکانیان[٢٠] دەڵێن : ئەمانە بڕیاری عەلمانیانەن !

٤٩ / کە بریتییە لە سەرسوڕهێنەرترینی نیشانەکانیان : بەڕاستی ئیخوان لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆرن کە چی بێدەسەلاتن لە بەرپەرچدانەوەی ئەو کەسانەی کەوا گومڕایەتیەکانیان و خورافیاتەکانیان ڕوون دەکاتەوە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر فشۆڵی و لاوازی ئەم جەماعەتە[٢١] ، وە بەڵگەشە لەسەر ئەوەی کە هەرچی پشتیوانن و سەرخەرانی سوننەت وتویانە لەبارەیانەوە ڕاستە و حەقە .

---

فەرموویەتی : ﴿وَلاَ تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا * إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُواْ إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ﴾ ، وە پێغەمبەریش (ﷺ) : ((نَهَى عَنْ إِضَاعَةِ الْمَالِ)) .

[٢٠] لێرەدا شێخ مەبەستی ئەو جۆرە بڕیارانەیە کەوا بەلای حزبییەکانەوە قەبوڵ و پەسەند نین ، وەکو بڕیاری (تەوقیف کردنی سەلمان عۆدە و سەفەر حەوالی) ، هەروەها وەکو بڕیاری (قەدەغەکردنی ڕۆیشتنی گەنجان بە ناوی جیهادەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کەوا جێی فیتنە و ئاشوبن وەکو عێراق و ئەفغانستان) !

[٢١] لەو کتێبانەی کەوا سەبارەت بە جەماعەتی (الإخوان المسلمون) و سەرەکانیان نووسراوە و هەتاوەکو ئێستایش لە لایەن حزبییەکانەوە بەرپەرچ نەدراونەتەوە :

١ . الطريق إلى الجماعة الأم .

٢ . القرضاوي في الميزان .

٣ . کتێبەکانی (الشيخ ربيع المدخلي) کە سەبارەت بە گومڕایی و لادان و هەڵەکانی (سيد قطب) نووسیونی .

٤ ـ جماعة واحدة لا جماعات .. کـە سـەبارەت بـە گـومڕایی و لادان و هەڵـەکانی (عبدالرحمن عبدالخالق) نووساروە .

٥ ـ ئەو کتێبانەی کەوا بە زمانی کوردی سەبارەت بە حزبایەتی و ئەحزابی ئیسلامی نووسراون .

٦ ـ کتێبی : (گفتوگۆیەکی ئاشکرا و هێمنانە لەگەڵ مامۆستا سەید ئەحمەدی یەککرتوو) .

وە بە پێچەوانەشەوە هەر کەسێکی موبتەدیع و حزبی ئەگەر لە تەنها بوارێکدا و تەنها وشەیەکیش هەڵە بکات ئەوا بە لێشاو بەرپەرچەدرێتەوە لە لایەن زانایان و قوتابیانی عـیلم و بانگـەوازکارانی سـەلەفییەتەوە ، ئەمەش بە مەبەستی بەرگری (دِفاع) کردن لە دینی خوا و (حِـماية) پاراستنی ڕێبازی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بۆ ئەوەی زیادەڕەوی و لادان و داهێنراوی تێکەڵ نەکرێت بەناوی دینـەوە لـە لایـەن کەسـانی جاهیـل و حزبـی و بیدعەچی‌یەوە !

ئەمەش ئەو فەرموودەیەمان بیردەخاتەوە کە پێغەمبەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی : ((يَحْمِلُ هَذَا الْعِلْمَ مِنْ كُلِّ خَلَفٍ عُدُولُهُ : يَنْفُونَ عَنْهُ تَحْرِيفَ الْغَالِينَ وَانْتِحَالَ الْمُبْطِلِينَ وَتَأْوِيلَ الْجَاهِلِينَ)) [رواه البيهقي وصححه الألباني في "مشكاة المصابيح" رقم : (٢٤٨)] .

واتە : ئەم زانستە لە هـەموو نەوەیەکدا کەسـانی دادوەر و ڕاسـاڵ هەڵیـدەگرن : لادانـی زیـادەڕەوان و پێوەنانی پووچەڵکاران و بەهەڵەلێکدانەوەی نەزانەکانی لـێدووردەخەنەوە .

بەڕاستی ئەم فەرموودەیە دەقاودەق تەنها و تەنها بەسەر سەلەفییەکاندا ساغدەبێتەوە ، چونکە تـەنها ئەوانن بەو ئەرکە پیرۆزانە هەستاون .

بەڵکو ئێمەی شوێنکەوتەی بانگەوازی سەلەفییەت بە حەق بەرپەرچدانەوەی ئـەهلی بیـدەع و حزبایـەتی بە جیهاد دەزانین لە پێناوی خوادا هـەروەکو (شيخ الإسلام ابن تيمية رحمهُ الله) فەرموویـەتی : (الرَّادُ على أهل البدع مُجاهد ، حتى كان يحيى بن يحيى يقول : الذَّبُّ عن السُّنَّة أفضلُ من الجهاد) [مجموع الفتاوى. (4 / 13) :

واتە : ئەو کەسەی کە بەرپەرچ و وەڵامی ئەهلی بیدەع دەداتەوە موجاهیدە ، تا ئەو ئاستەی کـە (يحي بن يحيي) دەفەرموێت : بەرگیری کردن لە سوننەت باشترە لە جیهاد .

بەڕاستی ئێمە شانازی دەکەین بەو هەموو (ڕەد و ڕدوودەی) کە دەیاننووسین لە پێناوی بەرگیری کـردن لە دینی خوا و بانگەوازی سەلەفییەت و زانایانی ئەهلی سوننەوە و هەموویشی بە جیهاد دەزانین .

٥٠ / دەست هەڵگرتن لە تاکەکان ئەگەر ئاشکرا بوون ، جا ئەو کەسەی بەند دەکرێت و دەناسرێتەوە کە لە جەماعەتە بە کاغەزێکی سووتاوی دادەنێن .

٥١ / ئەوان ـ مەبەستم ئێخوانەکانی دوورگە و کەنداوە ئەوانەیان کە ئەم کتێبانە بە دەرس دەخوێنن "كتاب التوحيد وكشف الشبهات وثلاثة الأول" ـ هەندێك جار ئینکاری دەکەن لە بیدەع و شیرکیات ئیللا مەگەر لە سەرە دیار و ڕیسادانەرەکانی جەماعەتەوە دەربچن[٢٢] !

هەواڵمان بدەنێ ئایا بەرپەرچدانەوەتان هەیە لەسەریان ؟

بەڵکو ئەگەر سەرپێچیەکانیان بخرێتە بەردەستیان ئەوا بە پەلە بێ ئەوەی تێتبگەیەنن دەڵێن : لەوانە مەبەستی ئەوە بێت !

وە لەوانەیە تەوبەی کردبێت ! وە ئەو چەندین چاکەی هەیە !

وە خوا سوودی پێ‌ی گەیاندووە ! وە شەهیدە[٢٣] !

---

[٢٢] دەڵێم : هەموو ئەندام و لایەنگر و بانگەوازکارانی حزبایەتی و جاماعات و ئەحزابی ئیسلامی ئەگەر سەرە دیار و ڕیسادانەرەکانیان (بیدەع و شیرکیات)یش ئەنجام بدەن و بانگەوازیشی بۆ بکەن (وەکو ئەوانەی سەید قوتب و حەسەن بەننا و قەرەزاوی و.. و ..) ئەوا لەو کاتەدا بێ‌دەنگ دەبن و هیچ نالێن ! بەڵکو ئەگەر زانایانی و بانگەوازکارانی ئەهلی سوننە بەرپەرچیان بدەنەوە ئەوا زۆر زۆریان پێ‌ناقەبوڵە ! بەڵکو دەیان بوهتان و تانە و تەشریشیان لێ دەدەن وەکو : (ئێوە عەمیل و بەکرێ‌گیراوی عەلمانیەکانن) (ئێوە غەیبەتی زانایان و بانگەوازکاران ـ ئەوانەی خۆیان ـ دەکەن) ... هتد ! ! !

[٢٣] وأكثر من يصفونه بذلك سيد قطب .

واتە : ئەو کەسەی کە زیاتر بە (شەهید) وەسفی بکەن بریتی‌یە لە (سەید قوتب) .

قال الإمام البخاري في صحيحه "كتاب الجهاد والسير ، باب : **لاَ يُقالُ فُلاَنٌ شَهِيدٌ**" ، وقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) : ((اللَّهُ أَعْلَمُ بِمَنْ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِهِ ، وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَنْ يُكْلَمُ فِي سَبِيلِهِ)) .

وە لەوانەیە ئەو تفاق و هەوارگەی خۆی دانابێت لە نێو بەهەشتدا! پێشەوایە!
یان دەڵێن : ناوەکان ڕاشکاوانە باس مەکەن ، باسی مردووەکان مەکەن ، وە فەرموودەی "بۆ چی خەڵکانێك" دەکەنە بەڵگە کە لە جێی خۆیدا نییە ، وە مەبەستیشیان بەمە پاراستنی گەورەیی سەرە دیارەکانی جەماعەتە ، وە فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) لە بیری خۆیان دەبەنەوە کە فەرموویەتی : "ئەمە خراپترینی برای عەشیرەتە" ، وە فەرمایشتی سەبارەت بە (ذو الخويصرة) : "لە نەوەی ئەمە کەسانێك دەردەچن .." ، هەروەها وریاکردنەوە پێغەمبەر (ﷺ) لە خەوارج ، وە باس کردنی دەجال بە ناو و سیفەتی یەوە و ئەوەشی کە پێیەتی لە فیتنە و ئاشوب ، هەروەها باس کردنیشی بۆ سیفەتەکانی (ذو السويقتين)ی ڕووخێنەری کەعبە ، ئەنجا ئیخوان خۆیان ڕاشکاوانە ناوی ئەوانە دەبەن کە پێچەوانەیانن و بەرپەرچیان دەدەنەوە لە ئەهلی سوننە ، وە خەڵکییان لێ وریا دەکەنەوە بە دەستنیشان کردنیان .

٥٢ / خروج و دەرچوون لە هەموو کاربەدەستان بە بێ لێدەرکردن و جیاکردنەوە بە جائیز و درووست دەزانن[٢٤] لە پێناوی پێکهێنانی دەوڵەتی

---

واتە : بابەتێك سەبارەت بەوەی کە "نابێت بوترێت فلان شەهیدە" ، وە (أَبُو هُرَيْرَةَ ﷺ) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : "خوا خۆی دەزانێت کێ لە پێناوی ئەودا جیهادی کردووە ، وە خوا خۆی دەزانێت کێ لە پێناوی ئەودا بریندار بووە" .

[٢٤] تەنانەت ئیخوان و هەموو ئەحزابی ئیسلامی خروج و دەرچوون لە کاربەدەستانی وڵاتی تەوحید و سوننەتیش (دەوڵەتی سعودیە) نەك هەر بە جائیز و دروست دەزانن بەڵکو بە واجبیشی دەزانن ، **بەڵگەش لەسەر ئەمە** :

١ ـ (علي العشماوي) له نێو كتێبه‌كه‌یدا "التاريخ السري لجماعة الإخوان المسلمين" ده‌ڵێت : (وه له‌م كاته‌دا نوێنه‌رێك له سعودیه‌وه هات بۆ لام كه له ره‌گه‌زدا سودانی بوو ناوی (تاج السر محجوب) بوو نامه‌یه‌كی له ئیخوانه‌كانی ئه‌وێوه هه‌ڵگرتبوو ، وه ئه‌م نامه‌یه به پێی ئه‌و رێككه‌وتنه بوو كه له‌سه‌ری پێكهاتبووین له كاتێكدا كه فه‌رزی حه‌جم به‌جێده‌هێنا ، هه‌واڵیان پێدابووم كه **ئیخوانه‌كانی سعودی له كۆكردنه‌وه‌ی ئه‌و چه‌كانه‌دان كه داوامانكردبوو لێیان**) ! بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه لاپه‌ڕه (٤٤ ـ ٤٥)ی ئه‌م كتێبه .

=

٢ ـ پێكهێنان و دامه‌زراندنی لیجنه‌یه‌ك بۆ به‌رگری كردن له مافه شه‌رعیه‌كان له نێو (ده‌وڵه‌تی سعودی)دا به بێ مۆڵه‌تی ره‌سمی له ژێر ناوی : (لجنة الدفاع عن الحقوق الشرعية) له لایه‌ن : (مه‌سعه‌ری و هاوبیروڕایانی‌یه‌وه) به پشتگیری (سه‌لمان عۆده و سه‌فه‌ر حه‌والی و هاوشێوه‌كانیان) بڕوانه كتێبی : (القطبية هي الفتنة فاعرفوها) لاپه‌ڕه : (١٣٠ ـ ١٤٠).

٣ ـ خروج و ده‌رچوونی تكفیرییه‌كان به ئه‌نجامدانی چه‌ندین ته‌قینه‌وه و رووبه‌ڕوونه‌وه و ئینقیلابی چه‌كدارانه له چه‌ندین كات و شوێنی جیاوازدا له نێو جه‌رگه‌ی (ده‌وڵه‌تی سعودی)دا .

هه‌موو ئه‌مانه‌ش له لایه‌ن جه‌ماعه‌تی (الإخوان المسلمون) و هه‌ڵگرانی بیروڕاكانی ئه‌وانه‌وه ئه‌نجامدراون و هه‌موو ئه‌حزابی ئیسلامیش له هه‌موو دونیادا ئه‌م كارانه‌یان زۆر پێباشه و دڵخۆش و شادمان ده‌بن به بیستی ئه‌و جۆره هه‌واڵانه ! ئه‌گینا ئه‌گه‌ر وا نییه بۆ چی و له‌به‌ر چی بۆ ته‌نها جارێكیش ده‌نگی نیگرانی و ناڕه‌زایی و سه‌رزه‌نشت كردنی ئه‌و جۆره كارانه‌مان نه بینی و نه‌بیست له راگه‌یاندنی هیچ حزبێكی ئیسلامی‌یه‌وه !!!

جا ئه‌گه‌ر جه‌ماعه‌تی (الإخوان المسلمون) و هه‌موو ئه‌حزابی ئیسلامی ئه‌و جۆره كرداره خه‌وارجیانه به دروست به‌ڵكو به پێویست بزانن له نێو (ده‌وڵه‌تی سعودی)دا كه ته‌نها حوكم به شه‌رعی خوا ده‌كات ئه‌وا وه‌كو وتراوه (من باب أولى) له نێو هه‌موو ده‌وڵه‌تانی تردا به پێویستی ده‌زانن و هه‌وڵی بۆ ده‌ده‌ن و به‌ڵكو له چه‌ندین وڵاتی جیاوازیشدا به كردار ئه‌نجامیان داوه له‌وانه :

١ ـ خروج الإخوان المسلمين في حادثة حماه في سوريا .

٢ ـ خروج جماعة الجهاد في مصر .

٣ ـ خروج جبهة الإنقاذ في الجزائر .

٤ ـ خروج الحركة الإسلامية في كردستان .

ئیخوانی چاوەڕوانکراودا ، بەمەش سەرپێچی هەموو ئەو دەقانە دەکەن کەوا فەرمان دەکەن بە پەیوەستبوون بە یەکڕیزی و کۆمەڵی موسڵمانانەوە (**الجماعة**) ، وە دەرچوون و بەربەرەکانی قەدەغە دەکەن ، وە بۆ ئەمەیش پشتدەبەستن بە بڵاوکردنەوەی خەوبینین ، هەروەها بڵاوکردنەوەی کەموکوڕی فەرمانڕەوایان .

٥٣ / لە گۆڤارەکانیان "المجتمع ، والسمو ، والبيان ، والسنة" ، وە لە مۆڵگەکانیان : "المنتدى الإسلامي" کە خاوەن و ڕیسادانەرەکەی (مُحمَّد سرور بن

---

بەڕاستی ئیخوان و هەموو ئەحزابە ئیسلامی یەکانی ئەم سەردەمە لەم مەسەلەیەدا (**الخروج على الحكام**) پێچەوانەی (ئەصلێك لە ئوصولی ئەهلی سوننە و جەماعە) دەکەن و بەمەش دەبن بە (خەوارج)ی سەردەم هەروەکو زانای فەرموودەناس شێخ (أحمد شاكر) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (الإخوان المسلمون **خوارج العصر**) [مجلة الأصالة ، العدد : (٤٠) ص : (١١)] .

واتە : (الإخوان المسلمون) خەوارجی سەردەمن .

**سوودێك** :

ـ یەکێك لە ئوصول و بنەماکانی پیروباوەڕی ئەهلی سوننە بریتی یە لە : (پەیوەست بوون بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە و دەرنەچوون لە کاربەدەستانیان و وازهێنان لە خۆجیاکردنەوە لێیان) (لزوم جماعة المسلمين وعدم الخروج على ولاة أمرهم وترك مفارقتهم) .

ـ یەکێك لە ئوصول و بنەماکانی پیروباوەڕی خەوارج بریتی یە لە : (پێویستێتی دەرچوون لە کاربەدەستان و خۆجیاکردنەوە لە کۆمەڵی موسڵمانان) (وجوب الخروج على ولاة الأمر ومفارقة جماعة المسلمين).

ـ یەکێك لە ئوصول و بنەماکانی پیروباوەڕی موعتەزیلە بریتی یە لە : (پێویستێتی دەرچوون لە کاربەدەستان بە ناوی فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپەوە کە ئەمەش یەکێکە لە پێنج ئوصولەکەی موعتەزیلە) (وجوب الخروج على ولاة الأمر باسم الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر الذي هو أحد أصول المعتزلة الخمسة) .

نایف زین العابدین)ـــە[٢٥] ، **هـــەروەها** "الـمراكز الصيفية" ، **وە** "الـمكتبات" ، **وە** "جَماعــات التوعيــة الإســلامية في الــمدارس" ، **وە** "الكشــافة" ، **وە** "الــجوالة" ، **وە** "الندوة العالمية للشباب الإسلامي" .

---

(٢٥) **پێناسەی شێخ ئەلبانی بۆ (سروریەکان)** : پرسیار / نحن مجموعة من الطلبة تعرَّفنا إلى شبابٍ طيّبين ، وقد كانوا يُعطوننا دروساً في العقيدة والفقه وما نَحتاجه ، واستمر الأمر على ذلك فترةً من الزمان ، حتَّى وصلتنا إشاعة أنَّ بعضهم يُطلِقُ علينا (سروريُّون) ونَحن لا نعلم من هم (**السروريُّون**) ! وما معنَى (سروري) ! فأصبح عندنا شك وشعرنا **بأنَّنا مُنظَّمون** ! حيث إنَّ الشخص الذي يدرسنا كان يذهب بعد الدرسِ وبسريةٍ تامَّة **ويأتينا بأوامر جديدة** ! والحقيقة أنَّنا مللنا من هذه الأوامر التي كانت بصيغة (افعَلْ كذا ، ولا تفعلْ كذا .. إلخ) ! حتى إنه كان يصلهم شكاوى علينا ، وبالطبع **لا يَجوزُ لأحدنا الاعتراض أو المناقشة** ! وقد سمعنا **أنَّ عندهم بيعة** ! **وأنَّهم يدعون إلى الفكر السروري** ، وقد كُنا نتفاجأ أنَّ أخبارنا . سواء كانت صغيرة أم كبيرة . تكون عندهم ، وقد كانوا يتكلمون على المشـايخ الـمعروفين أمثال علي الحلبي وغيره ويتهمـونَهم بالسرقة .. إلـخ ! فنحن نريد أنَّ نعرف عـن هـؤلاء : مَنْ هُم ؟! وما هي طريقتهم؟

**واتە : ئێمە کۆمەڵێك قوتابین خۆمان ناساند بـە هەنـدێك گـەنجی پـاك و چـاك ، وە ئـەو گەنجانـە هەنـدێك دەرسیان پـێدەوتینەوە لە (عەقیدە و فقە و ئەوەی کە پێوستمان پـێی هەبوو) ، وە ئەم کـارە بـەو شـێوەیە بۆ ماوەیەك بەردەوام بوو ، تاوەکو دەنگوباسێك بڵاوبوویـەوە کـەوا هەنـدێك پێمـان دەڵـێن (سـروریەکان) وە ئێمەیش نەماندەزانی کێن (سروریەکان) ! و (سروری)یش واتای چییە ! بۆیە گومانمان لە لا دروسـت بـوو و هەستمان کرد کەوا ئێمە ڕێکخراوین ! چونکە ئەو کەسەی کە دەرسـی پـێدەوتینـەوە لـە پـاش دەرسـەکە بـە نهێنیەکی تەواو دەڕۆیشت و چەندین فەرمانی تازەی بۆ دەهێناین ! وە لە ڕاستیدا ئێمـە بێزاربووبـوین لـە ئـەم فەرمانانە کەوا بە شێوەی (ئەوە بکە ، وە ئەوە مەکە ... هتـد) ! تـا ئـەو ئاسـتەی کـە گلـەیی و سـکاڵاکانی ئێمەیان پـێدەگەیشت ، تەبیعی بۆمانیش نەبوو ڕەخنە بگرین یان موناقەشە بکەین ! وە بیستمان کەوا لای ئەوان بەڵێن (بەیعەت) پـێدان هەیە ! وە بانگەوازیش دەکەن بۆ لای بۆچوونی سروری ! وە ئێمە پێمان سەیر بوو کەوا هەواڵەکانی ئێمەیان ـ چ بچووك بوایەن یان گەورە بە یەکسانی ـ لـە لا بـوو ، وە ئـەوان قسـەیان دەکـرد بـە شێخە ناسراوەکانی وەکو (**علي الحلبي**) و جگە لە ئەویش و توهمەتبارییانیان دەکرد بە دزی ... هتد !**

**ئێمە دەمانەوێت شتێك سەبارەت بە ئەوانە بزانین : کێن ئەوانە ؟ وە ڕێبازیان چییە ؟!**

**وەڵام / (شێخ ئەلبانی)یش لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا فەرمووی :**

٥٤ / وە ئەگەر خراپەیەك ڕوویدا ئەوا بەڕاستی ئەوان هەڵدەچن و بە توندترین شێوە شپرز دەبن و دەشڵێژێن ، وە لە جیاتی ئەوەی کەوا کار بکەن بۆ لابردنی کە چی سەرقاڵدەبن بە تانەدان لە زانایان و بانگەوازکارانی سوننەت بەوەی کەوا ئەمانە ئینکاری ناکەن لە خراپە .

وە لەڕاستیشدا ئینکاری کردن لە خراپە بە ڕێگا شەرعیەکان دەبێت نەك بە ورووژان و هەڵچوون ، تکایە هێمنی هێمنی و لەسەرخۆبن !

---

(**السروريُّون** : هم أتباع مُحمَّد بن سرور ، **وهم مُنظَّمون** ، وهم من خِلال تعاملهم أرى **أنَّهم صوفية عصرية** ، فالصوفيون قديماً كانوا كالعبيد أمام شيوخهم ، ويُطلقون عليهم المريدون ، فلا يَجوز لهم أنْ يتحركوا أيَّ حركةٍ إلاَّ بإذن الشيخ ! ... وأمَّا السرية التي ذكرتَها في سؤالك فلا يوجد في الإسلام سرية ، وبِخاصة في هذه الأيام ، لأنَّ الكافر يُعلن كفره فما الذي يَمنعنا أن نقوم بدعوتنا مجاهرين بِها ؟! ونصيحتي لهؤلاء أن **لا يَحضروا جلساتِهم** ، وإذا آنستم منهم رُشداً واستفدتم منهم عِلماً فصاحبوهم ، **ولكن لا تَتحزبوا معهم** ، **ولا تُفتنوا بِهم** ، وعليكم أن تَحضروا الدروس عند من ترون فيهم اتباعاً للكتاب والسنة فهو خير لكم ـ إنْ شاء الله ـ) .
[الأسئلة الشامية ص : (٣٨ ـ ٤١) ، نقله عن مجموع فتاوى الألباني رقم : (٧١٨٠)] .

واتە : **سروریەکان** : بریتین لە شوێنکەوتوانی (مُحمَّد بن سرور) ، **وە ئەوان ڕێکخراون** ، وە ئەوان لە میانەی مامەڵە و هەڵسوکەوتیانەوە من وا دەبینم **بەڕاستی ئەوان صۆفیی سەردەمیانەن** ، صۆفیەکان لە کۆندا وەکو کۆیلە وابوون لەبەر دەستی شێخەکانیاندا ، وە پێیان دەوترا موریدەکان ، بۆیان نەبوو هیچ جوڵەیەك بکەن ئیللا بە مۆڵەتی شێخ نەبوایەت ! ...

وە ئەو نهێنییەی کە باست کرد لە پرسیارەکەتدا لە ئیسلامدا کاری نهێنی نییە ، وە بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا ، چونکە بێباوەڕ بێباوەڕی خۆی ئاشکرا دەکات ، باشە چی شتێك ڕێگرە لەوەی کە ئێمە هەستین بە بانگەوازەکەمان و ئاشکرای بکەین ؟!

وە ئامۆژگاری من بۆ ئەو کۆمەڵە گەنجە ئەوەیە کەوا **ئامادەی دانیشتنەکانی (سروریەکان) نەبن** ، وە ئەگەر ژیربوون و هۆشکردنەوەتان تێیاندا بەدی کرد و زانستان لێیان بە سوود وەرگرت ئەوا هاوەڵێتیان بکەن ، بەڵام **لەگەڵیاندا کۆنەبنەوە بۆ حزبایەتی و پێیان تووشی فیتنە و سەرلێتێکچوون نەبن** .

وە پێویستە لەسەرتان کەوا ئامادەی دەرسی ئەو کەسانە ببن کە شوێنکەوتنی قورئان و سوننەتیان تێدا دەبینن ، ئەوە چاکترە بۆتان ـ إنْ شاء الله ـ .

**٥٥ / ئەم جەماعەتە چەندین ئامانج و مەبەست و دەستەواژەشیان هەیە بۆ بەدەستهێنان و بەجێهێنانیان ، وە چەندین کتێبی دیاری کراویان هەیە دەیانخوێننەوە ، بۆ نموونە : کتێبەکانی سەید قوتب** "الظلال ، والعدالة الاجتماعية ، ومعالِم في الطريق" ، **وە کتێبی** "المسئولية" **کە هی** (محمد أمين المصري)**ـە ، وە** "الإسلام بين جهل أبنائه وعجز علمائه" **هی** (عبد القادر عودة)**یە ، وە** "الموسوعة الحركية" **هی** (فتحي يكن)**ـە ، وە** "هذا الدين بين جهل أبنائه وكيد أعدائه" **هی** (محمد السيد الوكيل)**ـە ، وە** "المسار ، والمنطلق ، والعوائق ، والبوارق" **هەموویان هی** (محمد أحمد الراشد)**ن ، وە** "حركة النفس الزكية" **هی** (عبدة)**یە ، وە** "معالِم الانطلاقة الكبرى" **هی** (المصري)**ـە ، وە** "جاهلية القرن العشرين ، وقبسات من الرسول" **هی** (محمد قطب)**ـن ، وە** "ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين" **هی** (الندوي)**ـە ، وە** "القيادة" **هی** (جاسم مهلهل ياسين)**ـە ، وە** "الجهاد" **هی** (الندوي)**ـە ، وە** "الجهاد" **هی** (عبد الله عزام)**ـە ، وە** "العلمانية ، وظاهرة الإرجاء"[٢٦] **هی** (سفر الحوالي)**ن ، وە** "غرباء

---

[٢٦] **شێخ ئەلبانی سەبارەت بە کتێبی "ظاهرة الإرجاء" فەرموویەتی : (هذا الكتاب في غاية الرداءة)** [" حوار مع د سفر الحوالي في كتابه ظاهرة الإرجاء " ص : (٤٨ - ٤٩)] .

**واتە : ئەم کتێبە لە ئەوپەڕی خراپیدایە .**

قال الشيخ د. إبراهيم الرحيلي في كتابه "تبرئة الإمام الـمُحدِّث من قول المرجئة المحدَث" ص : (٦ - ٧) : (ومن العلماء الذين رماهُ التكفيريون ببدعة الإرجاء : الإمام العلاَّمة المحدِّث محمد ناصر الدين الألباني رحمه الله ، وكان من أوائل من تكلم فيه ورماهُ بالإرجاء "د / سفر الحوالي" فأخرج كتابه : " ظاهرة الإرجاء " الذي شحنه بالثناء البالغ على سيد قطب ، وبالطعن في الألباني ! حتى قيل : "**نصفه ثناء على سيد قطب ، ونصفه الآخر طعن في الألباني**" .

وإذا تأمل المتأمل حال سيد قطب المنظر الأكبر للتكفير في هذا العصر ، وحال الألباني في تَمسكه بعقيدة السلف والتحذير من التكفير والخروج ، ثُمَّ نظر إلى حال الكتاب واشتمالِهِ على تمجيد هذا والطعن في هذا ، وكذا حال مؤلفه وتأثرهِ بفكر سيد قطب ومنهجه أدرك المتأمل لذلك الباعث الحقيقي على نسبة الألباني للإرجاء .

ولله درُّ العلامة الشيخ محمد بن صالح العثيمين عندما قال في معرض حديثه عن تبرئة الألباني من الإرجاء : **"الرجل رحمه الله نعرفه من كتبهِ وأعرفه بِمجالسته ـ أحياناً ـ سلفي العقيدة ، سليم المنهج ، لكن بعض الناس يريد أن يُكفر عباد الله بِما لَمْ يكفرهم الله به ، ثـُم يدعي أنَّ من خالفه في هذا التكفير فهو مرجئ كذباً وزوراً وبُهتاناً"** .

ثُمَّ شاعت هذه الفتنة ، وطار بِها دعاة التكفير ، وأصبحوا يرددون في مجالسهم وأشرطتهم وكتبهم : أنَّ الألباني مرجئ ، وأنَّ له أتباعاً هم على فكرِ الإرجائي ـ بزعمهم ـ وأطلقوا عليهم : "ألبانيين" ، "مرجئة العصر" ...) .

وقال الإمام الألباني رحمه الله في ردهِ على "د / سفر الحوالي" :

(وإنْ كان اقترن به أحياناً شيء من الغلو والمخالفة والاتهام بالإرجاء ، مع أنَّهُ يعلم أنني أُخالفهم مُخالفةً جذرية فأقول : الإيمان يزيد وينقص ، وإنَّ الأعمال من الإيمان ، وإنه يَجوز الاستثناء فيهِ خلافاً للمرجئة ، ومع ذلك رمانِي أكثر من مرة بالإرجاء) [سلسلة الأحاديث الصحيحة : (٧ / ١٥٣ ـ ١٥٤)] .

وسُئل محدث العصر الإمام المجدد: محمد ناصر الدين الألباني – رحمه الله – عن كتاب : "ظاهرة الإرجاء في الفكر الإسلامي" لسفر الحوالي هل رأيته ؟

قال الشيخ : رأيته ، فقيل له : الحواشي – يا شيخنا – خاصة الموجودة في المجلد الثاني ؟!

فقال الشيخ : كان عندي – أنا – رأي صدر مني يوماً ما منذ نحو أكثر من ثلاثين سنة حينما كنت في الجامعة [الإسلامية] وسئلت في مجلس حافل عن رأيي في جماعة التبليغ ؟

فقلت يومئذ : "**صوفية عصرية**" و الآن خطر في بالي أن أقول بالنسبة لهؤلاء الجماعة الذين خرجوا في العصر الحاضر وخالفوا السلف - وأقول هنا تجاوباً مع كلمة الحافظ الذهبي - خالفوا السلف في كثير من مناهجهم ، فبدا لي أن اسميهم : **خارجية عصرية** ، فهذا يشبه الخروج الآن حين نقرأ من كلامهم - لأنهم في الواقع - كلامهم ينحو منحى الخوارج في تكفير مرتكب الكبائر لكنهم - ولعل هذا ما أدري أن أقول ! – غفلة منهم أو مكر منهم .

وهذا أقوله أيضا من باب قوله تعالى : **﴿وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾** ، ما أدري لا يصرحون بأن كل كبيرة هي مكفرة لكنهم يدندنون حول بعض الكبائر ويسكتون – أو يمرون – على الكبائر الأخرى ، ولذلك أنا لا أرى أن نطلق القول **ونقول فيهم أنهم خوارج إلا من بعض الجوانب** وهذا من العدل الذي أمرنا به .

وقال أيضا عن كتاب ظاهرة الإرجاء : .. وما كنت أظن أن الأمر يصل بصاحبه إلى هذا الحد ... ويبدو أن إخواننا المشايخ في المدينة النبوية كانوا أعرف بهؤلاء منا) [من شريط (السرورية و خارجية عصرية) تسجيلات منهاج السنة] نقلاً عن كتاب : " **حوار مع د سفر الحوالي في كتابه ظاهرة الإرجاء** " ص : (٤٨ ـ ٤٩).

العودة ، وفقه الواقع" **هـی** (ناصر العمر)**ن ، وه** "لا تَحزن" **هـی** (عايض القرني)**ــه ، وه کاسێت و کتێبەکانی** (طارق السويدان) **هەرچەندە زانایـانیش ـ خـوا بیانپارێزێـت ـ موسڵمانایان لـێی وریاکردووەتەوە ، وه جگـە لەمانـەش ! وه خوێندنـەوەی ئـەم کتێبانە بە پێی خشتەیەکی دیاریکراوی پێشنیارکراوە .**

**٥٦ / ئەگەر جەماعەتی ئیخوان لە شوێنێك لـە شـوێنەکاندا هەڵەیـەك بکـەن ـ وەکو ئـەوەی لـە** (کُنَر) **ڕوویـدا کـەوا سـەلەفـیـە موحیـدە یەکخواپەرسـتەکانیان**

---

وهنا أحبُّ أن أنبه إلى بعض الردود التي أفردت في الردِّ على الدكتور سفر الحوالي :

١ / **الدرر المتلألئة** للشيخ محمد ناصر الدين الألباني رحمه الله تعالى فقد استدرك أشياء مفيدة على كتاب (ظاهرة الإرجاء) وكان ينوي ويعزم على أن يراجع ويفصل الردَّ ولكن المنية وافته رحمه الله تعالى وبلغت استدراكاته مئة استدراك وكان قد قرأه على عجالة سريعة وعلّق تعليقاتٍ من رأس القلم فكيف لو فرَّغ له وقته رحمه الله ، وقدَّم للكتاب وأخرجه علي الحلبي.

٢ / **مآخذ منهجية على الشيخ سفر الحوالي** للشيخ ربيع مدخلي حفظه الله.

٣ / **تنبيهات على كتاب ظاهرة الإرجاء** لأنيس المصعبي الإماراتي.

٤ / **سفر الحوالي بين سيد البدعة وناصر السنة** وهي رسالةٌ نافعةٌ موجودٌ في الإنترنت لم يذكر اسم مؤلفها الذي جمع أشياء مفيدةٍ ، وكلماتٍ قديمة وحديثةٍ للدكتور سفر الحوالي تتعلق بطعنه في علمائنا ، وتنقصه لهم.

٥ / **حوار مع د سفر الحوالي في كتابه ظاهرة الإرجاء** إعداد عبد العزيز بن ريّس الرّيس.

٦ / **إعلام الأصحاب بموقف الدكتور سفر بن عبدالرحمن الحوالي من علماء السنة والكتاب** بقلم : أبي إسحاق هشام بن مهدي.

کوشت[٢٧] ـ ئەوا دەڵێن : ئێمە بێدەنگ دەبین و ڕیزی موسڵمانان پارچەپارچە ناکەین ، وە لێبکۆڵنەوە و چاوەڕوانی سەلماندنی بکەن ، وە خۆتان سەرپاڵ بکەن بە زانست و کردارەوە ، وە ئەو کارە ڕاسپێرین بە کەسانێکەوە کە شیاوی ئەوەن ، وە سەر لەخەڵکانی سادە تێك مەدەن ، وە چاوەڕێ دەکەین ، وە

---

[٢٧] **چیرۆکی هێرشکردنی ئەحزابە ئیسلامیەکانی ئەفغانستان بۆ سەر (ئیمارەتی کونەر) و کوشتنی شێخ** (جمیل الرحمان) **و سەلەفییەکان** :

**(ئیمارەتی کونەر)** ناوچەیەکە لە وڵاتی ئەفغانستان ، لەم ویلایەتەوە لە ساڵی (١٩٧٣)دا جیهاد ڕاگەیەنرا دژ بە شیوعیە روسەکان کە لەو سەردەمەدا وڵاتی ئەفغانستانیان داگیرکردبوو ئەمەیش لە لایەن سەلەفییەکانەوە بە سەرکردایەتی (الشیخ جمیل الرحمان أمیر جماعة الدعوة إلی القرآن والسنة) کە لە ساڵی (١٩٦٥)دا دەمەزراوە ، واتە سەلەفییەکان بە سەرکردایەتی (الشیخ جمیل الرحمان) لە پێش هەموو ئەحزاب و جەماعاتە ئیسلامییەکانی (حکمتیار و رباني و سیَّاف)* ئەو وڵاتە دەستیانداوەتە جیهاد و تێکۆشان بەڵام ئەم ڕاستییە رانەگەینراوە و شاردراوەتەوە لە موسڵمانان ، سەرەڕای ئەمە ئەوەبوو لە لایەن حەوت (٧) حزب و جەماعەتی ئیسلامییەوە بە ڕابەرایەتی ئیخوانییەکان و بەسەرکردایەتی (حکمتیار) و برادەرانی هێرشکرایە سەر ئەو ویلایەت و ئیمارەتە سەلەفییە و هەموویان قەتڵ عام کران ، وە لە (٣٠ / ٨/ ١٩٩١)دا بە دەستی چەپەڵی (عبدالله الرومي) کە یەکێك بوو لە (جەماعەتی الإخوان المسلمین) و کەسێکی نزیك بوو لە (عبدالله عزَّام)ەوە (الشیخ جمیل الرحمان)یشان کوشت ، تاوانیشیان تەنها ئەوەبوو کە ئەوان سەلەفی بوون و بانگەوازیان دەکرد بۆ تەوحید و یەکخواپەرستی و شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) و خەڵکیان وریادەکردنەوە لە شیرك و بیدعە و خورافیات و حزبایەتی .

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم باسە ئەوا ئەم سێ کتێبە بخوێنەوە :

١ . **(الصفحات الغرر في الدفاع عن إمارة كُنر)** .

٢ . **(مقتل الشیخ جمیل الرحمان)** للشیخ مقبل بن هادي الوادعي ص : (٢٤ . ٥٨) .

٣ . **(الطریق إلی الجماعة الأم)** للشیخ عثمان عبدالسلام نوح ص : (١٩٠ . ١٩٦) .

* . حکمتیار هو رئیس الحزب الإسلامي الإخواني .

. رباني هو رئیس الجمعیة الإسلامیة الإخوانیة .

. سیَّاف هو رئیس الاتحاد الإسلامي الإخواني .

دوورەپەرێز بن لە ئاشوب و فیتنە و خۆتانی لێبەدوور بگرن ، یان دەڵێن : بەڕاستی ئەوەی کە ڕوویدا ئیجتیهاد بوو ! سُبحان الله ئایا لێدانی بانگەوازی تەوحید بە ستەم و دەستدرێژی کردنەسەری جێی ئیجتیهادە ؟! ئەنجا ئایا فقە و شارەزایتان بۆ واقع لە کوێیە ئەی شارەزایانی ناواقع ؟!

٥٧ / ڕەتکردنەوەی بەرنامەی سەلەف بە چەندین بەڵگەی عەقڵی پووچەڵ ، سەلەف ڕێگریان دەکرد لە دانیشتن لەگەڵ (ئەهلی بیدەع)دا یان گوێ لێگرتنیان ، کە چی ئەوان دەڵێن : ئایا ئەو کەسە بێتە نێو فلانە کۆمەڵەوە (جەماعەتێکی حزبی) باشترە یان لەگەڵ تاوانباراندا بێت ؟! وە دەڵێن : ئایا خەڵکی گوێبگرن بۆ کاسێتەکانی فلانە کەسی "خاوەن هەواوئارەزوو / بیدعەچی" یان گوێبگرن بۆ گۆرانی ؟!

وە هەموو ئەمانەش لە پێناوی تواندنەوەی بەربەستی سڵکردنەوەیە لە بیدعە و حزبایەتی : ئەوان زۆر بە ڕەحمن بە ئەهلی ئەهواء و توونديشن لەسەر ...[٢٨] !

٥٨ / ئەوان لە تاریکاییەکی تووندان و پەڵەیان لەسەر چاوە سەبارەت بە تێگەیشتنی مەزهەبی سەلەف ، بۆیە ئەوان ڕاوبۆچوونیان وایە کەوا بانگەوازکردن

---

[٢٨] بەڵێ بەڕاستی سەرکردایەتی و ئەندامان و لایەنگرانی هەموو ئەحزابی ئیسلامی زۆر بە ڕەحم و نەرمونیانن بەرامبەر بە ئەهلی بیدەع ! ئەوان بەڕاستی نەك هەر بەرپەرچی (بیدعە و ئەهلی بیدەع) نادەنەوە بەڵکو ڕێگری لە (بیدعە و ئەهلی بیدەع)یش ناکەن بەڵکو هەر خۆیان چەندین بیدعە ئەنجام دەدەن و بانگەوازیشی بۆ دەکەن و دۆستایەتیش دەکەن لەگەڵ هەموو بیدعەچییەکدا بەڵکو هاوکاریشیان دەکەن و دەستیان لەگەڵدا تێکەڵ دەکەن دژ بە سەلەفییەکان و ئەهلی تەوحید و سوننە ڕووداوی (ئیمارەتی کونەر) و ئەوەیش کە ڕۆژانە لە واقعی خۆماندا دیبینین لە دژایەتی کردنی سەلەفییەکان و تانە لێدان و بوهتان بۆ کردن و خەڵك چەواشەکردن لێیان و .. و .. هتد بەهێزترین و ڕوونترین بەڵگەی ئەم ڕاستیەن !

بۆ لای مەزهەبی سەلەف و وریاکردنەوە لە بیدەع جیاکەرەوەیە بۆ ڕیزی موسڵمانان ، یان بەرنامەی سەلەف بە پیاهەڵدای فەرمانڕەوایان دەژمێرن ، تەنانەت هەندێك لە "ئیخوانییەکان" لە یەکێك لە "کەناڵە ئاسمانیەکانەوە" وایدەربڕی کەوا تەوبەی کردووە ، ئەنجا خۆی خنکاند لە نێو پیاهەڵدان و ستایش کردنی فەرمانڕەواکەی ، بەڵگەشی ئەوە بوو : ئێمە ئەوەندە و ئەوەندە ساڵ ڕوو بە ڕووی فەرمانڕەوایان (حُکَّام) بووینەوە ئایا چی سوودێکمان بینی ؟ لەبەر ئەوە تەوبەمان کرد ! ئەو تەوبەی کرد لەبەر ئەوەی هیچ سوودێك بەدی نەهات لە بەرنامەی وروژاندنی ئیخوانی ، نەك لەبەر ئەوەی کە پێچەوانەی بەرنامەی سەلەفە !

ئەوان بە بچووك و گەورەیانەوە شارەزاییان نی‌یە بە مەزهەبی سەلەف ئگینا وازیاندەهێنا لە ئەم حزبە (ئیخوان) ، وە لەبەر ئەوە دەیانبینین تووڕە دەبن لە بەرپرچدانەوەی ئەهلی بیدەع و ئەهواء بە بەڵگەیەکی عەقڵی : ئێمە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەداین لەگەڵ بێباوەڕاندا .

وەڵامیش ئەوەیە کە دەڵێین : ئیسلام هەتا ڕۆژی قیامەت بەردەوام لە ڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ بێباوەڕاندا باشە کەواتە ئیتر کەی ئینکاری بکەین لە بیدەع ؟[٢٩]

---

(٢٩) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەو شوبهەیەی حزبیەکان بڕوانە کتێبی (**حزبایەتی لە تێڕوانینی زانایانی ئەهلی سوننەوە**) لاپەڕەی : (٣٥٠ - ٣٦٤) .

وە لە تاریکایی و خراپی تێگەیشتنیان ئەوەیە کە دەڵێن : بەرپەرچدانەوەکان (ڕەد و ڕدود) دڵەکان ڕەق دەکەن ، قسە مەکەن سەبارەت بە بەرنامەی ئەحزابەکان ، گەنجەکان لە ئەم بابەتانە تێناگەن ، ئێمە لە تەوحید تێگەیشتین و شارەزابووین بۆیە پێویست ناکات لە پاش ئەوە دیراسە و توێژینەوەی لەسەر بکەین ، یان ئایا ئێمە موشریکین تاوەکو ئێوە بانگەوازمان بکەن بۆ لای تەوحید و سوننەت و بەرنامەی سەلەف ؟ یان دەڵێن : دە (١٠) دەقیقە بەسە بۆ فێربوونی تەوحید ! یان دەترسین گەنجەکان پاشگەزببنەوە !

دەوترێت : بەڕاستی هەرکەسێك وازتان لێبێنێت ئەوا پاشگەز نابێتەوە بەڵکو ـ إن شاء الله ـ دەگەڕێتەوە بۆ لای مەزهەبی سەلەف و زانست و زانایان .

٥٩ / زاڵبوونی لایەنی نائومێدی و بێهیوایی بەسەر تاکەکانی جەماعەتی ئیخواندا ـ وە هەرکەسێك بڵێت : خەڵکی فەوتاوە ئەوا خۆی لە هەموویان فەوتاوترە[٣٠] ـ چونکە ئوممەت بە لای ئەوانەوە وون بووە و نەماوە[٣١] !

٦٠ / شاردنەوە و داپۆشینی پرسیار و هەواڵەکانی جەماعات لە زانایان[٣٢] ، وە هەروەها شاردنەوە و داپۆشینی فەتواکانی زانایان سەبارەت بە جەماعات[٣٣] !

---

(٣٠) ئەمە ئاماژەیە لە (شیخ أحمد النجمي)ەوە بۆ ئەم فەرموودەیە :

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : ((إِذَا قَالَ الرَّجُلُ هَلَكَ النَّاسُ فَهُوَ أَهْلَكُهُمْ)) [صحيح مسلم رقم : (٦٨٥٠)] .

واتە : ئەگەر پیاوێك بڵێت : هەموو خەڵك فەوتاوە ئەوا خۆی لە هەموویان فەوتاوترە .

(٣١) (ئیخوان موسلمین) وا تێگەیشتوون و تێگەنراون کەوا ئوممەتی ئیسلامی بوونی نییە و ئەوان هەوڵ ئەدەن بۆ هێنانەوەی و زیندووکردنەوەی ! وەك لە کتێبەکانیانەوە : (جاهلية القرن العشرين) وە (الأمة الغائبة)ەوە دەردەکەوێت ! ! !

٦١ / بەدواداچوون بە دوای تاکی ئیخوانیدا لە قۆناغی ناوەدییەوە تا دواناوەندی ، وە لە زانکۆیشدا کەسانێك هەن چاوەڕیی دەکەن ، وە لە پاش دەرچوون لە زانکۆ و تەواوکردنی بەرنامەیەکی شیاوی بۆ ئامادەکراوە بە ناوی : سەرکردایەتی و پەروەردە کردنی گەنجان .

٦٢ / هەرکەسێك پێچەوانەیان بکات لە فەرمانڕەوایان یان نووسەران ئەوا لە پێش ئەوەدایە کە وەسف بکرێت بە عەلمانیەت بە چاوپۆشین لە ڕاستێتی یان پوچەڵێتی وتەکەی.

---

[٣٢] بەڕاستی ئەحزابی ئیسلامی پرسیارە هەستیارەکانیان (وەکو ئەو پرسیارانەی بوارەکانی جیهاد و خروج و حاکمیەت و سیاسەت ... هتد) ئاراستەی زانایانی ئەهلی سوننەی ناکەن ! بەڵکو ئاراستەی سەران و بیرمەندان و ڕابەرەکانی خۆیانی دەکەن ! چونکە دەزانن وەڵامی زانایانی ئەهلی سوننە لەم بوارانەدا بەدڵی ئەوان نییە و لەگەڵ ویست و هەواوئارەزووەکانی ئەواندا نایەتەوە .

هەروەها ئەحزابی ئیسلامی بنەما فیکری و هەڵوێستە عەقەدی و مەنهەجی و ڕاوبۆچوون و ئاراستە و ئامانجە ژێربەژێرەکانی خۆیان وەکو حزب بە ئاشکرا و ڕوونی دەرنابڕن بۆ زانایانی ئەهلی سوننە ! هەروەها حەقیقەتی بەرنامە و ڕاوبۆچوون و هەڵوێستی سەران و ڕابەران و بانگخواز و بیرمەند و ڕیسادانەرەکانی خۆیان بە ئاشکرا و ڕوونی دەرنابڕن بۆ زانایانی ئەهلی سوننە ! هەموو ئەمانەش بە مەبەستی دەرکەوتنی حەقیقەت و ئاشکرانەبوونیانە لە لای زانایانی ئەهلی سوننە بۆ ئەوەی فەزح نەبن !

بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوا خۆیان لە بەرگی ئەهلی سوننە و جەماعە و داکۆکیکار لە بەرنامەی قورئان و سوننەت پیشاندەدەن !!!

[٣٣] شاردنەوە و داپۆشین بەڵکو ڕەتکردنەوە و حیساب نەکردن بۆ فەتواکانی زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە جەماعات و ئەحزابی ئیسلامی بە گشتی و (ئیخوان موسلمین)یش بە تایبەتی نەك هەر یەکێکە سیما و سیفەتەکانیان بەڵکو یەکێکە لە بنەماکانی تەوجیهات و بەرنامەکانیان !

٦٣ / دوورەپەرێزکردن یان سەرقاڵکردنی قوتابی لە هەردوو قۆناغی ناوەدی و دواناوەندیدا لە خێزانەکەیی و کۆمەڵگاکەی ، ئیخوانیەکان "لاوان" لە پاش عەسرەوە دەیبەن و دەمێنێتەوە لە نێو کتێبخانەدا یان جگە لەوێ لە شوێنی چالاکیەکانیان تاوەکو دوای نوێژی عیشا ، بۆ ئەوەی تەلقین بکرێت بە بنەماکان و ڕێنماییەکان و ڕێڕەوەکانی جەماعەتی ئیخوان بە هێمنی و نهێنی فێربکرێت !

(عمر بن عبد العزيز) فەرموویەتی : (إذا رأيتَ قوماً يتناجَوْنَ في دينهم بشيءٍ دونَ العامَّة فاعْلَمْ أنَّهم على تأسيسِ ضلالة) [رواه الإمام أحمد في "الزهد" ص : (٤٠٨)] .

واتە : ئەگەر خەڵکانێکت بینی چپەچپیان دەکرد بە شتێك لە دینەکەیاندا بە بێ ئامادەبوونی خەڵکی گشتی ئەوا بزانە کە بەڕاستی ئەوانە بناياتی گومڕایەتی دەنێن .

بۆیە ئەی گرۆی باوکان و دایکان وریا بن .

٦٤ / ئیخوان شوێنکەوتەکانیان چەواشە دەکەن بەوەی کەوا جیاوازی نییە لە نێوان بانگەوازە سەلەفییەتەکەی پێشەوا و نوێکەرەوە (مُحمَّد بن عبد الوهاب) و بانگەوازەکەی خۆیان !

بۆ نموونە دەڵێن : بانگەوازە چاکخوازیەکان (الدعوات الإصلاحية) بریتین لە :

أ ـ بانگەوازەکەی پێشەوا (مُحمَّد بن عبد الوهاب) .

ب ـ بانگەوازی ئیخوان موسلمین !

وە سوورن لەسەر یەکسانی کردن لە نێوان سەرانی خۆیان و پێشەوایانی سوننەت ، بۆیە دەڵێن : (أحمد بن حنبل ، ابن تيمية ، مُحمَّد بن

عبد الوهاب ، حسن البنا ، سيد قطب !!)[٣٤] وە ناوی سـەرانی خۆیـان دەنـێن بـە : نوێگەرانی پێشەوا !

٦٥ / یەك لە دوای یەك بوون لە سەرکردایەتی کردندا لەگەڵ نهێنیەکی تەواودا ، جا سرۆکی نووسینگە یان کۆمەڵی هوشیاری یان بنکەی هاوینانەیی - بۆ نموونـە - کـەس نازانێت کێیـە تـەنها بەرپرسـی ڕاستەخۆی خـۆی نـەبێت جگـە لەوانـەی سـەرەوەی ، وە ئەمـەش ڕێـڕەوی (سـەید قوتب)ــە هـەروەکو لـە کتـێبی (التاريخ السري)دا لە لاپەڕە (٩٩)دا هاتووە بە مەبەستی کەمکردنەوەی زەرەر و زیانـەکان لـە کـاتی ڕوودانــی لێدانـدا ، وە بـۆ ئـەوەی بتـوانن بڕۆنـە نێـو قـوڵایی ڕژێمـی فەرمانڕەوادا بە بێ ئەوەی بناسرێنەوە .

٦٦ / ئیخـوان موسـلمین خۆیـان دەگـونجێنن لەگـەڵ ئـەو بارودۆخـەی لـە چواردەوریانەوەیە ، جا ئەگەر دەرفەت و فراوانی بە دی بکەن و هەسـت بکـەن بـە بەهێزبوونی خۆیان ئەوا ڕێڕەوە شۆڕشگێڕانە قوتبیەکـەی (سـەيد قوتـب) دەگرنـە

---

[٣٤] بەڕاستی ڕیزکردنی (حسن البنا) و (سيد قطب) کە خاوەنی دەیان هەڵەی گەورەن لە بوارەکانی عەقیدە و مەنهەج و کاری بانگەوازی و هەڵوێستگرتن لە بیدەع و ئـەهلی بیدەعـدا لەگـەڵ پێشـەوایانی ئـەهلی سـوننەی وەکو (أحمد بن حنبل ، ابن تيمية ، مُحمَّد بن عبد الوهاب) گـەورەترین زوڵـم و سـتە و ناعەدالـەتـیـیـەکی ڕوون و ئاشکرایە ! (أينَ الثَّرَى من الثُّرَيَّا) !

(أحمد بن حنبل ، ابن تيمية ، مُحمَّد بن عبد الوهاب) لـە گـەورە زانایـان و پێشـەوایانی ئـەهلی سـوننە و جەماعەن بـە یەکـدەنگی هـەموو زانایـانی ئـەهلی سوننەی سـەردەمی خۆیـان و دوای خۆیـانیش بـەڵکو هـەر سێکیان بە نوێکەرەوە و موجەدیدی ئیسلام دادەنرێن .

بەڵام (حسن البنا) و (سيد قطب) کـێ بە زانای لە قەڵەم داون لە نێو زانایانی ئەهلی سوننەدا ؟!

﴿قُلۡ هَلۡ يَسۡتَوِي ٱلَّذِينَ يَعۡلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ ؟

بـەر لـە تەقاندنـەوە و ڕووبەڕووبوونـەوە و پێکـدادانی توونـدوتیژانـە لـە ژێـر نـاوی "سەلەفـی بوون لە بەرنامەدا و سەردەمی بوونیش

لە ڕووبەڕووبوونەوەدا / سلفية المنهج وعصرية المواجهة"[٣٥] !

وە ئەگەر کاروباریان ئاشکرا بـوو ، وە تـەنگیان پێهەڵچنرا و فشـاریان کەوتـە سەر ئەوا دەگەڕێنـەوە بـۆ ڕێـڕەوە بەننائیەکـەی ڕابـەریان (حەسـەن بـەننا) ، کـە بریتـییە لە کۆپـییەکی تێکدراو لە "توقیەی ڕافیزە" ، جا هەڵدەسن بـە دەربـڕینی ڕێز و حورمەت گـرتن لـە زانایـان ، وە ستایشـکردنی فـەرمانڕەوایان و گوێڕایـەڵی کردنیان و خۆلـێنزیکردنەوەیان ، وە هەوڵـدەدەن بـۆ کۆبوونـەوە بـە چـواردەوری گەورە بەرپرساندا ! لە کاتێکدا کە هەر ماونەتەوە و بەردەوامن لەسەر پرۆگـرام و بەرنامەکەی خۆیان و هەروەها لەسەر دۆستایەتی کردنیان بۆ جەماعەتی ئیخوان ، هەتا (کاتی دیـاری نـەکراو / ساعة الصفر) دێـت ئـەو کاتـە ئەوانـەی کـە لـە نـاخ و دەروونیادایە دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت !

وە نموونە لەسەر هـەردوو ڕێڕەوەکـە : کاسـێتی "فستذكرون ما أقول لكم" کـە هی (سفر الحوالي)ـە[٣٦] ، وە کاسێتی "السكينة السكينة" کـە هـی (ناصر العمر)ە ، وە لە نێوانیاندا جیاوازییەکی گەورە گەورە هەیە !!

---

[٣٥] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (خۆگونجاندنی ئیخوان) و هەروەها (باڵەکانی بیر ئیخوانچێتی) ئەوا بگەڕێرەوە بۆ کتێبی (فـەتوای گـەورە زانایـانی هاوچـەرخی ئـەهلی سـوننە و جەماعـە سـەبارەت بـە حزبایـەتی و ئـەحزابی ئیسلامی) لاپەڕە : (١٠١) بۆ (١٠٦) .

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَـٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّـٰلِمُونَ ۚ ﴾ ﴿٤٢﴾ [إبراهيم] .

واتە : وانەزانن خوا بێئاگایە لەو کارانەی کە ستەمکاران ئەنجامی دەدەن .

٦٧ / ئەگەر خواستی گەنجان بە هێز بوو بۆ عیلمی شەرعی ، ئەوا ئیخوان ڕێگر نابن لە بەستنی خوولی زانستی بۆیان[٣٧] ، وە ئەوانەی کە دەرسی تێدا دەڵێنەوە هەڵدەبژێدرێن !

---

(٣٦) ومثله شريط " حقوق الإنسان " لسلمان بن فهد العودة ، علماً بأنَّ الرجل وبعد خروجه من السجن يُحاول العَودة إلى المفاصلة الشعورية بعد أن تبيَّن له أنَّ المفاصلة الصريحة لا فائدة منها بعد خذلان الأتباع وتفرقهم واشتغالهم بتجارة التمور و العُود الهندي والمجمعات السكنية بمكة .

واتە : هەروەها لە نموونەی ئەوە کاسێتی "حقوق الإنسان" کە هی (سلمان بن فهد العودة)یە ، بۆ زانیاریش ئەم پیاوە لە پاش دەرچوونی لە سجن هەوڵدەدات بۆ گەڕانەوە بۆ لای دابڕانی هەستی دوای ئەوە کە بۆی ڕوون بوویەوە کەوا دابڕانی ڕاشکاوانە سوودی نییە لە پاش پشت لێ کردنی شوێنکەوتوان و پەرتەوازەبوونیان و سەرقاڵبوونیان بە بازرگانی کردن بە خورما و عودی هندی و کۆمەڵگەکانی نیشتەجێبوون لە مەککەدا .

(٣٧) بەڕاستی بەستنی "خوولی زانستی" لە نێو بارەگاکانی حزب و بنکەکانی یەکێتی قوتابیان و لاوان و خوشکان ... هتد هیچی تیابەسەر نییە و تەنها بۆ فریودان و سەرقاڵکردنی " قوتابیان و لاوان و خوشکان "ە بۆ ئەوەی ڕوو نەکەنە لای زانایانی ئەهلی سوننە و مامۆستایانی سەلەفی و بازنەداکانی عیلمی شەرعی نەوەك لێیان هەڵبگەڕێنەوە و پاشگەز ببنەوە و بە هۆی فێربوونی عیلمی شەرعیەوە لە لایەن کەسانی شارەزای خاوەن بەرنامەی ڕاستەوە وازبێنن لە حزبایەتی !

بەهێزترین و ڕوونترین بەڵگەی ئەم ڕاستییە ئەوەیە کەوا : لە نێو ئیخوان و هەموو ئەحزابی ئیسلامیدا تەنها زانایەك یان قوتابیەکی عیلمی هەڵکەوتوی شارەزا لە قورئان و سوننەت بە پێی تێگەیشتنی سەلەف نابینرێت کەوا بە زانیاری و فەتوا ڕاست و ڕەسەنەکانی موسڵمانان فێر و پەروەردە و ئاراستە بکەن !

ئەمەش لە ترسی دەرنەراندنی شوێنکەوتوان و هەروەها بە مەبەستی هەوڵدان بۆ فڕادنی هەندێك لەو تەمەن بچووکانەی کەوا ئامادەی ئەم خوولانە دەبن .

وە هەندێك جار ئەم خوولە ئیخوانیانە بریتین لە لێکدانەوە و شەرح کردنی کتێب و نامیلکە کورتەکانی پێشەوای نوێکەرەوە (مُحمَّد بن عبد الوهاب) رەحمەتی خوای لێبێت لە بابەتی : چاوبەستی کردن و هەڵخەڵەتاندن !

وە ئەم خوولانە دەبەسترێن لە نێو بنکە هاوینەییەکان ، یان لە نێو ئەو مزگەوتەی کە بازنەکانی لەبەرکردنی قورئان دەگرێتە خۆی کە سەر بە ئەوانن ، یان لە نێو کتێبخانەدا ، ئەمەش بۆ ئەوەی گەنجان نەڕۆن بۆ لای زانایان و قوتابیانی عیلم کەوا بە ڕاشکاوی پووچەڵێتی بەرنامەی جەماعەتی ئیخوان دەردەبڕن ، وە ئەگەر یەکێکیان سوور بوو لەسەر ڕۆیشتن بۆ لای زانایان و قوتابیانی عیلم ئەوا پشتی تێدەکەن و وازی لێدێنن و دەڵێن : تۆ تێنەگەیشتووی ، ئامان وریابە لە ڕۆچوون و خنکان لە نێو مەسەلە جوزئی و لاوەکیەکان - مەبەستیان بابەتە زانستیەکانە ! - ، سەرەتا قورئان لەبەر بکە ، ئەگەر لەبەریشی کرد چێی دەڵێن : دوو جار دووبارەی بکەرەوە ... دە جاری تریش دووبارەی بکەرەوە ... هتد بۆ ئەوەی لێیان جیانەبێتەوە ، وە یان دەستنیشانی دەکەن

---

ئەگەر هەن ئەوا داوای ناوەکانیان و بەرهەمەکانیان دەکەین لێتان !! بەڵام مەڵێن : وەکو (حەسەن بەننا) و (سەید قوتب) و (قەرەزاوی) و (سەلمان عوّدە) و (ئەبو بەصیر) و (عبدالرحمن عبدالخالق) و (عبدالمجيد الريمي) و (عەمر خالد) و (مەلا فلان) و (سەيد فلان) و (حاجی فلان) ... هتد !!!

چونکە کەسێك بە (عالِم) یان (طالب علم) دادەنرێت کەوا سوننی و سەلەفی بێت نەك بیدعەچی و حزبی بێت !

وەکو مامۆستای وتنەوەی قورئان بە دەرس ، یان وەکو بەرپرسی کۆمەڵێك بۆ ئەوەی تووشی بکەن بە فیتنەی سەرکردایەتی کردن تاوەکو زانست خواستنی (طلب العلم) لە بیر بچێتەوە و سەرقاڵ ببێت بەو کەسانەوە کە لەگەڵیدان و نەتوانێت ئامادەی لای زانایانی

سوننەت ببێت .

٦٨ / ئیخوان نازناوی "گەنجان" بەکاردێنن بۆ شوێنکەوتەکانیان ، دەڵێن : فلان کەوتوە لەگەڵ گەنجاندا ، یان وازهێناوە لە گەنجان ، یان گەنجان گەشت یان سەردان یان چادرگەیان هەیە ، هەموو ئەمانەش دێچێتە ژێر بابەتی سووبوون لەسەر نهێنی جەماعەتەوە ! چونکە بەڕاستی زاراوی "گەنجان" چاکەکار و خراپکاریشی لەژێردا جیٚدەبێتەوە ، ئەو کاتەش گوێگر نازانێت کیٚی مەبەستە .

وە لە دەستەواژە هاندەرەکانیان : فلانە کەس گەنجێکی بانگخوازیە ، بەلام زاراوەی "قوتابی عیلم / طالب العلم" ئەوا ئیخوان لیٚی دەترسێت .

٦٩ / ئەگەر ڕوبەڕوبوونەوە ڕوویدا لەگەڵ فەرمانڕەوایاندا و لەو کاتەدا کاغەزەکان ئاشکرا بوون ئەوا ئیخوانیەکان هەندێکیان دەستبەرداری هەندێکی تریان دەبن ، وە ئەمەیان تەبەڕا و حاشا دەکات لە ئەوەیان ، وە ئەوەی تریان لە ئەوەی تریان ، لە نموونەکان : دەستبەرداربوونیان بوو - بە شیوخ و بانگخوازەکانیانەوە - لە "قاعیدە"کەیان و سەرکردەکەشی لە پاش ڕووداوەکانی (١١)ی سپتەمبەر ، چونکە ئەمە بووە کاغەزێکی ئاشکرای سووتاو !

٧٠ / ئیخوان بە هێواشی و لەسەرخۆ کار دەکەن بۆ بـەدیهاتنی ئامانجەکـەیان ـ حکومەتە چاوەڕوانکراوەکەیان ـ ، بـەڵام وەکـو خۆیـان دەڵـێن : کاریگەریەکـەی بێگومانە ، لەبەر ئەمە سێ قۆناغیان داناوە بۆ بانگەوازەکەیان :

**قۆناغی یەکـەم** : خۆخۆشـەویست کــردن ، ئەمــەش بە خزمەت کردنی خەڵکی لە ڕێگـەی خزمـەتگوزاریـیە کۆمەڵایـەتـییـەکان و کۆمەڵـەکانی خێـر[٣٨] و ئاهەنگەکان[٣٩] و کۆکردنـەوەی پـارە و شـتومەکە بەخشـراوەکان[٤٠] ، وە ئەگـەر زانایـەك یـان بەرپرسـێك سـەبارەتیان قسـە بكـات ئـەوا لـە خـەڵكانی سـادەی خزمەتکراو "خەڵەتێنراو" کەسانێك دەدۆزنەوە کەوا بەگریان لـێ‌بکات .

**قۆناغی دووەم** : ڕاهێنان ، گەنجان لە نێو چادرگە و سەربازگەکاندا ڕادەهێنـرێن لەسەر چوونەژوورەوەی لەناکاو و چاودێری شـەوانە و دزەکـوژی و تـیرۆر کـردن ،

---

[٣٨] بۆ نموونە ئیخوانەکانی کوردستان لە ڕێگەی یارمەتیدانی هەژاران و یەتیمان و بێوەژنان و پەککەوتوان و دابەشکردنی گۆشتی قوربـانی و کردنـەوەی بنکـەی تەندروسـتی و کۆمەڵـەکانی "إغاثة" و "رابطة" و "سلام" توانیان خۆیان خۆشەویست بکەن بە لای زۆرێك لە موسڵمانانی کوردستانەوە .

[٣٩] سازدانی میهرەجان و کۆکردنەوەی جـەماوەر بـۆ ئامـادەبوونی ئـەو ئاهەنگـە داهێنراوانـەی کـە لـە بۆنـە جۆراوجۆرەکاندا ئەنجام دەدرێن یەکێکە لە دەستەواژەکانی بانگەوازی ئیخوانەکانی هەموو دونیا بە گشـتی و کوردستانیش بە تایبەتی ، وە ئەم ئاهەنگانە مـاڵی ڕاوکردنـی جـەماوەرە بۆیـە ئاهـەنگ واتـە هیـوا و ئـاواتی ئیخوان !!!

[٤٠] ئەحزابی ئیسلامی بە گشتی و ئیخوانەکانیش بە تایبـەتی خێـر و صـەدەقاتە بەخشـراوەکانی موسڵمانان بەکاردێنن لە خزمەت بەرنامە و سیاسەت و ڕاگەیاندنەکانیان بۆ کۆکردنەوەی لایەنگر و جەماوەر بۆ خۆیـان ، بـەڵکو نـەك هـەر بەوەیشـەوە بوەسـتن بـەڵکو تەنانـەت زەکـات و سـەرفیترەش کۆدەکەنـەوە بـۆ خـەرجی و مەسروفاتی بارەگا و بنکە و ڕادیو و تلفزیون و کەناڵەکانیان کە سەدان شتی نـاشەرعی و پێچەوانەی قورئـان و سوننەتیان تێدا ئەنجام دەدرێت و بڵاودەکەرێتەوە !

وە هەندێك جاریش دەنێردرێن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی ڕابهێنرێن لە نێو یەكێك لە مۆڵگەكانیان .

**قۆناغی سێیەم** : ڕووبەڕووبوونەوە ، ئەمەش لە كاتێكدا دەبێت كە هەست دەكەن بە بەهێزبوونی خۆیان و لاوازبوونی حكومەتەكانیان ، جا خوایە بمانپارێزە بمانپارێزە !

وە لە بنەماكانیان بۆ بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستەكانیان : "گەیشتن بە ئامانج دەستەواژە حەڵاڵ دەكات" ، واقعیشیان شاهیدە لەسەر ئەمە[٤١].

لە پاش هەموو ئەم خاڵانە بۆ هەموو كەسێكی خاوەن دین و عەقڵ ڕوون دەبێتەوە كەوا :

بەڕاستی خۆگرتنەوە و بایەخنەدان بە بانگەوازی سەلەفییەت (بانگەوازی پێشەوای نوێكەرەوە محمد بن عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێبێت) و خۆدانەپاڵ ئەم جەماعەتە صۆفیە تەكفیریە "جەماعەتی ئیخوان" ترسناكە لەسەر بیروباوەڕ و ئاسایشتی ئوممەت .

---

[٤١] لا يلزم أن تجتمع كل هذه الصفات في شخص أو مجموعة ، بل قد يوجد بعضها دون بعض ، فإذا تبرأ أحدهم من صفة ففيه باقي الصفات .

واتە : مەرج نییە هەموو ئەم سیفەتانە لە كەسێك یان لە كۆمەڵە كەسێكدا كۆببێتەوە ، بەڵكو لەوانەیە لە هەندێكیاندا هەبێت و لە هەندێكی تریاندا نەبێت ، بۆیە ئەگەر یەكێكیان تەبەڕا و حاشای كرد لە سیفەتێك ئەوا باقی ئەو سیفەتەكانی تری تێدایە .

دەڵێم : ئەمە وەكو تاك تاك و ئەفراد بەڵام وەكو (حزب و جەماعەت و گروپ و تاقم) ئەوا هەموو ئەم سیفەتانەیان تێدایە .

جا پێشنیارە فکری و پێکدادانە خوێناویەکانی ئیخوان چەندین بەڵایان هێنا بەسەر ئوممەتدا لە چەندین وڵاتی ئیسلامیدا : لە سوریا و ئەفغانستان و میصر و جەزائیر ، و .. !!

وە چەندین گەنج خەڵەتێنران لە پێناو خواست و ئاواتە خەیاڵییەکانی سەرکردەکانی "جەماعەتی ئیخوان" ..

چەندین دایك جەرگی سووتا و چەندین باوك غەم دەخوات ؟

حەفتا (٧٠) ساڵ لە جیهادی ئیخوانی نەزۆك دەرئەنجامەکەشی : هیچ نییە ، هیچ نییە ، هیچ نییە[٤٢] ، جگە لە خوێن ڕشتن و وورووژاندی فیتنە و ئاشوب و هەڵچوونی گەلان و دوورخستنەوەی ئەوممەت نەبێت لە بانگەوازی سەلەفییەت و بیروباوەڕی ئەهلی سوننە بۆ لای بەرنامە و بیروباوەڕی جەماعەتی ئیخوان کە بریتی یە لە تێکەڵەیەك لە چەندین مەزهەب و بۆچوونی هەمەجۆر و جیاواز : لە صۆفیگەری و ئەشعەری و ماتوریدی و ڕەوافیز و خەوارج و گۆڕپەرستی... هتد!

---

[٤٢] يتلاعب الإخوان المسلمون بالشباب فيقولون لهم : الطريق طويل طويل ... ، حتَّى يعملوا بدون تفكير ، لأن الطريق طويل ، فإذا مَلَّ الشباب من خُطط الجماعة العقيمة قالوا لهم : ولكن الفجر قريب قريب قريب !!!

واتە : (الإخوان المسلمون) بە گەنجەکان ڕادەبوێرن و پێیان دەڵێن : ڕێگاکە دور و درێژە و دور و درێژە ... ، بۆ ئەوەی بە بێبیرکردنەوە کاربکەن ، چونکە ڕێگاکە دور و درێژە ، وە ئەگەر گەنجەکان بێتاقەت و بێزاربوون لە پلانە نەزۆکەکانی جەماعەتی ئیخوان ئەو کاتە پێیان دەڵێن : بەڵام بەرەبەیان نزیکە و نزیکە و نزیکە و نزیکە !!!

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەم جەماعەتە دەستی هیچ کەسێکی دەستهاوەر ڕەدناکاتەوە[٤٣] ، ئەگینا هەواڵمان بدەنێ کامەیە بیروباوەڕیان ؟ ... وەڵام بدەنەوە : کامەیە بیروباوەڕیان ؟ بیروباوەڕیان بریتی‌یە لە تێکەڵەیەك تێکەڵەیەك تێکەڵەیەك !

ئەو گەنجانە چەند گوناهن ... دەیانبینیت لە سەرگەردانی و دوو دڵی و دڵەڕاوکێدان : دەیانەوێت خزمەتی ئیسلام بکەن بەڵام ئیخوان گومڕایانی کردووە بۆیە دەیانبینیت سەرگەردانن بەڵکو بێسەروبەرانە هەنگاودەنێن و سەر بە هەموو دۆڵێکدا دەکەن .

لەبەر ئەمە داوا لە زانایان و قوتابیانی عیلم و کاربەدەستان دەکەین کەوا هەستن بەوەی کە خوا پێویستی کردووە لەسەریان لە ئامۆژگاری کردن بۆ ئوممەتی (مُحَمَّد ﷺ) ئەوەش بە ڕوون کردنەوەی مەترسی ئەم جەماعەتە و وریاکردنەوەی گەنجان لە بیروبۆچوون و پێنیار و بیروباوەڕە پێچەوانەکانیان بۆ ئەوەی کە ئەهلی سوننە و جەماعە لەسەرین .

ئەی گرۆی چاکەخوازان : ئایا ئەوە بەس نی‌یە بۆ ڕوون کردنەوەی مەترسی ئەم جەماعەتە کەوا ئەو گەنجەی پەیوەندیان پێوە دەکات و دەبێتە لایەنگریان و سەرەکانیان بەگەورە دادەنێت ـ وەکو سەید قوتب ـ و کتێبەکانیانی خوێندەوە ئەوا پاش ئەوە دەبێتە دووژمنی زانایان و کاربەدەستان ، وە خۆی دوورەپەرێز

---

[٤٣] لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کەوا (الإخوان المسلمون) دەستی موزەڕەتی هەموو فیرقە و گروپ و تاقمێکیان پێدەگات و هەر یەکێك لەوانە دەستیان بۆ درێژ بکەن ئەوا ئەمان دەستیان دەخەنە ناو دەستیان و کاریان تێکەڵ دەکەن لەگەڵیاندا !!!

دەکات لە بانگەوازی یەکخواپەرستی کە وڵاتی هەردوو حەرەمی لەسەر بنیات نراوە خوای بیپارێزێت ؟!

ئەو گەنجە بە لاشەی لێرەدایە بەڵام بیروهۆش و دڵی بە دەوری مەرقەدەکەی ڕابەری گشتیدا دەسوڕێتەوە لە میصر ، وە ڕاوبۆچوون و فەتوای لەوێنەوە بۆ دێت نەك لێرە !

بەڕاستی خەڵکی لە سەردەمی (ئیمامی ئەحمەد)دا تووشی فینە و تاقیکردنەوە بوون بە (موعتەزیلە) کە دەیانوت : (قورئان مەخلوقە) ، وە لە سەردەمی (شيخ الإسلام ابن تيمية)دا بە (ئەشاعیرە و ڕافیزە و صۆفیەکان) ، وە لە سەردەمی (ئیمامی محمد بن عبدالوهاب)دا بە گۆڕپەرستان و بیدعەچی و موشریکەکان ، جا ئەو پێشەوایانەش بەرگریان کرد لە بیروباوەڕی سەلەفییەت و تاقیکرانەوە بە تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوانە و خوای گەورەش پێشگیری لێکردن و سەریانی خست .

(وفي زمننا ابتلينا بهذه الجماعات الحزبية : **الإخوان** ، **التبليغ** **التي تتبنَّى العقائد المُخالِفة لمنهج السلف** ...)[٤٤].

وە لەم سەردەمەشماندا تووشی تاقیکردنەوە بووین بەم جەماعاتە حزبییانە : (ئیخوان و تەبلیغ) کەوا **بەرنامەی خۆیان بنیات ناوە لەسەر بیروباوەڕە پێچەوانەکان بۆ بەرنامەی سەلەف** ....

لە کۆتایی ئەم باسکردنی ئەم خاڵانەدا دەپرسم :

---

[٤٤] الرد المُحَبَّر على افتراءات وتلبيسات صاحب المجهر للشيخ النجمي ص : (١٩٧ - ١٩٨) .

ئەگەر ئەحزاب و جەماعاتی ئیسلامی ئەم هەموو هەڵە و سەلبیات و پۆخڵاواتانەیان کەم تا زۆر تێدا بێت ئایا چۆن لە نێو بازنەی ئەهلی سوننە و جەماعەدا جێیان دەبێتەوە ؟!

وەڵامەکەش زۆر ڕوونە !!!

## وەڵامی

## چەواشەکاری و شوبهەیەکی حزبییەکان لەم بوارەدا

زۆرێك لە حزبییەکان بە تایبەت سەرانی حزبایەتی دەڵێن :

ڕاستە ئەم ئەحزاب و جەماعاتە ئیسلامییانە (أخطاء وسلبيات / هەڵە و خراپە)یان تێدایە ، بەڵام خۆ بەم (أخطاء وسلبيات / هەڵە و خراپەیان)ەوە لە بازنەی ئەهلی سوننە و جەماعە دەرناچنەدەرەوە و نابن بە موبتەدیع و بەشێك لە (٧٢) گروپە گومڕاکان (الفِرَق الضالة) !

چونکە تاك و کۆمەڵەکان تەنها بە (أخطاء وسلبيات وانحرافات / هەڵە و خراپە و لادان) لە (أصول) و بنەماکاندا لە بازنەی ئەهلی سوننە و جەماعە دەردەچنەدەرەوە و دەبن بە موبتەدیع و بەشێك لە (الفِرَق الضالة) .

مەبەستی حزبییەکان بەمە ئەوەیە کەوا ئەوانی حزبی خۆ (أخطاء وسلبيات وانحرافات / هەڵە و خراپە و لادانیان) لە (أصول) و بنەماکانی ئەهلی سوننەدا نییە - بە بۆچوونی خۆیان - !

باشە ئیتر بۆ چی و لەبەر چی زانیانی ئەهلی سوننە و سەلەفییەکان دەڵێن : ئەم ئەحزاب و جەماعات و گروپانەی ئەم سەردەمەی ئێستا لە ئەهلی سوننە

نـیــــن و بـەڵکو موبتــەدیعن و درێژبـــوونەوە و بەشێـکــــن لــە (٧٢) گرووپــە گومڕاکان (الفِرَق الضالة) ؟!

## لە وەڵامی ئەم شوبهەیەدا دەڵێم :

ئەم ئەحزاب و جەماعات و گروپانەی ئەم سەردەمەی ئێستا لە ئـەهلی سـوننە نـیــــن و بـەڵکو موبتــەدیعن و درێژبـــوونەوە و بەشێـکــــن لــە (٧٢) گرووپــە گومڕاکان (الفِرَق الضالة) ، چونکە :

**یەکەم** : لە چەندین (أصول) و بنەماکانی ئەهلی سوننە و جەماعـەدا لایانـداوە ، وەك :

١ / بایەخ نـەدان ـ وەکـو پێویسـت ـ بـە بانگـەواز کـردن بـۆ یەکخواپەرستی (توحید الألوهية) و هــەروەها تەوحیــدی نــاو و ســیفەتەکانی خــوا (توحيد الأسماء والصفات) و بە پێچەوانەشەوە زیادەڕەوی کردنیان لـە بـواری حاکمییەتـدا تـا ئـەو ئاستەی کە گەیشـتوونەتە ئـەوەی جـۆرێکی تـر دابهێـنن (إبتـداع بکـەن) بـە نـاوی (توحيد الحاكمية !!!) بەمــەش ئــەوان بــە پێچــەوانەوەی هــەموو زانایــانی ئــەهلی سوننەی پێشین و دوانیشەوە تەوحید دەکـەن بـە چـوار بەشـەوە لـە کاتێکـدا کـە بابەتی حاکمییەت لە ژێر سێ جۆرەکەی تری تەوحیدا جێیدەبێتەوە !

هـەر لەبـەر ئەمـەش ئـەوان وەکـو خۆیـان دەڵـێن زۆر بایـەخ دەدەن بـە (شرك القصور) و سەلەفییەکانیش توهمـەتبار دەکـەن بـە زۆر بایەخـدان بـە (شرك القبور) !!

٢ / دەرچوون لە دەسەڵاتی کاربەدەستانی موسڵمانان و پێکهێنانی (معارضة) و ڕووبەڕووبوونەوەیان بە وتەی سەر مینبەر و دازگاکانی ڕاگەیاندن بە ئاشکرا بە تانە لێدان و لێخوێندن و هاندانی خەڵکانی عەوام دژیان و خۆپیشاندان و بەرپاکردنی شۆڕشی چەکداری و نانەوەی ئاشوب و کوشتار ... هتد !

٣ / خۆ جیاکردنەوە لە موسڵمانان بە ناو و بەرنامە و ئەمیر و ئاڵای تایبەتەوە و (گرێدانی دۆستایەتی و دوورەپەرێزی / عقد الولاء والبراء) بەمانەوە .

٤ / بەیعەت وەرگرتن لە ئەندامەکانیان بۆ سەرکردایەتی حزب ! کە ئەمە تایبەتە بە (وەلی ئەمری موسڵمانانەوە) !

٥ / گوێ نەدان بە ئامۆژگاری و فەتوای زانایانی ئەهلی سوننەی سەردەم و هەروەها تانە لێدان و لێخوێندن دژیان بەوەی کەوا (ئەو زانایانە پیاوی دەسەڵاتدارانن و ئاگایان لە واقع نییە !! و .. هتد)[٤٥] ، هەروەها دوور خستنەوەی خەڵکانی عەوام لێیان !

---

[٤٥] **سودێك :** ئیمامی (القرطبي) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیری ئایەتی ﴿ ... وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ ...﴾دا [سورة الأنعام : ١٥٣] **فەرموویەتی :** (وقد قال بعض العلماء العارفين : **هذه الفرقة التي زادت في فِرَق أمَّة محمَّد (ﷺ) هُمْ : قَومٌ يُعادونَ العُلماء ويُبغضونَ الفقهاء**) (٧ / ١٤١) .

واتە : هەندێك زانای شارەزا و خواناس فەرموویانە : ئەو فیرقەیەی کە زیادی کردووە لە فیرقەکانی ئوممەتی (محمَّد ﷺ) ئەوانە بریتین لە : کەسانێك کە دژایەتی زانایان دەکەن و ڕقیانە لە شەرع ناس و فەقیهەکان .

دەڵێم : ئەگەر وورد ببیتەوە لە بۆچوون و هەڵوێستی (ئیسلامیـیە حزبیـیەکان) بەرامبـەر بـە زانایـان و شەرع ناسان و فقیهەکان و (ئەهلی حەدیث)ی ئەم سەردەمە و براودی بکەیت لەگەڵ ئەم ووتە بە نرخـەدا کـە ئیمامی (القرطبي) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیری ئایەتی ﴿... وَلاَ تَتَّبِعُواْ السُّبُلَ ...﴾ دا گێڕاویەیەتەوە: ئەوا زۆر بە جوانی دەتوانیت حوکم بدەیت بە سەر (حزب و کۆمەڵە ئیسلامیـیە هاوچەرخەکان) کـە ئایا لە (٧٢) حەفتاودوو فیرقە گومڕا بە هیلاکدا چووەکانن یان لە ئەهلی سوننە و فەرموودەن کە شوێن کەوتەی ڕێـگای ڕاسـتن و دەگەڕێنـەوە بـۆ لای زانایـانن و پرسـیارە شـەرعـیـیـەکان تـەنها لـەوان دەکـەن نـەك لـە سەرەنەزانەکان و بانگەوازکارانی حزبایەتی و گومڕایەتی کە بەردەوام دژایەتی زانایان دەکەن و ڕقەبەرایەتیان لەگەڵدا دەکەن و دەیان توهمەت و بوهتانیان بۆ هەڵ دەبەستن ؟!!!

وە (تانەوتەشەر دان لە زانایان و دژایەتی و ڕقەبەرایەتی کردنیـان و بـە چـاکە بـاس نـەکردنیان و دوور خسـتنەوەی خـەڵك لێیـان و نەگەڕانـەوە بـۆ لای ئـەوان) یەکێکـە لـە نیشـانە گـەورەکانی (ئـەهلی بیـدەع و حزبایەتی) لە کۆن و تازەدا :

ئیمامی (أبو حاتم الرازي / ١٩٥ - ٢٧٧ هـ) فەرموویەتی : (علامةُ أهل البدَع الوقيعةُ في أهل الأثر) .

واتە : نیشانەی (ئەهلی بیدەع) ئەوەیە : قسە دەکەن بە (ئەهلی حەدیث و ئەثـەر) .

وە ئیمامی (البربهاري - ت / ٣٢٩ هـ) فەرموویەتی : (إذا سمعتَ الرجل يطعنُ على الآثار ، أو يَردُّ الآثار ، أو يُريدُ غير الآثار ، فاتّهمهُ على الإسلام ، و[] تشك أنَّهُ صاحب هوى مُبتدع) .

واتە : ئەگەر بیستت کەسێك تانە لە فەرموودە و میراتی پێغەمبەر (ﷺ) و سەلەف بـدات ، یـان ڕەدیـان بکاتەوە ، یان غەیری ئەوەی دەوویست ، ئەوا توهمەت باری بکە بەرامبەر بە ئیسلام و هیچ گومانیشت لەوەدا نەبێت کە ئەو کەسە هەڵگری هەوا و ئارەزووە و بیدعەچیە .

وە ئیمامی (إسماعيل الصابوني / ٣٧٢ - ٤٤٩ هـ) فەرموویەتی : (وعلاماتُ أهل البدَع على أهلها باديةٌ ظاهرة ، وأظهرُ آياتهم وعلاماتهم شِدَّةُ مُعاداتهم لحملة أخبار النبي (ﷺ) ، واحتقارهم لهم ، واستخفافهم بهم) [عقيدة السلف أصحاب الحديث ص : ()] .

واتە : نیشانەکانی (ئەهلی بیدەع) بە سەریانە دیـار و ئاشـکرایە ، وە ئاشـکراترین نیشـانەیان : دژایەتی توونديانە بۆ هەڵگرانی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ، وە بێ ڕێزی نواندنیانە بەرامبـەریان و سوکایەتی کردنیانە پێیان .

وە لەبەرامبەریشدا سەرەنەزانەکانی خۆیانیان لێدەبێت بە زانا و موفتی بۆ خواسوڵحاو و ئاگادار لە واقع و گەورەکردنەوەیان بە دەیان نازناوی وەکو (داعیة و مفکر و شهید ...) !!!

**وەکو :** (الشهيد حسن البنا ، الشهيد سيد قطب ، المفكر محمد قطب ، المفكر أبو أعلى المودودي ، الداعية سلمان عودة ، الداعية عمرو خالد ...!!!) !

---

وە ئیمامی (أحمد بن القطان / ١٧٠ ـ ٢٥٦ هـ) **فەرموویەتی :** (ليس في الدنيا مُبتدِعٌ إلاَّ وهو يُبغِضُ أهل الحديث) ، **واتە : بیدعەچییەك نییە لە دونیادا ئیللا ڕقیەتی لە (ئەهلی حەدیث) .**

وە ئیمامی (قتيبة بن سعيد / ١٤٩ ـ ٢٤٠ هـ) **فەرموویەتی :** (إذا رأيت الرجل يُحبُ أهل الحديث فإنَّهُ على السنَّة ، ومَنْ خالفَ هذا فاعلم أنَّهُ مُبتدع) .

**واتە : ئەگەر بینیت کەسێك (ئەهلی حەدیث)ی خۆش دەویست ئەوا ئەو کەسە لە سەر سوننەت و بەرنامەکەی پێغەمبەرە (ﷺ) ، وە هەر کەسێك پێچەوانەی ئەمە بێت ئەوا بزانە ئەو کەسە موبتەدیع و بیدعەچییە .**

* **ئەم وتە بە نەخانە لەم کتێبەوە وەرگیراون :** "لَمُّ الدُّرُّ المَنثور من القول المأثور" لجمال الحارثي ، قرأهُ وراجعهُ فضيلة الشيخ صالح الفوزان حفظهُ الله .

**خوێنەری ژیر و چاوڕۆشن : ئایا ئەگەر کەسێك پێشەوایان و زانایان و (ئەهلی حەدیث)ی ئەم سەردەمەی وەك** (ابن باز والألباني وابن العثيمين ومقبل الوادعي وصالح الفوزان وربيع المدخلي) **خۆش نەوێت و تانەیان لێبدات و بە چاکە باسیان نەکات و هانی خەڵك نەدات بۆ گەڕانەوە بۆ لایان و بە پێشەوا و ڕابەری ئەم ئوممەتەیان نەزانێت بەڵکو بە عەمیل و پیاوی دەسەڵاتدارامدنیان بزانێت و بڵێت ئەمانە بێئاگان لە واقع ! وە بە پێچەوانەیشەوە** (حسن البنا وسيد قطب ويوسف القرضاوي والمودودي وعمرو خالد ... الخ) **بە ڕابەر و زانا و پێشەوا بزانێت ئایا ئەو کەسە حزبییە ئەگەر (بیدعە چی) نەبێت دەبێت چی بێت ؟!!!**

٦ / بایەخ نەدان بە بانگەواز کردن بۆ تەوحید و سوننەت و دژایـەتی نـەکردنی دیاردەکانی شـیرك و بیدعـە[٤٦] دیسـانەوە لەبـەر بەرژەوەندیـەکانی حـزب و ڕازی کردن و ڕاکێشانی جەماوەر بۆ لای حزب !

٧ / بایــەخ نــەدان بــە زانســتی شــەرعی و دوورکەوتنــەوەی خۆیــان و دوورخستنەوەی خـەڵکیش لـە زانایـانی ئـەهلی سـوننە و قوتابیـانی عـیلم چـونکە

---

[46]شێخ (ابن بـاز) فەرموویـەتی : (**حركة الإخـوان الـمسلمين** ينتقدها خواص أهل العلم ، لأنه ليس عندهم نشاط في الدعوة إلى التوحيد وإنكار الشرك وإنكار البدع.

لهم أساليب خاصة ينقصها : عدم النشاط في الدعوة إلى الله ، ودعم التوجيه إلى تصحيح **العقيدة الصحيحة التي عليها أهل السنة والجماعة** ... وكذلك ينتقدون عليهم عدم العناية بالسنة : تتبع السنة والعناية بالحديث الشريف **وما عليه سلفُ الأمة** في الأحكام الشرعية) [مجلة المجلة ، العدد (٨٠٢) صفحة (٢٤) تاريخ (١٤١٦/٢/٢٥) ، نقلاً عن (المجلة السلفية) العدد (٧) ص : (٤٦ ـ ٤٧). ]]

واتە : بزووتنەوەی (الإخوان المسلمين) چەندین زانـای بـەناوبانگ ڕەخنـەیان لـێدەگرن ، چـونکە **هـیچ چالاکییەکیان نییە لە بانگەواز کردن بۆ یەك خوا پەرستی و بەرهەڵستی کردنی هاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە و بەرهەڵستی کردنی بیدعەکان** .

شێوازی تایبەتی خۆیان هەیە کەوا ئەم کەم و کوڕیانەی تێدایە : نەبوونی چالاکی بانگەواز کردن بـۆ لای خوای گەورە ، وە نەبوونی ئاراستەکردن بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو بیروباوەڕە **ڕاسـتەی کـە ئـەهلی سـوننە و جەماعەتی لە سەرە**...

وە هەروەها ڕەخنەی ئەوەشیان لێدەگرن کە گرنگی نـادەن بـە سـوننەت : شـوێنی سـوننەت ناکـەون و گرنگی نادەن بە فەرموودە پیرۆزەکان و ئەو بەرنامەیەی کە سەلەفـی ئوممـەتی لـە سـەر بـووە لـە ئەحکامە شەرعییەکان ...

ئەگەر موسڵمانان نزیك ببنەوە لە زانایانی ئەهلی سوننە و قوتابیانی عیلم و شارەزا ببن لە شەرع ئەوا ناخەڵەتێن بۆ ئەوان و حزبایەتی ناکەن !

وە بە پێچەوانەشەوە بەردەوام سەرقاڵی سیاسەت و کۆبوونەوەی نهێنی(٤٧) و هێنان و بردنن بە بێ ئەوەی هیچ بە هیچ بکەن و خەڵك بە دینە ڕاستەکەی خوا ئاشنا بکەن !

ئەمانە و دەیان بیدعەی تر کە حزبیەکان ئەنجامیان دەدەن و دەستبەرداریان نابن و سوورن لەسەر کردنیان و بانگەوازیشی بۆ دەکەن !

**دووەم** : هەروەها لە چەندین (فروع)یشدا وەك بەرنامە و بانگەواز و ئاراستە و کاری ڕۆژانە پێچەوانەی دەیان دەقی قورئان و سوننەت دەکەن بە بیانووی ئەوەی کە لە بەرژەوەندی حزب و لایانگرانیدا نییە !

وەك حەڵاڵ کردنی دەیان حەرامکراوی شەرعی بە دەقی قورئان و سوننەت لەبەر بەرژەوەندیەکانی حزب و ڕازی کردن و ڕاکێشانی جەماوەر بۆ لای حزب !

---

) (47)عمر بن عبد العزيز رحمه الله) سەبارەت بە کۆبوونەوەی نهێنی دوور لە پێش چاوی خەڵك فەرموویەتی : (إذا رأيتَ قوماً يتناجَوْنَ في دينهم بشيءٍ دونَ العامَّة فاعْلَمْ أنَّهم على تأسيسِ ضلالة) [رواه الإمام أحمد في "الزهد" ص : (٤٠٨)] .

واتە : ئەگەر خەڵکانێکت بینی چپەچپیان دەکرد بە شتێك لە دینەکەیاندا بە بێ ئامادەبوونی خەڵکی گشتی ئەوا بزانە کە بەڕاستی ئەوانە بنایاتی گومڕایەتی دەنێن .

ئاشکرایە کەوا (کۆبوونەوەی نهێنی نێو مەقەڕەکان و باسە تایبەتەکانی نێو حزب) یەکێکە لە دیارترین کار و ڕەفتارەکانی (حزب و کۆمەڵە ئیسلامیەکانی ئەم سەردەمە) !

## زانایانی ئەهلی سوننە دەڵێن :
## حزبی‌یەکان لە (أصول) و بنەواکانی بیروباوەڕ و بەرنامەی ئەهلی سوننە و جەماعە لایانداوە

١ / لە گفتۆگۆیەکدا لە نێوان شێخ (ئەلبانی) و یەکێك لە (سروری‌یەکان)دا شێخ (ئەلبانی) دوای ووتەیەکی ئەو (سروری‌یە) فەرموویەتی : (لي ملاحظتان : وصفتَ الإخوان المسلمين كحزب أنَّهم من أهل السنة ، هذا أولاً .. ثُمَّ قُلْتَ : يقول الشيخ سرور بأنَّ الخلاف في الفروع وليسَ في الأصول ، أنتَ شخصياً مقتنِع بهذا الكلام ؟! ...

هل الإخوان المسلمين كحزب هُم يعني على السنة ؟! ويتقبلونَ السنة ؟!) .

واتە : [لە سەر ووتەکانت] دوو تێبینیم هەیە :

لە ووتەکانتدا وەسفی (الإخوان المسلمين)ت کرد **وەکو** ( **حزب** ) بەوەی کە لە ئەهلی سوننەن ئەمە یەکەم شت !

ئەنجا ووتت : شێخ (سرور) دەڵێت : جیاوازی نێوان (**سەلەفی‌یەکان**) و (**حزبی و جەماعاتە ئیسلامی‌یەکان**) لە بابەتە (فەرعی‌یەکان)دایە نەك لە بابەتە (ئصولی) و (بنەمای‌یەکان)دا بێت !

ئایا تۆ خۆت شەخصی باوەڕ و قەناعەتت بەم قسەیە هەیە ؟

ئایا (**الإخوان المسلمين**) **وەکو** ( **حزب** ) لە سەر سوننەتن ؟! وە ئایا سوننەت وەردگرن و پەیڕەوی دەکەن ؟!!

کابرای (سروری)ش لە وەڵامدا ووتی : (الخِلاف في الأصول ، لكن الشباب الطيبين فيهم : مُلتبَسٌ عليهم ، لا يعرفونَ التفاصيل عنهم فانساقوا معهم وانتضموا في صفوفهم) .

واتە : جیاوازیەکە لە بابەتە (ئصولـی) و (بنەمایەکان)دایە ، بەڵام گەنجە دڵ پاکەکانی نێوانیان : ئەمەیان لێیان تێکدراوە و خەڵەتێنراون ، ئەو گەنجانە ئەم جیاوازیە ووردەکاریانە نازانن و لەگەڵیاندا ڕۆیشتون و پەیوەندیان کردووە بە ڕیزەکانیانەوە .

ئەنجا شێخ (ئەلبانی) پرسیاری لێکرد دەربارەی سەرکردەکان و فەرمووی :

(لماذا تركتَ [ذكرَ] الرؤوس المُوجهين وذكرتَ الشباب ؟ لماذا تركتهم ؟

لماذا لا تتكلمُ عن جماعة القادة الذين يُوجهون هؤلاء الأفراد الطيبي القلوب الذين لو انفصلت الحزبية عنهم لكانوا مع الحق المُبين ؟!

فأنا أقول حينئذٍ : **ليسَ صواباً أنْ يُقال إنَّ الإخوان المسلمين من أهل السنة ، لأنَّهم يُحارِبونَ السنَّة**)[٤٨].

واتە : ئایا بۆ چی وازت هێنا لە باس کردنی سەرکردە ڕێ پیشاندەرەکان و باسی گەنجەکانت کرد ؟ بۆ چی وازت هێنا لە باس کردنی سەرکردەکان ؟ بۆ چی قەسە ناکەیت دەربارەی (جەماعەتی سەرکردایەتی) ئەوانەی کە ڕێ پیشاندەر و ڕێنمایکاری ئەو تاکە دڵ پاکانەن ئەوانەی کە ئەگەر حزبایەتیان لێ جودا بکرێتەوە ئەوا لەگەڵ حەقی ڕووندا دەبوون ؟!!

---

[٤٨] "سلسلة الهُدى والنور" الشريط رقم : (٣٥٦) .

بۆیە ئێستا من دەڵێم : (**ڕاست نییە بوترێت** (الإخوان المسلمين) **لە ئەهلی سوننەن ، چونکە ئەوان دژایەتی سوننەت دەکەن ...**

هەروەها (شێخ ئەلبانی) فەرموویەتی : (**فلا يَجوز** أنْ نقول : الخِلافُ بيننا وبين الإخوان المسلمين فرعي ! **الإخوان المسلمين من أهل السنة ! لا ، هم يُحاربون أهلَ السنَّة** ، ويقولون : دعوتكم . أي الدعوة السلفية . الآن تُفرِّق ! نَحن عاشرناهم في سوريا ...)[٤٩].

**واتە : دروست نییە بڵێین : جیاوازی نێوان ئێمە و** (الإخوان المسلمين) **فەرعییە ! یان بڵێین :** (الإخوان المسلمين) **لە ئەهلی سوننەن ! نەخێر ، چونکە ئەوان دژایەتی ئەهلی سوننە دەکەن ، وە ئەوان دەڵێن : بانگەوازی سەلەفییەتی ئێوە ئێستا تەفریقە دەناتەوە ! ئێمە لەگەڵیاندا ژیاوین لە سوریادا ...**

٢ / **وە شێخ** (زيد المدخلي) **خوا بیپارێزێت فەرموویەتی :** (وأمَّا المنهج السلفي والسلفيَّة والسلفيون فلا يدخلون في هذه الأحزاب ، و[illegible] يَجوز أن يُطلَق عليهم بأنَّهم إحدى تلك الجماعات و[illegible] حزبٌ من الأحزاب المذمومة كما سَمَّاها المغرضون ، وإنَّما هي منهج وعقيدة وعمل ، وا[illegible]نتساب وا[illegible]عتزاء فيه إلى السلف الصالح حق ، وهذه الجماعات لها مؤسسون بينما المنهج السلفي والجماعة السلفية ليس لها مؤسس كالجماعات الأخرى ، وإنَّما هي الأخذ بالوحي الذي جاء به النبي ﷺ ، فلا يَجوز أنْ تُقحَم وتُعتَبر إحدى تلك الجماعات ثُمَّ

---

[٤٩] "سلسلة الهُدى والنور" الشريط رقم : (٣٥٦) ، الوجه (أ) الدقيقة : (٤٨) الثانية : (٣٣) .

تكون عرضة للأخذ والرد والنقد ، بل السلفية هي التي اجتمع عليها الصحابة الكِرام من المهاجرين والأنصار وتبعهم على ذلك التابعون ، وهكذا كلُّ من تأسَّى بِهم ونَهَجَ نَهْجَم فهو من تلك الجماعة ووارثُ تلك الجماعة ويُطلق عليه سلفي وصاحب عقيدة سلفية وإنْ عاش في هذا العصر .

وأمَّا الجماعات الأخرى فكما أسلفت لها مؤسسون ولها بنود ولها مَنهج ، **جُلُّ بنودِه تُخالِفُ منهج السلف الذي يعتمد فيه أهله على الكتاب والسنة** ، لذا ينبغي أنْ نفهم وأنْ نُبينَ للناس بأنَّ هذه الطائفة الناجية المنصورة جماعةٌ واحدة ، وأنَّ الجماعات الوافدة علينا من الخارج بتلك الأسماء والمسميات والمناهج **التي تَختلِف مع منهج السلف علماً وعملاً ودعوةً وجهاداً** لا يَجوز لنا أنْ ندخلَ فيها ولا أنْ ننظر إلى أهلها ولا ندخل في تنظيمها ، فتنظيمها سري **مبني على كثير من الأخطاء التي لا تتعلق بفروع هذا الدِّين** ، **ولكن تتعلق بكثير من أصول هذا الدِّين وفرائض هذا الدِّين وأحكام هذا الدِّين** ، فإنَّ الجماعة واحدة وهي جماعة أهل السنة والجماعة على منهج السلف ﷺ وأرضاهم)[٥٠].

**واتە : بەرنامەی سەلەفی و سەلەفییەت و سەلەفییەکان ئەوا ناچنە نێو ئەم ئەحزابانەوە ، وە جائیزیش نیە پێیان بوترێت ئەمانیش یەکێکن لەو جەماعاتانە و حزبێکن لە ئەحزابە زەمکراوەکان هەروەکو چۆن ناحەزەکان ناویان دەبەن ، بەڵکو سەلەفییەت بریتییە لە بەرنامە و بیروباوەڕ و کردەوە ، وە خۆدانەپاڵ سەلەفی صاڵح و شانازی کردن پێیەوە حەقە ، وە ئەم جەماعاتانە (ئەحزابە ئیسلامییانە) دامەزرێنەریان هەیە بەڵام بەرنامەی سەلەفییەت و جەماعەتی**

---

(٥٠) "العقد المنضد الجديد في الإجابة على مسائل في الفقه والمناهج والتوحيد" ص : (١١٤) وما بعدها ، نقلاً عن : "رسالة إلى منتظم في جماعة الإخوان المسلمين" ص : (٦٦ ـ ٦٧) .

سەلەفی دامەزرێنەری نییە وەکو جەماعاتاکانی (ئەحزابە ئیسلامیەکانی) تر ، بەڵکو سەلەفییەت بریتییە لە وەرگرتنی ئەو وەحییەی کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی ، بۆیە جائیز نییە بئاخنرێتە نێو ئەمانەوە و بە یەکێك لەو جەماعاتانە دابنرێت ئەنجا ڕووبەڕووی لێوەرگرتن و ڕەتکردنەوە و ڕەخنەلێگرتن بکرێتەوە ، بەڵکو سەلەفییەت بریتییە لەو بەرنامەیەی کەوا صەحابە ڕێزدارەکان لە موهاجرین و ئەنصارییەکان لەسەری کۆبوونەوە و تابعینیش شوێنیان کەوتن لەوەدا ، وە بە هەمان شێوە هەر کەسێك کە چاو بکات لە ئەوان و بەرنامەی ئەوان بگرێتەبەر ئەوا ئەویش لەو (جەماعەتەیە) و میراتگری ئەو (جەماعەتەیە) و پێی دەوترێت سەلەفی و خاوەنی بیروباوەڕی سەلەفییەتە ئەگەر چی لەم سەردەمەیشدا بژێت .

بەڵام جەماعاتاکانی تر ئەوا ـ وەکو لە پێشەوە وتمان ـ دامەزرێنەریان هەیە و هەر جەماعاتێك چەندین بەند و بەرنامەی تایبەت بە خۆیی هەیە ، زۆربەی بەندەکانیشی پێچەوانەی بەرنامەی سەلەفە کەوا هەڵگرەکانی تێیدا پشت دەبەستن بە قورئان و سوننەت ، لەبەر ئەوە پێویستە تێبگەین و ڕوونی بکەینەوە بۆ خەڵکی کەوا بەڕاستی ئەم کۆمەڵە ڕزگاربووە سەرکەوتووە تەنها یەك کۆمەڵن (**جماعة واحدة**) ، وە بەڕاستی ئەو جەماعاتانەی کە لە دەرەوە هاتوون بۆ نێومان بەو ناو و ناوەڕۆك و بەرنامانەوە کە **<u>پێچەوانەن لەگەڵ بەرنامەی سەلەفدا لە ڕووی عیلم و کردەوە و بانگەواز و جیهادیشەوە</u>** جائیز نییە بۆ ئێمە بچینە نێویانەوە و پەیوەندی بکەین بە کەسەکانیانەوە و جائیزیش نییە بچینە نێو

ڕێکخستنەکانیانەوە ، چونکە ڕێکخستنەکانیان نهێنین و **بنیات نراون لەسەر زۆرێك لەو هەڵانەی کە پەیوەندیان نی‌یە بە فەرعەکانی ئەم ئاینەوە ، بەڵکو پەیوەندیان هەیە بە زۆربەی بنەماکانی ئەم ئاینە و پایەکانی ئەم ئاینە و ئەحکامەکانی ئەم ئاینەوە** ، بەڕاستی (**الجماعة**) تەنها یەك کۆمەڵە ئەویش بریتی‌یە لە کۆمەڵی ئەهلی سوننە و جەماعە لەسەر بەرنامەی سەلەف خوا لێیان ڕازی بێت و ڕازیشیان بکات .

٣ / وە شێخ (بكر أبو زيد) ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی : (إنَّ إنشاء أي حزب في الإسلام **يُخالفه بأمر كلي أو بجزئيات** لا يجوز ، ويترتب عليه عدم جواز الانتماء إليه ، ولنعتزل تلك الفرق كلها)[٥١].

واتە : بەڕاستی پێکهێنانی هەر حزبێك لە ئیسلامدا کە **پێچەوانەیی بکات لە شتێکی گشتیدا یان لە چەندین بەشدا** دروست نی‌یە ، وە ئەوەش کە بە دوای ئەمەدا دێت ئەوەیە کە دروست نی‌یە ببیتە لایەنگریان و بچێتە ریزیانەوە ، وە با دورەپەرێز بین لە هەموو ئەو فیرقە و گروپانەوە .

وە پرسیارکراوە لە (الشيخ صالح الفوزان) :

هل مَنِ انتمى إلى الجماعات يعتبر مبتدعاً ؟

واتە : ئەگەر کەسێك بچێتە ریزی ئەم جەماعاتانەوە ئایا بەمە بە موبتەدیع دادەنرێت ؟

[٥١] حكم الانتماء إلى الفرق والأحزاب والجماعات الإسلامية ص : (١٥٣) .

**ئەویش لە وەڵامدا فەرموویەتی :**

(هذا حسب الجماعات : فالجماعات **التي عندها مُخالفات** للكتاب والسنة يُعتبر المنتمي إليها مبتدعاً)[٥٢].

**واتە : ئەمە بە پێی جەماعاتەکانە : ئەو جەماعاتانەی کەوا موخالەفات و پێچەوانەیان تێدایە بۆ قورئان و سوننەت ئەوا ئەو کەسەی بچێتە ریزیانەوە ئەوا بە موبتەدیع دادەنرێت .**

**هەروەها پرسیاری لێکراوە :**

هل هذه الجماعات تدخل في الاثنتين وسبعين فِرقَة الهالكة ؟

**واتە : ئایا ئەم جەماعاتانە دەچنە ریزی حەفتاودوو فیرقە بە هیلاکداچووەکاندا ؟**

**ئەویش لە وەڵامدا فەرموویەتی :**

(نعم ، **كل من خالف أهل السنة والجماعة** ممن ينتسب إلى الإسلام **في الدعوة أو في العقيدة أو في شيء من أصول الإيمان** ؛ فإنه يدخل في الاثنتين وسبعين فرقة ويشمله الوعيد ويكون له من الذم والعقوبة بقدر مخالفته)[٥٤].

**واتە : بەڵێ ، هەر کەسێك لەوانەی کە خۆیان دەدەنە پاڵ ئیسلام پێچەوانەی ئەهلی سوننە و جەماعە بکات لە دەعوە و بانگەوازدا یان لە عەقیدە و بیروباوەڕدا یان لە شتێك لە بنەماکانی ئیماندا ئەوا ئەو کەسە دەچێتە ریزی حەفتاودوو**

---

[٥٢] الأجوبة المفيدة على أسئلة المناهج الجديدة ص : (٢٧) .

[٥٤] الأجوبة المفيدة ص : (٣٥) .

فیرقەکەوە و هەڕەشە دەیگرێتەوە و زەم دەکرێت و سـزا دەدرێت بـە ئەنـدازەی پێچەوانە کردنەکەی .

## ناوەڕۆك

**پێشەکی** ........................................................ ٣

زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەی سەردەم ڕاشکاوانە دەڵێن : **حزبایەتی بیدعەیە** دەروازەیەك . ........................................................ ٤

**فەتوای زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەی سەردەم لەم بوارەدا** :

١ / **فەتوای شێخ** (الألباني) **ڕەحمەتی خوای لێبێت** ........................... ٧

(ڕاشکاوانە دەڵێم : حزبایەتی لە ئیسلامدا بیدعە و گومڕاییە) ... (حزبایەتی نییە لە ئیسلامدا) .

٢ / **فەتوای شێخ** (ابن العثيمين) **ڕەحمەتی خوای لێبێت** ........................... ٩

(لە بەرنامەی پێغەمبەر (ﷺ) و جێنیشینە ڕێ ڕاست و هۆشمەندەکانیدا ئەوەی تێدا نییە کە ئوممەتی ئیسلام و موسڵمانان پارچەپارچە ببن بۆ چەند حزبێك)

٣ / **فەتوای شێخ** (مُقبل الوادعي) **ڕەحمەتی خوای لێبێت** ...................... ١١

(ئەم جەماعاتانە (تەبلیغ و ئیخوان) بیدعەن و داهێنراون)

٤ / **فەتوای شێخ** (أحمد النجمي) **ڕەحمەتی خوای لێبێت** ......................... ٢٠

(بەڕاستی حزبایەتی لە بەرنامەی پێغەمبەران نییە بەڵکو حزبایەتی بیدعەیە)

٥ / **فەتوای شێخ** (صالح الفوزان) **خوا بیپارێزێت** .............................. ٢٠

(ئەم جاماعاتە هاوچەرخانەی ئێستا درێژ بوونەوەی ئەو (٧٢) فیرقەیەن)

٦ / **فەتوای شێخ** (بكر بن عبد الله أبو زيد) **ڕەحمەتی خوای لێبێت** ................ ٢٠

(بەڕاستی حزبایەتی بیدعەیەکی خراپە)
٧ / **فەتوای شێخ** (عبد المحسن العبَّاد) **خوا بیپارێزێت** ........................ ٢١
(ئـەم گروپــە جیـاواز و نوێـیانە (التبليغ والإخوان المسلمين) داهێنـراون و لـە سـەدەی چواردەدا لە دایك بوون)
٨ / **فەتوای شێخ** (محمد سعيد رسلان المصري) **خوا بیپارێزێت** ................ ٢٢
(حزبایەتی بیدعەیە و هیچ بەڵگـەیـەك لە قورئان و سـوننەتدا نـەهاتووە دامەزراندنی یـان پێکهێنانی جەماعات و حزبایەتی کردن حەڵاڵ بکات لە ئاینی ئیسلامدا)
٩ / **فەتوای شێخ** (صالح بن سعد السحيمي) **خوا بیپارێزێت** ..................... ٢٣
(هەبوونـی ئەم حزبایەتی و لایەنگیریـیە بۆ جەماعات بیدعەیەکە لـە ئیسـلامدا پێشـینەی نەبووە)

**هەڵە و لاڕێبوون و گومڕاییەکانی ئەحزاب و جەماعاتە ئیسلامیـیەکان بـە گشـتی و جەماعـەتی** (الإخوان المسلمين) **بـە تایبـەتی لـە دیـدی زانایـانی ئـەهلی سـوننەی سەردەمەوە** .................................................... ٢٦
١ / دید و تێروانینی **شێخ** (الألباني) **ڕەحمەتی خوای لێبێت** ............. ٢٧
٢ / دید و تێروانینی **شێخ** (ابن باز) **ڕەحمەتی خوای لێبێت** ................. ٣٤
٣ / دید و تێروانینی **شێخ** (صالح الفوزان) **خوا بیپارێزێت** ............... ٣٧
٤ / دید و تێروانینی **شێخ** (مُقبل الوادعي) **ڕەحمەتی خوای لێبێت** ........ ٣٨
٥ / دید و تێروانینی **شێخ** (حماد الأنصاري) **ڕەحمەتی خوای لێبێت** ......... ٣٩
٦ / دید و تێروانینی **شێخ** (عبد المحسن العبَّاد) **خوا بیپارێزێت** .......... ٤٠
٧ / دید و تێروانینی **شێخ** (صالح آل الشيخ) **خوا بیپارێزێت** ............. ٤٢
٨ / دید و تێروانینی **شێخ** (زيد المدخلي) **خوا بیپارێزێت** ................ ٤٥
٩ / دید و تێروانینی **شێخ** (عبدالله الغديان) **خوا بیپارێزێت** .................. ٥٢

١٠ / دید و تێڕوانینی **شێخ** (صالح بن سعد السحيمي) **خوا بیپارێزێت** ..... ٥٣
١١ / دید و تێڕوانینی **شێخ** (أحمد النجمي) **ڕەحمەتی خوای لێبێت** ........... ٥٧
**ئیخوان موسلمین لە نێو دووڕگەی عەرەبی و کەنداودا** .................. ٦٧
**نیشانەکانی ئیخوان و هەڵوێستیان لە بانگەوازەکە سەلەفیەتیەکەی شێخ** (محمد بن عبد الوهاب) ................................................ ٦٩
**وەڵامی چەواشەکاری و شوبهەیەکی حزبیەکان لەم بوارەدا** ........ ١٢١
زانایانی ئەهلی سوننە دەڵێن : **حزبییەکان لە** (**أصول**) **و بنەواکانی بیروباوەڕ و بەرنامەی ئەهلی سوننە و جەماعە لایانداوە** ........................... ١٢٧
ناوەڕۆک .................................................................... ١٣٤

# ✍ لە بەرهەمەکانی دانەر

١ ـ **سێ بنچینەکەی بیروباوەڕ و بەڵگەکانیان** ـ چاپی چواردەیەم ـ .

٢ ـ **بیروباوەڕت وەربگرە لە قورئان و سوننەت** ـ چاپی بیست و حەوتەم ـ .

٣ ـ **پوختەیەك لە بیروباوەڕی ئیسلامەتی** ـ چاپی چواردەیەم ـ .

٤ ـ **کورتەیەك لە فیقهی سوننەت و قورئانی ئازیز** ـ ئامادە دەکرێت بۆ چاپ ـ .

٥ ـ **برایەتی نێوان موسڵمانان** ... ـ چاپی دەیەم ـ .

٦ ـ **لەگەڵ کێدا دادەنیشیت و هاوڕێیەتی کێ دەکەیت ؟** ـ چاپی نۆزدەیەم ـ .

٧ ـ **چۆنێتی قوربانی کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) ـ چاپی پێنجەم ـ .

٨ ـ **کاتی پارشێو و بەربانگ کردن لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) ـ چاپی شەشەم ـ .

٩ ـ **حوکم و ئادابەکانی قەرزدان و قەرزکردن و قەرزدانەوە** .. ـ چاپی پێنجەم ـ .

١٠ ـ **فەتوای گەورە زانایانی هاوچەرخی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە حوکمی حزبایەتی و جیاوازی و پارچە پارچەگەرێتی** ـ چاپی سێیەم ـ .

١١ ـ **لە ئیسلامدا چەندین گروپ و حیزب نییە بەڵکو کۆمەڵی موسڵمانان و خەلیفە هەیە** ـ چاپی یەکەم ـ.

١٢ ـ **حوکمی کۆمەڵ و حزبە ئیسلامییەکان لە نێو کۆمەڵگای موسلمانانەدا** / فەتوای هەردوو **شێخ : ( ابن باز ) و ( ابن العثيمين )** ـ چاپی یەکەم ـ .

١٣ ـ **ئایا لەم دەرگایەت داوە ؟** (پاڕانەوە لە خوای پەروەردگار) ـ چاپی چواردەیەم ـ .

١٤ ـ **فەزڵ و گەورەیی و حوکمەکانی دە ڕۆژی یەکەمی مانگی حاجیان لە سوننەتی پیرۆزی پێغەمبەردا (ﷺ)** ـ چاپی حەوتەم ـ .

## * زنجیرەی ئافرەت لە سایەی ئیسلامدا :

١٥ ـ **یەکەم** : **ئافرەتان و فێربوونی زانستی شەرعی** ـ چاپی دوانزەیەم ـ .

١٦ ـ **دووەم** : **زانا ترین ئافرەتی دونیا** ـ چاپی دوانزەیەم ـ .

١٧ ـ **سێیەم** : **لە دایك بوونی کچان و سەرهەڵدانەوەی خەصڵەتێکی سەردەمی نەفامی و جاهلی لە سەدەی پێشکەوتووی بیست و یەکدا !!!** ـ چاپی دوانزەیەم ـ .

## * زنجیرەی بابەتە مەنهەجی‌یەکان :

١٨ ـ **یەکەم** : **گەڕانەوە بۆ لای زانایانی ئەهلی سوننە پارێزەرە لە تیاچوون و گومڕابوون** ـ چاپی سێیەم ـ .

١٩ ـ **دووەم** : **لە بناماکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە : خۆشویستنی زانایان و بە چاکە باسکردنیانە** ... ـ چاپی دووەم ـ .

٢٠ ـ **سێیەم** : **زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەی سەردەم دەڵێن : حزبایەتی بیدعەیە** ـ چاپی دووەم ـ .

٢١ ـ **چوارەم** : **جەماعەتی (الإخوان المسلمین) لە تەرازووی شەرع و ژیریدا ، هەڵە و لارێبوون و گومڕاییەکانی جەماعەتی (الإخوان المسلمین) لە دیدی زانایانی ئەهلی سوننەی سەردەمەوە** ـ چاپی سێیەم ـ .

٢٢ ـ **پشکێك لە میراتەکەی پێغەمبەر (ﷺ)** ـ چاپی حەوتەم ـ .

٢٣ ـ **چل فەرموودەکەی نەووی** ( الأربعون النووية ) ـ چاپی شەشەم ـ .

٢٤ ـ **وەڵامی پرسیارە شەرعی‌یەکانی سایتی بەهەشت** ـ چاپی دووەم ـ .

٢٥ ـ **تەفسیری سورەتی فاتیحە** ـ چاپی پێنجەم ـ .

٢٦ ـ (**وانە گرنگەکان بۆ تێکڕای موسڵمانان / الدروس المهمة لعامة الأمة**) ـ چاپی شەشەم ـ .

٢٧ ـ **وتەی زانایانی مەزهەبی ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوایان لێبێت سەبارەت بە کات و شوێن و شێوازی سەرەخۆشی کردن و پرسە و تەعزێ گێڕان** ـ چاپی چوارەم ـ .

٢٨ ـ **تویشووی بانگخواز بۆ لای خوای گەورە** ـ چاپی دووەم ـ .

*** لەو بەرهەمانەی تر کە کاریان بۆ دەکەم :**

ـ **قەلای بیروباوەڕ و یەکخوا پەرستی** ـ وەرگێڕانی چەندین کتێب ـ .

ـ **مەرجەکانی بالا پۆشی شەرعی ئافرەتی موسڵمان و هەندێك بابەتی پەیوەندیداری تریش** .

ـ **چۆنێتی شۆردن و کفن کردن و نوێژ کردن و ناشتنی مردوو / لەگەڵ ئەحکامەکانی تەعزێ و تەعزێباری لە سەردەمی پێغەمبەردا** (ﷺ) .

ـ **باخچەی پیاوچاکان لە فەرموودەی سەروەری پێغەمبەران** (ﷺ) وەرگێڕانی : (رياضُ الصالحين من حديث سيد المرسلين ﷺ) .

﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ ﴾

﴿ رَبِّ أَعِنِّي وَلاَ تُعِنْ عَلَيَّ ، وَانْصُرْنِي وَلاَ تَنْصُرْ عَلَيَّ ، وَامْكُرْ لِي وَلاَ تَمْكُرْ عَلَيَّ ، وَاهْدِنِي وَيَسِّرْ هُدَايَ إِلَيَّ ، وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ بَغَى عَلَيَّ .. اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي لَكَ شَاكِرًا ، لَكَ ذَاكِرًا ، لَكَ رَاهِبًا ، لَكَ مِطْوَاعًا ، إِلَيْكَ مُخْبِتًا أَوْ مُنِيبًا .. رَبِّ تَقَبَّلْ تَوْبَتِي ، وَاغْسِلْ حَوْبَتِي ، وَأَجِبْ دَعْوَتِي ، وَثَبِّتْ حُجَّتِي ، وَاهْدِ قَلْبِي ، وَسَدِّدْ لِسَانِي ، وَاسْلُلْ سَخِيمَةَ قَلْبِي ﴾.